# ئیشراقی فەقێ تەیران

# ئیشراقی فەقێ تەیران

هۆشەنگ شێخ محەمەد یوسف

## دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# ● ئیشراقی فەقێ تەیران

● نووسین: هۆشەنگ شێخ محەمەد یوسف

● نەخشەسازیی ناوەوە: گۆران ڕواندزی

● نرخ: (٤٠٠٠) چوار هەزار دینار

● چاپ: (یەکەم) ٢٠٢٤

● تیراژ: ٥٠٠ دانە

● چاپخانە: هێڤی (هەولێر)

● لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٢٧)ی ساڵی (٢٠٢٤)ی پێدراوە

زنجیرەی کتێب (١١٤٠)

**ماڵپەر:** www.mukiryani.com

**ئیمێل:** info@mukiryani.com

مه ب ئیشراقی سوئالەک ژ لەبێ غونچە گوشا کر
گۆ ب ئیلهامێ دزانی د سوئالا مە جەوابە

مەلای جەزیری

## ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| **بەشی یەکەم:** ناو و مێژووی لەدایکبوونی (فەقێ تەیران) | ٩ |
| ١- ناوی (فەقێ تەیران) | ١٦ |
| ٢- شێخێ سەنعانی | ٢٤ |
| ٣- زەمبیلفرۆش | ٢٦ |
| ٤- بەرسیسێ عابد | ٢٨ |
| ٦- دمدم | ٣٢ |
| **بەشی دووەم:** بنەما گەلی فەلسەفی و سۆفیگەریی ئیشراقی لە بەیتی (هەی ئاڤ و ئاڤ)دا | ٣٤ |
| ١- خوداناسی: | ٣٥ |
| ٢- بوونناسی: | ٣٩ |
| ٣- سەررێژبوونناسی: | ٥٥ |
| ٤- عیشق و حیکمەتناسی | ٦٢ |
| ٥- پێغەمبەرناسی | ٦٦ |
| ٦- ڕامانناسی- (مەعریفەتناسی) | ٧٤ |
| ٧- ئیشراقناسی | ٩٨ |
| ٨- دژناسی | ١٠٠ |
| ٩- بەیتناسیی | ١٠٣ |
| ١٠- فۆلکلۆرناسی و بەرئەنجام | ١٠٦ |
| پاشکۆ | ١١٠ |
| ژێدەر | ١٢٢ |

## پێشەکی

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، هەوڵ دەدەین هەندێک بنەمای ڕێبازی ئیشراقی، لە فەلسەفە و سۆفیگەریی شاعیر (فەقێ تەیران)دا باس بکەین. بە تایبەتی لە بەیتی (هەی ئاڤ و ئاڤ)دا، کە دەقێکی گرنگی فۆلکلۆر و (فەقێ تەیران)ە.

هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ تێگەیشتنە لە شاعیری کورد (فەقێ تەیران)، کە لە سەردەمی خۆیدا توانیویەتی لەنێو هزری ئەفسانەیی و فەرهەنگی میللیدا داهێنان بکات، ڕەهەندێکی فەلسەفی بەم فەرهەنگە ببەخشێت و بەها مەعریفی و مرۆییەکەی بەرزتر بکاتەوە.

(فەقێ تەیرن) لە بەیتی (هەی ئاڤ و ئاڤ)دا، توانیویەتی بنەماگەلی فەلسەفی و سۆفیگەریی ئیشراقی بە ڕوونی پێشان بدات، کە ئیشراقیش فەلسەفە و سۆفیگەرییەکی کوردیی ڕەسەنە. میتافیزیکێکە پشتی بە فەلسەفەی سروشت و خۆرهەڵات و یۆنان بەستووە.

بنەماگەلی ئیشراقی، واتا خاڵگەلی سەرەکی فەلسەفەی ئەفلاتۆنیزمی نوێ، تێگەیشتنی ئەفلاتۆن بۆ (نەفس- ڕەوان) و تیۆری سەرڕێژبوون بۆ پەیدابوونی (بوون) لەلایەنی ئەنتۆلۆژییەوە. هەروەها فەلسەفەی پێش ئەفلاتۆن، واتا فەیلەسووفانی سروشتی لە قۆناغی پێش هاتنی سوکرات. ئەوانەی بنەمای بوونیان بە پێکهاتەکانی سروشت دامەزراند، وەک (تالیس، ئەناکسیمەندەر، ئاناکسیمنس، هیراکلیتۆس، پارمەنیدس و هتد..)

لێرەدا هەوڵ دەدەین بتوانین لەنێو ئەو شتانەی چەندان جار لەبارەی (فەقێ تەیران)دا وتراون، چەند دەستەواژەیەکی نوێ بدۆزینەوە. لێکۆڵینەوەکەمان دەکەینە دوو بەش. لەبەشی یەکەمدا باسی ناو و لەدایکبوون و بەرهەمەکانی (فەقێ تەیران) دەکەین. لە بەشی دووەمدا ئیش لەسەر ناوەڕۆکی بابەتەکەمان دەکەین.

# بەشی یەکەم

## ناو و مێژووی لەدایکبوونی (فەقێ تەیران)

لەبارەی ناو و مێژووی لەدایکبوونی (فەقێ تەیران)دا، سەرچاوەکان بە چەندان ڕەنگ باسی دەکەن، لەوانە:

یەکەم- (صادق بهائەددین ئامێدی) لە کتێبەکەیدا (هۆزانڤانێن کورد)[1] دوای ئەوەی پێشەکییەکی جوان و شاعیرانە لە پەسن و وەسفی (فەقێ تەیراندا) دەنووسێ، دەڵێت هەڤاڵ و یارانی ئەم ناوەیان بەسەردا بڕیوە. بە (فەقێ تەیران) بانگیان کردووە. هەروەها دیاری کردووە، کە پێش ئەم ناوە، بە (فەقێ گەڕۆک) ناودێر بووە. چونکە وەکو فەقێیەکانی سەردەمی خۆی نەبووە، هەیامێکی خۆش لە ساڵێک پتر، یان کەمتر، هەتا نزیکەی شەش مانگانیش لەیەک شوێندا نیشتەجێ نەبووە)[2].

لەوەڵامی ئەوەی بۆچی بە (فەقێ تەیران) ناسراوە؟ دەڵێت:هیچ شتێکی ڕاست و ڕوون نییە باوەڕی پێ بکەین و جێی گومان نەبێت.

---

[1] بڕوانە: صادق بهاءالدین ئامێدی. هۆزانڤانێت کورد. لە چاپکراوکانی کۆڕی زانیاری عێراق. دەستەی کورد. چاپا یەکێ ١٩٨٠ ل ١٧٩

[2] بڕوانە: هەمان سەرچاوە: (بەری بناڤێ فەقێ تەیران بێتە ناڤکرن، بناڤێ فەقێ گەڕۆک یێ ناڤدار بوو. چونکە وەکی فەقێت دی یێت چاخ و دەمێ خۆ نەبوویە، هەیامەکا خۆش ژ سالەکێ پتر یان کێمتر، بێژە خۆ نێزیکی شەش مەها ژی ل درەکێ یان ل جهەکی ئاکنجی بوویە. ل ١٨٠)

زیاتریش لەسەر ئەم بابەتە دەڵێت: میری جەزیرە ناوی (فەقێ تەیران)ی لەسەر داناوە. هەر بەم ناوەش ناودێر بووە. (فەقێ تەیران) بە ناوەکانی (فەقێ گەڕۆک)، (فەقێ هێشەتی) و (فەقێ مکسی)یش ناسراوە. ئەمە جگە لەوەی لەهەندێ هۆزاندا خۆی بە (میم و حێ) کە کورتەی ناوی (محەمەد)ە ناساندووە.

(صادق بهائەددین ئامێدی)، دەربارەی لەدایکبوون و مردنی دەڵێت: گومانی تێدا نییە کە (جزیری) و (فەقێ تەیران) هاودەم و هاوچاخی یەکدو بوون. لەدایکبوونەکەی پێش جزیری و خانی بووە. ئەمەش بەمە دەزاندرێت، چونکە (فەقێ تەیران) لە نێو زۆر لە شیعرەکانیدا مێژووی نووسینی شیعرەکانی دیارن. وەک باس کردنی ساڵی (١٠٣١ کۆچی، کە دەکەوێتە بەرانبەر بە ساڵی ١٦٢١-١٦٢٢ زایینی) و (١٠٤١ کۆچی، لەبەرانبەر ساڵی ١٦٣١-١٦٣٢ زایینی) فەقێ تەیران هێشتا زیندوو بووە.

دووەم- دکتۆر مارف خەزنەدار، لەکتێبەکەی خۆیدا (مێژووی ئەدەبی کوردی)[١]، دەڵێت کە ناوی (محەمەدە) و بە (فەقێ تەیران) ناودێرە، خەلکی قەزای (مۆکس) (مکس Miks)ی دەڤەری هەکارییە، لە دەوروبەری ساڵی (١٥٦٣) لە گوندی (تەیران) لەدایک بووە. ئەم گوندە (تەیران) دەکەوێتە نێوان (مۆکس) و (هیزان)دا.

ئینجا (مارف خەزنەدار) زیاتر دەڵێت (فەقێ تەیران) زۆربەی ژیانی لە (مۆکس) بەسەر بردووە، لە (وەرەزووز) لە ساڵی (١٤٦١) مردووە و هەر لەوێش بە خاک سپێردراوە. پیتەکانی (میم و حێ) ناسناوی ئەم بوونە و لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناون. ڕەنگە مەبەستی

[١] بڕوانە: دکتۆر مارف خەزنەدار. مێژووی ئەدەبی کوردی. بەرگی دووەم. سەدەکانی چواردەم-هەژدەم. ل ١٧١

بچووککردنەوەی ناوی خۆی بێت. دوو پیتی (میم و حێ) لە ناوی (محەمەد) وەرگیراوە. (فەقێ تەیران) لە بەیتی (هەی ئاڤ و ئاڤ)دا، لە دێڕێکدا (میم، حێ و دال) لە ناوی خۆی (محەمەد) بەکارهێناوە: (هەر میم و حێ و دال ببێژ..)

هەر لەهەمان سەرچاوەدا (مارف خەزنەدار) دەڵێت. (ئەحمەدی خانی) شانازی بە سێ شاعیر کردووە، یەک لەوان (فەقێ تەیران)ە. خانی دەڵێت:

کەیفەک وە بدا فەقیهی تەیران
حەتتا ب ئەبەد بمایە حەیران

زیاتریش دەڵێت لە ناوەڕاستی چەرخی نۆزدەم و ناوبانگی (فەقێ تەیران) کەوتۆتە نێو کوردناسیی ئەوروپیدا. (ئەلێکساندەر ژابا) دەڵێت: (فەقێ تەیران) سێیەمین شاعیری کوردە دوای (عەلی هەریری) و (مەلای جزیری) لە باکووری کوردستاندا. (محەمەد فەقێ تەیران) لە قەزای (موکس)ی سەر بە دەڤەری هەکاری، لە باکووری کوردستان ژیاوە. چیرۆکی (شێخێ سەنعان) و (بەرسیس) و (قەلی هەسپێ رەش)ی بە شیعر هۆنیوەتەوە، شیعرەکانی ڕەسەن و بەهێز و جوانن، ناسناوی (میم حێ) بووە.

(مارف خەزنەدار) پتر دەڵێت: گەلێ دەنگوباس لەبارەی (فەقێ تەیران)ەوە هەن و دەڵێن، کە لە چیرۆکی (شیخێ سەنعان)دا نووسراوە، ئەم چیرۆکە لە هۆنینەوەی (میر محەمەد)ە، بە فەقێ تەیران ناودار بووە. ئەگەر میر بێت، دیارە میری (موکس) بووە، چونکە لەو دەڤەرەدا لەدایک بووە، هەر لەوێش ژیاوە. لە لایەکی ترەوە دەڵێن ئەو وەلیی خودا بووە و کەرامەتی هەبووە و زمانی هەموو باڵندە و فڕندەکانی زانیوە!

سێیەم- (عیزەدین مستەفا ڕەسول) لە کتێبەکەیدا (مێژووی ئەدەبی کوردی) بەرگی ئێکەم[1] دەڵێت، مێژوونووس (محەمەد زەکی) لەبارەی (فەقێ تەیران) نووسیویەتی (فەقێ تەیران) خەڵکی ماکۆیە و لەنێوان ساڵانی (١٣٠٨-١٣٧٦ زایینی) ژیاوە. ناوی ڕاستی (محەمەد)ە، دوو کتێبی بەناوبانگی هەن (حیکایەتا شێخێ سەنعان) و (قەولێ ئەسپێ ڕەش). زۆر شیعری نییە و خاوەن شێواز و سروشتی تایبەت بە دەڤەری خۆی هەیە.

(عەلائەدین سەججادی)یش، لە (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا، هەمان شت دەڵێت. دکتۆر (بلەچ شێرکۆ) لە (قەزییا کوردی)دا، دەڵێت هەر وا ناسراوە. هەرچەندە لەوێدا بە (مەحموود) ناوی دەبات، ئەم ناوە لە دوو دێری هۆزانی (گول بەهار)دا هەیە. واتا لەوێدا ناوی بە (مەحموود) هاتووە.

(عیزەدین مستەفا ڕەسول) دەڵێت ڕەنگە ئەم سێ سەرچاوەیە، واتا (محەمەد ئەمین) و (عەلائەدین سەججادی) و (بلەچ شیرکۆ) چووبنە سەر ئینسکلۆپیدیای ئیسلام، ئەمیش ئەم ساڵەی لە کوردناسی (ئەلیکساندەر ژابا) وەرگرتووە، پێش هەمووان نووسیویەتی (محەمەد فەقێ تەیران ١٣٠٢-١٣٠٣ زایینی ١٣٧١-١٣٧٦ زایینی). شیعرەکانی بەناوی (م.ه) بڵاوکردوونەتەوە. لە (موکسێ) لە (تورکیا) لەدایک بووە. داستانی (شێخێ سەنعان) و (حیکایەتی پلنگ) و (حیکایەتی هەسپێ ڕەش) بە پێنووسی ئەو نووسراون.

(عیزەدین مستەفا ڕەسول) پتر دەڵێت، گەلێک لە کوردناسان دەربارەی ئەم مێژووە هەر ئەمەیان کردۆتە بنەما، وەک (ت.

---

[1] بڕوانە: پرۆفیسۆر. د. عیزەدین مستەفا ڕەسول. مێژووی ئەدەبی کوردی. بەرگی یەکەم. ل ٤٨٢

ئەریستۆڤا) و زۆرانی تر، بەڵام (ا.ب.سۆن) ساڵی (١٣٠٧) بە ساڵی لەدایکبوونی (فەقێ تەیران) داناوە و مردنەکەی وەک خۆی هێشتۆتەوە. (مارف خەزنەدار)یش هەروەک ئەوی نووسیوە.

چوارەم- (سەعید دێرەشی) لە (دیوانا فەقێ تەیران)دا دەڵێت (فەقێ تەیران) لە ساڵی (١٥٤٩ زایینی) لە گوندی (وارەزۆر) کە سەر بە قەزای (مکس)ەوەیە لەدایک بووە. لە ساڵی (١٦٣١زایینی) مردووە، لە گوندی (شاندیس) لە قەزای (نەمرا) شاردراوەتەوە.

لێرەدا دەبینین چەندان بۆچوونی جودا لەبارەی ساڵی لەدایکبوون و مردنی (فەقێ تەیران)دا هەن. (عیزەدین مستەفا رەسول) و (سەعید دێرەشی)، هەردووکیان لە نووسینەکانی خۆیاندا، بە درێژی گەڕاونەتەوە سەر بنەمای مێژووی لەدایکبوون و ژیان و مردنی (فەقێ تەیران) لەنێو شیعرەکانی (فەقێ تەیران) خۆیدا. هەردووکیان باس لە کۆتایی بەیتی (شێخی سەنعان) دەکەن، کە دوو جار ساڵی کۆتاییهاتنی نووسینەکەی تۆمارکراوە. جارێک بە ژمارە و جارێک بە پیتەکانی ئەبجەدی:

لەو (میم حێ) صۆت عشقهێ
د دەهصەد و صالا سهێ
مکسی ژ وێ مەی مەستەهێ[1]
تەویل دکەت حکایەتێ

(دەهصەد و سهێ) واتا (١٠٣٠) کۆچی و دەکەوێتە بەرانبەر بە ساڵی (١٦٢١ زایینی).

هەروەها فەقێ تەیران دەڵێت:

---

[1] بڕوانە: سەعید دێرەشی، دیوانا فەقیێ تەیران. ل ١٦

(مەکسی) لە عەشقی سۆتی یە
ئەڤ شعرە لە شێخ را گۆتی یە
حالێ خۆ تێدا گۆتی یە
د (غەین) و (لام)ا هیجڕەتێ [1]

(عیزەدین مستەفا رەسول) پتر دەڵێت (دکتۆر کەمال فوئاد) ئەم (غەین) و (لام)ە، لە دەستنووسی بەرلینیشدا هەیە، بەڵام بەم ڕەنگەیە:

مەکسی ژ عەشقێ سوهتی یە
ئەڤ شەرح ب شێخ ڤەنهتی یە
حالێ خۆ تێ تە گۆهتی یە
ژ غەین و لاما هیجڕەتێ

(سەعید دێرەشی) هەمان دێری بەم جۆرە نووسیوە:

(مکسی) ژ عشقێ صۆهتی یە
ئەڤ قەول ب شەیخ ڤە نۆهتی یە
حالێ خۆە تێدا گۆهتی یە
ژ(غەین) و (لام)ێ هجڕەتێ

دیسان هەردوو سەرچاوەی سەرەوە، هەندێک دێری شیعرەکانی (فەقێ تەیران) دێنن، دەیکەنە بەڵگە لەسەر مێژوو و ژیان و سەردەمی مەلای جزیری، کە لە ساڵی (١٠٣١ کۆچی) لە بەرانبەر بە ساڵای (١٦٢١-١٦٢٢ زایینی) نووسرابن. واتا (فەقێ تەیران) لە کۆتایی چەرخی شازدە و سەرەتای چەرخی هەڤدە ژیابێت.

---

[1] بڕوانە: پڕۆفیسۆر د. عیزەدین مستەفا رەسول. مێژووی ئەدەبی کوردی. بەرگی یەکەم. ل ٤٩٠

(سەعید دێرەشی) باسی دوو بەند دەكات كە بەڵگە بێت لەسەر ئەمەی (فەقێ تەیران) لەساڵی (٩٥٣ كۆچی) لەدایك بووە، كە دەكەوێتە بەرانبەر بە ساڵی (١٥٤٧ زایینی)، بەڵام (سەعید دێرەشی) لە هەمان كتێبدا لە لاپەڕە (١٥) نووسیویەتی: (فەقێ تەیران ساڵی ٩٥٧ كۆچی. بەرانبەر بە ساڵی ١٥٤٩ زایینی، لە گوندی وارەزۆر لە دایك بووە. ساڵی ١٠٤١ كۆچی، لە بەرانبەر ساڵی ١٦٣١ زایینی مردووە). واتا لێرەدا جیاوازی ساڵی لەدایكبوون و مردنی (فەقێ تەیران) بەتەنیا لە نێوان دوو نووسەر و زیاتر جیاواز نین، بەڵكوو لای یەك نووسەریش جیاوازە! دەبینین (سەعید دێرەشی) لە لاپەڕە (١٥)دا دەڵێت: لە ساڵی (٩٥٧ كۆچی) لە بەرانبەر ساڵێ (١٥٤٩ زایینی) لەدایكبووە. بەڵام لە لاپەڕە (١٩) دا دەنووسێت: لە ساڵی (٩٥٣ كۆچی) لەدایك بووە. كە ئەگەر ئەم ساڵە لەبەرانبەر ساڵی زایینیدا دابنێین دەبێتە (١٥٤٧) واتا دوو ساڵ لەگەڵ (١٥٤٩)دا جیاوازە.

هەروەها كاتێ بابەتەكەی (عیزەدین مستەفا رەسول) دەخوێنینەوە، نابینین بە ئاشكرا بڵێت لەم ساڵەدا لەدایك بووە و لەم ساڵەدا مردووە؟!

جگە لەمانە نووسەر (وەصفی حەسەن ڕدێنی) لە كتێبەكەی بەناوی (بەیتا زەمبیل فرۆش)[١] نووسیویەتی: (فەقێ تەیران ١٥٤٩-١٦٤٣) ئەمەش مێژوویێكی دیكەیە!

(سەعید دێرەشی) لە كتێبەكەیدا دەڵێت: ژیانی (فەقێ تەیران) زیاتر لەهەر شاعیرێكی كۆنی كورد دیارترە، بەهۆی ئەوەی لە زۆر شیعرەكانیدا ساڵەكانی نووسینی تۆماركردوون، لەهەندێ جێدا زیاتر ئاوڕی لە ساڵی لەدایكبوونی خۆی داوەتەوە.

---

[١] بڕوانە: وەصفی حەسەن ڕدێنی، بەیتا زەمبیل فرۆش. ل ١٩

پێنچەم- (محەمەد عەلی صویرکی)[1] دەڵێت: (فەقێ تەیران)ناوی محەمەد هەکارییە. خەڵکی مکسە و لە ساڵی (١٥٦٣زایینی لە دایکبووە و لە ساڵی ١٦٣٩زایینی مردووە.)

شەشەم- لە ساڵی (٢٠١٧) دەنگوباسێک بڵاوبوویەوە، کە نووسەر (خالید سادینی)گۆڕی (فەقێ تەیران) دۆزیوەتەوە، دەڵێت: (فەقێ تەیران) لە هۆزانی (دلۆ ڕابە)دا، مێژوویی لەدایک بوونی خۆی نووسیوە، کە ساڵی (٩٧١ کۆچییە بەرانبەر بە ساڵی١٥٩٠ زایینی). هەرچەندە بۆچوونی جیاواز لەسەر مێژووی مردنی هەبوون، بەڵام دوای دۆزینەوەی گۆڕەکەی مێژووی مردنی دەبێتە ساڵی (١٠٤١ کۆچی لە بەرانبەر ساڵی ١٦٦٠ زایینی[2].)

لەگەڵ ئەمەشدا، هێشتا ناتوانین ساڵی لەدایکبوون و مردنی (فەقێ تەیران) بە ڕاستی و بێ گومانکردن بزانین؟!

**١- ناوی (فەقێ تەیران)**

ناوی (فەقێ) لە زمانی کوردیدا، وەک لە فەرهەنگی (خاڵ)دا هاتووە: (فەقێ: قوتابییەکە لە مزگەوت دا بخوێنێ)[3] لە فەرهەنگی (کوردستان)دا هاتووە: (فەقێ: زانستخوا، دانشتخوا، قوتابییەکە لە مزگەوتێ بخوێنێ)[4] و (هەژار) لە فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە)دا دەڵێت: (فەقێ):

---

١ بڕوانە: الدکتور محمد علي الصويرکي. معجم اعلام الکرد. ص ٥٤٢

٢ بڕوانە: ماڵپەڕی (http://www.historyofkurd.com ) کە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٨/١٠ وەرگیراوە.

٣ بڕوانە: فەرهەنگی خاڵ ل ٣١٨

٤ بڕوانە: فەرهەنگی کوردستان ل ٦٦٧

(فەقە. طلبە) فەقێتی: ڕۆژگاری طەڵەبەیی، ڕۆژگاری خوێندن لای مەلا)[1].
هەروەها جگەلە ناوی (فەقێ) گەلێک ناوی گوند هەن وەک فەقێیان، فەقێ میرزا)[2]

لێرەدا پرسیارێک بۆ من دروست دەبێت: (ئەرێ فەقێ ناوێکی کوردییە، یان عارەبییە؟) پێوەندی نێوان (فەقێ و فیقە) بە (فیقهی) عارەبییەوە چییە؟ (فەقیهی) زمانی عارەبی لە (فیقهەوە) هاتووە، واتا (تێگەیشتن و زانین). (فەقیهیش) دەبێتە (تێگەیشتوو و زانا)، بەڵام (فەقێ) لە حوجرە و مزگەوتاندا، بۆ ئەو خوێندکارانە بەکاردێت، کە تازە دەست بە خوێندن دەکەن، هێشتا نەبوونەتە زانا، ئەوانەن کە تازە ڕێی زانست دەگرن. بۆیە ناوی (فەقێ) لە زمانی کوردیدا، واتای (تەڵەبە، خوەندەکار، فێرخواز) دەدات، نەوەک زانا. واتا (فەقێ تەیران) واتا (تەڵەبەی تەیران). واتا لە تەیران فێر دەبێت، دەرس و وانەیان لێ وەردەگرێت:

خانی شیعرێکی هەیە تێیدا دەڵێت:

من دی عەلەما کەلامی مەوزوون
عالی بکرا ل بانی گەردوون
بێناڤە ڕووحا مەلێ جزیری
پێ حەی بکرا عەلی حەریری
کەیفەک وە بدا فەقیهێ تەیران
حەتتا ب ئەبەد بمایە حەیران

---

[1] بڕوانە: فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە ل ٥٢٦

[2] بڕوانە: هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە

لێرەدا لەگەڵ هەبوونی پیتی (هێ) لەگەڵ ناوی (فەقیهێ تەیران)، ناوی (فەقێ) و (فەقیهێ) نزیکی یەکتر دەبن. لە زمانی کوردیدا تیپی (هێ) لە نێو گەلێک ناواندا و لەهەندێک جێیاندا گۆ دەکرێت و لەهەندێک جێی تریشدا گۆ ناکرێت. بۆ نموونە (قەهرەمان: قارەمان. پەهلەوان: پالەوان. سوهرەوەردی: سوورەوەردی. شەهرەزووری: شارەزووری و هتد..،) ئەمەش جێگەی پرسیارە، ئەرێ ئەم (هێ)یە لە کوردی کۆندا هەبووە، تا ئێستاش لە هەندێ ناو و وشەدا ماوە، ئایا لە ناوی (فەقیهدا) چ لە ڕامانی ئەم ناوە ناگۆڕێت؟! لەهەندێک سەرچاوەدا ناوی (فەقێ تەیران) بە ناوی (فەقەهی تەیران) دێت. هەبوونی ئەم ناوەش پتر نێزیکی (فەقێ) لە (فەقەه و فیقه) پێشان دەدات.

زۆربەی سەرچاوەکان لە بارەی ناوی (فەقێ تەیران)ەوە، پێشبەرییەکی نالۆژیکی پێشکەش دەکەن، بەوەی ناوی (فەقێ تەیران) لە زانین و تێگەیشتنی زمانی باڵندەکانەوە هاتووە! دیارە ئەم پێشبەرییە بۆ بەرزکردنەوەی (فەقێ تەیران)ە وەک کەسێکی سۆفی و زانایەکێ دینی، تا پایەی بڵند بێت، وەک عارفێکی خاوەن (کەرامات) پێشان بدرێت. هەرچەندە دەبێت ئەم بەرزکردنەوەیە لەسەر ئاستی میللی شتێکی باوەڕپێکراو و قبووڵکراو بێت، بەڵام لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا وەرناگیرێت. بۆیە دەبێت لە لایەنی زمان و زاراوەوە، هەروەها وەک چەمکیش لێی بکۆڵینەوە.

لە زمانی عارەبیدا وشەی (فەقێ) بۆ تەڵەبەکانی حوجرە بەکار نەدەهات. بەڵکوو لە فەرهەنگەکانی زمانی عارەبیدا هاتووە[1] وشەی

---

[1] بڕوانە: (كُتّاب: (اسم) الكُتَّابُ : مكانٌ صَغيرٌ لتعليم الصِّبيان القراءَة والكتابة وتحفيظهم القرآن والجمع : كَتاتِيبُ

(کوتابی) واتا (قوتابی) بەکار دەهات. ئەم ناوەش لە ناوی (کوتتاب) وەرگیراوە. مەبەست لێی جێگەی خوێندن بوو. جێگەیەکی بچووک بۆ فێربوون و خوێندنەوەی قورئان بوو. هەر لەبەر ئەمە پێوەندی نێوان ناوەکانی (فەقێ)ی کوردی و (فەقیهی) عارەبی، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاترە.

هەر بۆ زانین ناوی (قوتابی) لە زمانی کوردیدا لە وشەی (کوتابی)ی عارەبی نێزیکترە. لە ئەسڵ و بنەڕەتی وشەی (کت یا قت) بە واتای (کتاب) هاتووە! بنەچەی وشەی کتاب لە وشەی (قط)ی زمانی (نەبەطی) هاتووە.

(قط: الكلمة في الأساس نبطية. ومعناها في العربية: كتاب. (وقَالُوا رَبَّنَا عَجِّل لَّنَا قِطنَا قَبْلَ يَوْمِ الْحِسَابِ.)[1]

بۆیە کورد ناوی (قوتابی یا کوتابی) بۆ تەڵەبکارانی زانستەکانی دین بەکارنەهێناوە، بەڵکوو ناوی (فەقێ)ی بەکاربردووە. ناوی (قوتابی) تەنیا بۆ خوێندن و فێربوونی قوتابخانەیی بەکارهاتووە. کە لەفەرهەنگی کوردیدا نوێیە و ناوی (فەقێ) کۆنترە.

بەڵام ناوی (تەیران) کە کۆی ناوی (تەیر)ە و بە واتای باڵندەوە دێت. ناوێکی سەرنجڕاکێشە، کە مرۆڤ بیکاتە پاشناوەکەی؟! یان لە

---

جمع كتاتيبُ: مكان صغير لتعليم الصّبيان القراءةَ والكتابةَ، وتحفيظهم القرآن اعتاد صبيانُ القرية الذهاب إلى الكُتّاب

جمع: كَتَاتِيبُ يَتَعَلَّمُ فِي الكُتَّابِ : مَوْضِعُ التَّعْلِيمِ الأَوَّلِيِّ، وَيُطْلَقُ خَاصَّةً عَلَى مَدَارِسِ تَعْلِيمِ القُرْآنِ وَتَحْفِيظِهِ

[1] سوورەتی صاد ئایەتی ١٦ وقوله (وَقَالُوا رَبَّنَا عَجِّلْ لَنَا قِطَّنَا قَبْلَ يَوْمِ الْحِسَابِ ) يقول تعالى ذكره: وقال هؤلاء المشركون بالله من قريش: يا ربنا عجل لنا كتبنا قبل يوم القيامة. والقطّ في كلام العرب: الصحيفة المكتوبة، ومنه قول الأعشى:

وَلا المَلِـكُ النُّعْمَــانُ يَـوْمَ لَقِيتُـهُ

بِنِعْمَتِــهِ يُعْطِــي القُطُـوطَ وَيـأْفِقُ (١١) يعني بالقُطوط: جمع القط وهي الكتب بالجوائز.

لایەن کەسانی ترەوە وەک شۆرەت و ناوبانگ بە مرۆڤەوە بدرێت؟!
ناوی (تەیر) لە ئەفسانە و ئەدەبیاتی کوردی و ئێرانی و خۆرهەڵاتی سەیر و نامۆ نییە، بە تایبەتی لە ئەدەبیاتی سۆفیگەری و دینیدا.

(ئبن سینا ٩٨٠-١٠٣٧ز) نامەیەکی بەناوبانگی هەیە بە (نامەی باڵندە) ناودێری کردووە. ئەم (نامەی تەیر)ەی ئبن سینا، کاریگەری زۆری لەسەر سۆفی و فەیلەسووفی کورد (سورەوردی ١١٥٥-١١٩١ز) هەبووە. تا ڕادەی ئەوەی بۆ سەر زمانی فارسی وەریگێڕاوە. سوورەوەردی خۆیشی چیرۆکێکی ڕەمزی گرنگی هەیە بە ناوی (چریکەی سیمرخ). هەروەها ناوی (باڵندە) و واتای باڵندە لە چیرۆکەکانیدا ڕەمز و هێمایە بۆ بیرکردنەوەی فەلسەفی و سۆفیگەرییەکەی. دەبینین لە چیرۆکەکانیدا ناوی باڵندەکانی وەک (باز، پەپووسلێمان، شالوور، سیمرخ، تاووس، شەمشەکوێرە، سمەندەر و هی تریش) بەکار دەهێنێت.

لە کتێبی (منطق الطیر)ی (فەریدەدینی عەتتاردا ١٢٢١-١١٤٢ز) گرنگی و بەهای (تەیر)، لە ئەدەبیات و بیرکردنەوەی سۆفیگەریدا دەردەکەوێت. لە سۆفیگەریدا (تەیر) ڕێبەر و ڕێپیشاندەرە بۆ ڕاستی و زانین و مەعریفەوە. (تەیر) بە بەردەوامی لە ئەدەبیاتدا کەرەستە و ڕەمزێکی زیندوو و کاریگەرە. چونکە (تەیر) هەردەم ڕێگەی زانست و ڕاستی و هەق دەگرێت.

ئەگەر تەماشای باڵندەی (تاووس) بکەین لە دینی یەزیدیدا، دەبینین جێیەکی بەرزی هەیە. بنەمای دینی یەزیدییە. ڕەمزە بۆ سەرۆکی فریشتان و گەورەترین عاشق و بڵندترین نوور و ڕووناکییە. یەکەم ڕووناکییە کە لە یەزدانەوە دەرچووە. (تا- ووس) واتا (نووری – خودا)

هەر لەبارەی گرنگی تەیر لە دیندا، ئەگەر تەماشای دینی ئیسلام بکەین، دەبینین ناوی تەیر گرنگی خۆی هەیە و لە قورئاندا (٢٥) جاران ناوی هاتووە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. وَلَحْمِ طَيْرٍ مِمَّا يَشْتَهُونَ ﴿٢١ الواقعة﴾
٢. قَالَ فَخُذْ أَرْبَعَةً مِنَ الطَّيْرِ فَصُرْهُنَّ إِلَيْكَ ﴿٢٦٠ البقرة﴾
٣. أَنِّي أَخْلُقُ لَكُمْ مِنَ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ ﴿٤٩ آل عمران﴾
٤. فَأَنْفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيْرًا بِإِذْنِ اللَّهِ ﴿٤٩ آل عمران﴾
٥. وَإِذْ تَخْلُقُ مِنَ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ بِإِذْنِي ﴿١١٠ المائدة﴾
٦. فَتَنْفُخُ فِيهَا فَتَكُونُ طَيْرًا بِإِذْنِي ﴿١١٠ المائدة﴾
٧. وَمَا مِنْ دَابَّةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلَّا أُمَمٌ أَمْثَالُكُمْ ﴿٣٨ الأنعام﴾
٨. وَمَا مِنْ دَابَّةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلَّا أُمَمٌ أَمْثَالُكُمْ ﴿٣٨ الأنعام﴾
٩. أَلَا إِنَّمَا طَائِرُهُمْ عِنْدَ اللَّهِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٣١ الأعراف﴾
١٠. وَإِنْ تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ يَطَّيَّرُوا بِمُوسَى وَمَنْ مَعَهُ ﴿١٣١ الأعراف﴾
١١. إِنِّي أَرَانِي أَحْمِلُ فَوْقَ رَأْسِي خُبْزًا تَأْكُلُ الطَّيْرُ مِنْهُ ﴿٣٦ يوسف﴾
١٢. وَأَمَّا الْآخَرُ فَيُصْلَبُ فَتَأْكُلُ الطَّيْرُ مِنْ رَأْسِهِ ﴿٤١ يوسف﴾
١٣. أَلَمْ يَرَوْا إِلَى الطَّيْرِ مُسَخَّرَاتٍ فِي جَوِّ السَّمَاءِ ﴿٧٩ النحل﴾
١٤. وَكُلَّ إِنْسَانٍ أَلْزَمْنَاهُ طَائِرَهُ فِي عُنُقِهِ ﴿١٣ الإسراء﴾
١٥. وَسَخَّرْنَا مَعَ دَاوُودَ الْجِبَالَ يُسَبِّحْنَ وَالطَّيْرَ ﴿٧٩ الأنبياء﴾
١٦. وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ السَّمَاءِ فَتَخْطَفُهُ الطَّيْرُ ﴿٣١ الحج﴾
١٧. أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يُسَبِّحُ لَهُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالطَّيْرُ صَافَّاتٍ كُلٌّ قَدْ عَلِمَ صَلَاتَهُ وَتَسْبِيحَهُ ﴿٤١ النور﴾
١٨. وَوَرِثَ سُلَيْمَانُ دَاوُودَ وَقَالَ يَا أَيُّهَا النَّاسُ عُلِّمْنَا مَنْطِقَ الطَّيْرِ ﴿١٦ النمل﴾
١٩. وَحُشِرَ لِسُلَيْمَانَ جُنُودُهُ مِنَ الْجِنِّ وَالْإِنْسِ وَالطَّيْرِ ﴿١٧ النمل﴾
٢٠. وَتَفَقَّدَ الطَّيْرَ فَقَالَ مَا لِيَ لَا أَرَى الْهُدْهُدَ ﴿٢٠ النمل﴾
٢١. قَالُوا اطَّيَّرْنَا بِكَ وَبِمَنْ مَعَكَ ﴿٤٧ النمل﴾
٢٢. قَالُوا اطَّيَّرْنَا بِكَ وَبِمَنْ مَعَكَ قَالَ طَائِرُكُمْ عِنْدَ اللَّهِ ﴿٤٧ النمل﴾
٢٣. وَلَقَدْ آتَيْنَا دَاوُودَ مِنَّا فَضْلًا يَا جِبَالُ أَوِّبِي مَعَهُ وَالطَّيْرَ ﴿١٠ سبإ﴾
٢٤. قَالُوا إِنَّا تَطَيَّرْنَا بِكُمْ لَئِنْ لَمْ تَنْتَهُوا لَنَرْجُمَنَّكُمْ ﴿١٨ يس﴾
٢٥. قَالُوا طَائِرُكُمْ مَعَكُمْ أَئِنْ ذُكِّرْتُمْ بَلْ أَنْتُمْ قَوْمٌ مُسْرِفُونَ ﴿١٩ يس﴾

بەم شێوەیە دەبینین ناوی (تەیر) وەک وشەیەک لە زمانی عارەبیدا، حزووریکی بەهێزی لە (کتێبی پیرۆزدا) هەیە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گرنگی و بایەخی (تەیر)دا لە مەعریفەی دینیدا.

هەروەها لە (منطق الطیر)ی فەریدەدین عەتتاردا دەبینین، چەندان چیرۆک، لە سەر زمانی باڵندان پەیدا دەبن. کە گرنگی و بەهای باڵندەکان پیشان دەدات. وەک نموونەی (سلیمان) پێغەمبەر و باڵندەی (پەپووسلیمان). هەروەها نموونەی باڵندەکانی (تووتی، باز، کۆتر، تاووس، شەهێن، سیمرخ و زۆری تریش).

ئەگەر ئێمە وای دابنێین وشەی (مەنتق) واتای (بیرکردنەوە و تێگەیشتن) دەدات. بەم شێوەیە (مەنتقی تەیر) دەبێتە (بیرکردنەوەی باڵندە) واتا تێگەیشتنی باڵندە بۆ جیهان و ژیان و ڕاستییەوە. ڕۆڵی باڵندە لە پەیداکردنی (ئیمان)دا.

لەگەڵ ئەم پێشینە دینی و هزرییە، لەبارەی ناوی (طەیر)ەوە غەریب نییە تێ بگەین، کە ناوی (فەقێ تەیران) ناوێکی سەرنجڕاکێش و بە بەهایە. ئینجا ئەو خۆی بۆ خۆی هەڵیبژاردبێت، یان دوای خۆی لەلایەن زانا و ئەدیبان و خەڵکەوە بەم ناوەوە ناودێر کرابێت. یان میری جەزیرە ئەم ناسناوەی پێ بەخشیبێت.

بۆچوونێک هەیە دیار دەکات ڕەنگە خەڵکی، یان میری جزیرە ئەم ناوەیان لەسەر دانابێت. بۆچوونێکیش هەیە دەڵێت: ڕەنگە بەهۆکاری شیعرێکی خۆی، کە بە شێوازی وتووێژ لەنێوان خۆی و (بلبل)دا نووسیویێتی، خەڵکی پاڵ دابێت پێی بڵێن (فەقێ تەیران)!

(فەقێ تەیران)، لە دەڤەری هەکاری خوێندوویەتی، ماوەیەک لە (جزیره) بووە، لەوێ لەگەڵ میری جزیره و مەلای جزیری دۆست بووە.[1] ماوەیەکیش لە (فنک)ێ ژیاوە.

**بەرهەمەکانی فەقێ تەیران:**

زۆر لێکۆڵەر[2] بەرهەمەکانی (فەقێ تەیران) لە لایەنی شێواز و ناوەڕۆکەوە دەکەنە دوو بەش:

بەشی یەکەم- بەیت: چیرۆکگەلی شیعری. (شێخێ سەنعانی، زەمبیلفرۆش، بەرسیسێ عابد، دمدم، هەسپێ رەش، دلۆ ڕابە، هەی ئاڤ و ئاڤ.)

دووەم- شیعر: شیعرگەلی فەلسەفی و سۆفیگەری و کۆمەڵایەتی و عاشقانە. وەک (فەقەه و بلبل، ئەللاه چ زاتەک ئەحسەنە، ئەللاه سەحەرگەها ئەزەل، ئای دلێ من، ئەی دیلبەرێ و زۆری تر[3])

لێرەدا بە کورتی باسی پێنچ لەم بەیتانە دەکەین، تا ببێتە سەرەباسێک بۆ بەشی دووەمی ئەم کتێبە، وەک رێگەخۆشکردنێک تا بچینە نێو دەقی بەیتی (هەی ئاڤ و ئاڤ)دا.

---

[1] بڕوانە: سەعید دێرەشی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢

[2] بڕوانە: دکتۆر مارف خەزنەدار. مێژووی ئەدەبی کوردی. بەرگی دووەم. سەدەکانی چواردەم-هەژدەم. ل ١٧٢ ، هەروەها دکتۆر عیزەددین مستەفا رەسول، مێژووی ئەدەبی کوردی ل ٤٩٥. هەردوو سەرچاوە زانیارییەکانیان لە سەرچاوەی تر وەرگرتوون، وەک (ئەلیکساندەر ژابا)، (عەبدولڕقیب یوسف)، رۆدینکۆ و هی تریش.

[3] بڕوانە: سەعید دێرەشی، دیوانا فەقیێ تەیران. کە ئاماژەی بە سەرچاوە و دەستنووسەکانی دیوانەکە داوە.

**٢- شێخی سەنعانی:**

داستانی (شێخی سەنعانی)، پێش بەیتەکەی (فەقێ تەیران) هەبووە و لەنێو فەرهەنگەکانی عارەبی و فارسی و زمانی تریشدا تۆمار کراوە. (غەزالی ١١١١زاییینی مردووە) لە کتێبی (تحفەتولملووک) تۆماری کردووە. (فەریدەدین عەتتار) لە (منطق الطير)دا تۆماری کردووە. ئەم بەیتە، یان داستانە لایەنێک لە (وەحدەتی شهوود و وەحدەتی وجوود) ڕادەگەیەنێت. واتا بەسەرهاتێکی سۆفییانەیە.

کەسێکی دیندار، پیرێک، یان شێخێک، گەیشتۆتە تەمەنێکی گەورە و زۆربەی ژیانی خۆی لە دینداری و عیشقی خودادا بەسەربردووە. دوای ئەم تەمەنە درێژە لە دینداری و خواپەرستی و عیشقەوە، کچێکی فەلە دەبینێت و عاشقی دەبێت. لەبەر خاتری (مەعشووقە)ەکەی، دین و ئیمان و کار و هەموو ژیانی خۆی دەگۆڕێت. عیشقێکی سۆفییانە و عارفانە بەردەبێتە دڵی پیرە شێخ، بۆ کچی فەلە دینی خۆی دەگۆڕێت.

(فەقێ تەیران) ئاوا باسی شێخەکە دەکات: (شێخێکی سەنعانییە، یەکەم جار نووری خودا لە دڵیدا گەش بوو، سەدان گومڕای هێنانە سەر ڕێی ڕاست و لەسەر دەستی ئەو تۆبەیان کرد. سەرداری پێنج سەد سۆفییان بوو، لە مەقامی ئەولیا و پیاوچاکان دابوو، هەمیشە زکر و پەرستشی دەکرد. مەیلی بۆ دنیا نەبوو، لە دنیای نزم دوور بوو، بەردەوام لە سووژدەبردندا بوو، هەر خەمی ئاخیرەتی بوو، بێ شومار زکر و ئیستغفاری دەکرد. لەبەر نوێژ و تاعەتدا نەدەچووە جەژن و شادی و خۆشییان، ئەهلی دڵ و وەلی بوو.)

بەڵام دوای ئەمە شێخ خەونێک دەبینێت: (لەخەونەکەدا کچێک شەرابی دەداتێ، ئەویش دەیخواتەوە و لە خیلوەتەکەیدا شێت دەبێت! مورید و سۆفییەکان چەندی لەگەڵ دەکەن و دەڵێن؛ سوودی نییە! شێخ مورتەد و کافر دەبێت، مەیخۆر و دێوانە دەبێت، لە پێغەمبەر دەبێت!

عیشقی ئەم کچە دەردێکی دەداتێ بێ وێنە بێت! شێخ بێ چارە دەبێ، عیشقی دڵەکەی ساز نابێت، ئاگرە و هەر دژوار دەبێت! شێخ بێ ئارام و قەرار دەبێت، سوور دەبێت، زەرد دەبێت، ڕۆژێ سێ جاران خوێندەر دەبێت! لەبەر ئەمە سۆفی و موریدەکانی بڕیار دەدەن لە شاری (هێشەت) دەرکەون و بیبەنە لای کچە دڵبەرەکە. کاتێ دەگەنە شوێنەکە و کچەی کافر دەبینن، شێخ دەڵێت: دەنگی ئەو کچە بە دەنگی بانگی سەحیح نادەم!! ئەو کچەش بە ئێوە هەمووتان نادەم! پەنچا حەج و پاداشتەکەی بە کچەکە دەدات!)

بە کورتی فەقێ تەیران، لە ڕێی ئەم چیرۆکەوە باسی بابەتێکی گرنگی ڕێبازی ئیشراق دەکات، یەکبوونی بوون و شهوود، کۆمەڵێک تێگەی ئەفلاتۆنیزمی نوێ، بە جۆرێک کە کچی گاور، یان کافر، دەبێتە جیلوەی حیکمەت.

(فەقێ تەیران)، لەم بەیتەدا، شێخێ سەنعانی بە جۆرێک لە سۆفیگەرییەکی (نامونتەمی- ناخۆبەند) بە دینی ئیسلامی، یان هەر دینێکی تر دەگەیەنێت. ئەمەش خاڵێکی گرنگ و سەرەکییە لە سۆفیگەری (فەقێ تەیراندا).

دلبەرێ جام ب دەستە
وان زنار ئانی و بەستە
چاهری دین چوو ژ دەستە
باتنی چوو مەشیەتێ

شێخ گۆ: ئەز د باتن د فکرم
عشقا تە ئەز غارەت کرم
ئیرۆ د گەل تە کافرم
حەتتا کو دەورانا مەتێ[1]

ئەم ئەزموونەی شیخێ سەنعانی، نێزیکی ئەزموونی سۆفی و فەیلەسووف و شێخێکی گەورەی وەک (ئبن عەرەبی)یە. کە ئەویش کاتێ (نیزام)، کچی گەنج و جوان دەبینیت، سروشی بۆ دێت و (تەرجومانی ئەشواق) دەنووسێت!

کاتێ ئەو سروشە دێت و چاوکرانەوە بۆ عارف، پیر، یان شێخ پەیدا دەبێت. لە مەعریفەت و زانیندا ساتێکی گرنگ و چارەنووسسازە. دوور نییە، عارف، وەک ئبن عەرەبی و شێخێ سەنعانی، لە دینێک، یان هەموو دینان دەربچێت. تەنیا (مەحەبەت و عیشق) وەک دینێکی سەرەکی بگرێتە باوەش. ئیمانی خۆی بە هیچ دین، عەقیدە، شەریعەت و تەریقەتێک نەبەستێتەوە، بەتەنیا (ئەڤین) ببێتە دین و ئیمانی، وەک لە ئەزموونی شێخێ سەنعان و ئبن عەرەبیدا دەیبینینەوە!

**٣- زەمبیلفرۆش:**

زەمبیلفرۆش وەک دەقێکی فۆلکلۆری، پێش ئەوەی (فەقێ تەیران) بینووسێت، دەقێکی میللی بوو، لە گەلێک دەڤەر و باژێرەکانی

[1] سەعید دێرەشی. دیوانا فەقییێ تەیران، ل ٤٠٦

کوردستاندا بڵاوبوو. کەوتبووە سەر زاری خەڵکی، گەلێک ژێدەر[1] باسی دەقەکانی ئەم بەرهەمە بە نووسراوی و چاپکراوی دەکەن.

دەقی (زەمبیلفرۆش)ی (فەقێ تەیران)، بەم شێوەیە دەست پێ دەکات: (زەمبیلفرۆش لاوکەکێ رەواڵ و ب کلفەت و ئەهلێ عیال بوو، حوسنا یووسفی ل دەف بوو، فەقیر بوو، دائیما خودێ د بیر بوو. ڕۆژەکێ بۆ سەلک فرۆتنێ دهێت، خاتوونەک دبینیت و ب دل و جان د حەبینیت! عیشق؛ کچکێ موبتەلا دکەت، کچ کو ژنا میرییە زەمبیلفرۆشی دهینیتە د کۆشکێڤە، گازی دکەتە سەر نڤینا چونکی ب وی دایە ئەڤینە! لێ لاوک ژ جەبباری دترسی، حەرامیێ ناکەت، خۆ د ئاگری وەرناکەت!)

زەمبیلفرۆش لە دێرێکی زۆر گرنگدا بە هاوژینی میر دەڵێت:

لاو ژ خاتونێ دبێتە
تو مەخازیا دل ڤێتە
دا ژ حەق نبن فەهێتە
ڕوو سپی بن د قیامەتێ[2]

---

[1] بڕوانە: دکتۆر مارف خەزنەدار. مێژووی ئەدەبی کوردی. بەرگی دووەم. سەدەکانی چواردەم-هەژدەم. بەرپەڕێ ١٨٩-١٩٠. هەروەها بڕوانە: وەصفی حەسەن ڕدێنی بەیتا زەمبیل فرۆش بەرپەڕی١٩-٣١. هەروەها ژ فلکلۆرێ کوردی. خڕفەکرن و ب سەروبەرکرنا صادق بهائەدین ئامێدی ل ١٥٦-١٧٠ و زۆر سەرچاوەی تریش.

[2] بڕوانە: دکتۆر مارف خەزنەدار. مێژووی ئەدەبی کوردی. بەرگی دووەم. سەدەکانی چواردەم-هەژدەم. ل ١٩٦

بابەتی (هەق) کە بابەتێکی گرنگە، لای سۆفییان و فەیلەسووفانی ئیشراقی بەهایەکی دینی، فەلسەفی، کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییە. لێرەدا (فەقێ تەیران زۆر هونەرییانە ئەو بابەتە بەرزدەکاتەوە، بابەتی (هەق) دەکاتە ناوەندێک بۆ بیرکردنەوە و ڕەفتارکردن و ڕووسپیبوونی مرۆڤ بەرانبەر بە خودا، کە یەکێک لە ناوەکانی (هەق)ە!

چیرۆکی زەمبیلفرۆش لەلایەک چیرۆکی ململانێی: (ژن- پیاو، بەهاکانی شار و گوند، دەستەڵات و ناموس، سەرجێیی و پایە وماڵی دنیا، ئەقڵ و ئیمان و کۆمەڵە چەمکێکی ترە) مرۆڤ دەتوانێت بە درێژی لێکۆڵینەوەی تێدا بکات. بەڵام خاڵی جەوهەری ئەمەیە، (فەقێ تەیران) توانیویەتی سۆفییانە تەماشای ئەم بابەتە بکات، پێوەندییەکی ڕەسەن لە نێوان عیشق و هەقدا دابمەزرێنێت، یان ئاشکرا بکات!

**٤- بەرسیسێ عابد:**

بەرسیسێ عابد، یەکێکە لە بەرهەمە گرنگەکانی (فەقێ تەیران)، چیرۆکی (بەرسیس) و (ئیبلیس)ی شەیتانە. بەرسیس کەسێکە لە شامە، هەردەم عیبادەت و پەرستن دەکات، لە نێو ئەشکەوت و کونبەراندا دەژیەت، دوور لە خەڵکی و دونیادا، لە مەقامی وەحدەتدا، ژیانی خۆی بەڕێ دەکات. واتا (بەرسیس) سۆفییەکی فەیلەسووفانەیە، چونکە هیچ شێخ و ڕێبەری نییە. ئەمەش بەڵگەیە بۆ بیرکردنەوە و ڕوانینی (بەرسیس)، سەبارەت بە بوون و ژیان و ئیمان و زانینی خۆزایی، بێ ئەوەی پشت بە زانست و مەعریفەی شێخێک، یان تەریقەتێک ببەستێت. چونکە لەو سەردەمدا ئەم شتە جائیز نەبوو، کە سۆفی شێخێکی نەبێت. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر زۆر لە سەرچاوەکانی سۆفیگەری پێش و پاش ئەو سەردەمیش، هەر لەگەڵ سەرەتای پەیدابوونی تەریقەت و پێش ئەویش، دەقەکانی سۆفیگەریی ئیسلامی

زۆر جەخت لەسەر هەبوونی شێخ و ڕێبەر بۆ مورید دەکەنەوە. تا ئەو ڕادەیەی دەڵێن: "ئەوەی شێخێکی نەبێت، شەیتان ڕێبەرییەتی!" وەک چۆن لەم چیرۆکەدا دەبینین، کە چیرۆکەکە دەبێتە ململانێی نێوان (بەرسیسی سۆفی) و (ئیبلیسی شەیتان)

شەیتان دەیەوێت هەڵیخەڵەتێنێت. بۆیە خۆی دەکاتە عابدێک و لە نزیک (بەرسیس)ەوە پەرستنکاری دەکات. تا ئەو ڕادەیەی خۆی دەکاتە شێخی (بەرسیس!)

پاشی شەیتان پیلان دادەنێتەوە. تا (بەرسیس) لە سەر ڕێگەی ڕاست دەربێخییێت، لە پیلانگێڕییەکەیدا سەرکەوتوو دەبێت. کاتێ کچی میری شامێ بە نەخۆشی دەبەنە لای (بەرسیس) تا چارەسەری بکات. چونکە کچی میر زۆر جوان بوو! (بەرسیس) ناتوانێت حەز و ئارەزووی خۆی لەبەرانبەر ئەم جوانییە ڕابگرێت! کاری سێکسی لەگەڵ دەکات، کچەکە لە کچێنی دەخات! دوای ئەوە هەر بە پیلانگێڕیی شەیتان کچەکە دەکوژێت! (بەرسیس) دوای ئەم ڕووداوانە سوژدە بۆ شەیتان دەبات! لە دین و ئیمان دەردەچێت، لە کۆتاییدا دەگیرێت و لە سێدارە دەدرێت!

ئەم چیرۆکە لە ناوەڕۆکی خۆیدا سەیر و سوریالییە! سۆفییەکی فەیلەسووف و لێزان و خاوەن زانینێکی سەربەخۆ و عابد و زاهید و موتتەقی، چۆن هێزی شەیتانی و شەڕانی وایان لێ کرد، چەند تاوانێکی گەورە ئەنجام بدات؟

لەم چیرۆکەدا ململانێی نێوان ڕووناکی و تاریکی، خێر و شەڕ و چاکە و خراپە، پانتاییەکی سەرەکی وەردەگرێت. هێزی شەڕ کە وەک (ئیمکانێکی هێزەکی) لەنێو مرۆڤدا هەیە، لە ڕێی شەیتاندا، یان جوانی ژنێکدا دەبێتە (ئیمکانێکی کردەکی) و ئەو هێزە خراپکارە بە تەنیا وەک (ئیمکانی هێز) نامێنێتەوە، بەڵکوو دەبێتە کردار! ئەمەش وەک چیرۆکی (سیزیف) وایە، مرۆڤ بە هەموو هێز و توانای خۆی هەوڵ دەدات،

بەردە گرانەکە، کە لەسەر ملییتی، هەڵگریێت و بیباتە سەر چیا، بەڵام گلۆر دەبێتەوە و دیتەوە خوار، بۆ خاڵی دەستپێکردن دەگەڕێتەوە. ئەمەش بۆ ئەوەیە تا مرۆڤ جارێکی تر سەرلەنوێ دەست بە خەباتی خۆی بکاتەوە. بەڵام لە بەیتی (سیسەبانێ عابد)دا، دەبینین عەبەسیبوون و هیچنەبوونی ژیان و ئیمانی (بەرسیس) لە (سیزیف) گەلێک خراپتر و وێرانترە. چونکە (بەرسیس) دەبێتە هێزێکی شەیتانی و بێ هیچ بەهایەکی ئەخلاقی ڕەفتار دەکات. شەیتان بەسەریدا زاڵ دەبێت. واتا (بەرسیسێ عابد) دەبێتە کۆیلەی شەیتان و هێزی خراپەکار، نەوەک خودا و هێزی چاکە. لەم چیرۆکەدا (فەقێ تەیران) کۆمەڵێ پرسیار لە بارەی (ئیمان و ئەقڵ)ەوە دەکات؟![1]

ئەم بەیتە دەتوانێت خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ بابەتی دینی هەق و ئیمانی هەق و دەنگی ویژدان و بنەچە و پێگەی خێر و شەڕ لەنێو مرۆڤدا بکات. هەروەها پێوەندی دین و فەلسەفە، یان دین و مەنتق چەند دەتوانن مرۆڤ بپارێزن؟ پەرستش و خیلوەت و دەرکەوتن لەناو شار و قەرەباڵغی، دوورکەوتنەوە لە خەڵک و تێکەڵبوون بە سروشت چ کارێک لە دەروون و ڕەوانی مرۆڤ دەکەن؟ دیسان ئەو وەختە چارەنووسسازەی لە بەیتی (شیخێ سەنعانی) دەبێتە وەختی هاتنی حیکمەت و سۆفیا، حیکمەت و سروشی خواوەندی، چۆن لە بەیتی (بەرسیسێ عابد)دا دەبێتە وەختی تاوان و گوناهکاری و وەرگەڕانی

---

١ جێگەی باسە ڕۆماننووس و شاعیر (هزرڤان) لە رۆمانی (جامی جەم)دا، زۆر سوودی لەم بەیتە وەرگرتووە و بە ڕەنگێکی هونەری بەکاری هێناوە. هەروەها ڕۆماننووس (تەحسین ناڤشکی) لە ڕۆمانی (چاڤێ سیتاڤکێ) سوودی لەم بەیتە وەرگرتووە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر هێز و توانای ئەدەبی و دەروونی و ئەقلانی و کۆمەڵایەتی و هونەریی ئەم بەیتە.

مرۆڤ له دین و ئیمان و مرۆڤبووندا؟! ئەم ئیشکردنه لەسەر ساته یەکلاییکەرەوەکان به هەردوو دیوی ئاهوورایی و ئەهریمەنی، بوونی ئەم وەخته گرنگانه، له دەقگەلی فۆلکلۆری و ئەدەبیی سەرزاریی کوردیدا، بابەخدانی (فەقێ تەیران) و نووسەر و شاعیرانی تر بەم بابەته، ئاماژەیەکی ئاشکرایه بۆ بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی و سۆفیگەرییەکی ئیشراقی له کولتوور و فۆلکلۆر و ئەدەبییاتی کوردیدا!

**٥- بەیتا دلی، یان دلۆ ڕابه:**

ئەم بەیته، کورته چیرۆکه شیعرێکی (فەقێ تەیران)ە، شاعیر، لەم بەیتەدا دەچێته سەر بابەتێکی گرنگ و به بەها له بیرکردنەوەی سۆفیگەری و فەلسەفیدا، ئەمیش بابەتی (نەفس)ە، نەفس به واتای ڕەوان، یان ڕووح، هەروەها (عەقڵ) وەک سەرچاوەیەک بۆ ناسین و زانینێکی فەلسەفی.

ل خۆ شیرین مەکه نەومێ
ژ نەفسا خۆ بکه لەومێ
مەچه نێزیکی ڤێ قەومێ
قەوی ئەو فعلەن خەسارە[1]

---

[1] بڕوانه: سەعید دێرەشی، (دیوانا فەقیێ تەیران) ل ١٥٧ (دوکتۆر مارف خەزنەدار)یش له کتێبەکەیدا (مێژوی ئەدەبی کوردی) هەمان بەیتی تۆمارکردووه، بەڵام بەم ڕەنگەیه:
ل خۆ شیرین مەکه نەومێ
ژ نەفسا خۆ بکه لەومێ
مەچه نێزیکی ڤێ قەومێ
مەبه غافلێ بێکارە

ئەگەر عەقڵی وەرە جەنگی
ببێژ نەفسێ حەیا کەنگی
تو غافل بی ب ڤی ڕەنگی
ئەیا کەهلێ نە گوهدارە[1]

لەم بەیتەدا (فەقێ تەیران) ناوی گەلێک پێغەمبەر، فەیلەسووفانی وەک (جالیس، سوقرات، تالیس و بقرات) دەهێنێت، هەروەها ناوی گەلێک شا و کەسانی مێژوویی دێنێت. ئەم ناوانە هەموو دەبنە سەرچاوەی ئەو بارە ڕووحی و مەعنەوی و هزری و ئەقڵییەی دەقی (بەیتا دلی) بە خۆیەوە هەڵدەگرێت.

ئەم بەیتە دەقێکی قووڵ و فرەوانە، دەچێتە نێو بواری مەعریفی جیاجیا، لە پێناو دەربڕینی خەم و مەراقەکانی، تا مرۆڤ، نەفس و ئەقڵی مرۆڤ، پاکتر و ڕەوانتر و هۆشیارتر بێت.

**٦- دمدم:**

کاتێک داستانی (قەڵای دمدم) ڕووی داوە، (فەقێ تەیران) لە ژیاندا بووە. (پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار) دەڵێت: ڕەنگە ئەمە کۆنترین دەقی فۆلکلۆری و کلاسیکی بێت. (داستانی دمدم) بووەتە داستانێکی ئەدەبی و میللیی زارەکی و لە هەموو شوێنێکی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە. (فەقێ تەیران)یش سوودی لەم داستانە وەرگرتووە و بەیتێکی شیعری لەبارەیەوە نووسیوە.

(سەعید دێرەشی) لە (دیوانا فەقێ تەیران)دا، بە درێژی باسی (بەیتا دمدم) و وەرگێڕان و دەستنووس و چاپکردنەکەی دەکات .

---

[1] بڕوانە: هەمان ژێدەر (دیوانا فەقیێ تەیران) ل ١٥٨-١٥٩

نووسەر (عەبدولحەمید حوسەینی "سەپان") لە کتێبەکەیدا (دمدم و حەماسەی خانی لەپزێڕین)دا دەڵێت: (لەنێو بەیتەکانی کوردیدا، هیچ بەیتێک وەک بەیتی دمدم لەلایەنی نەتەوایەتییەوە سەرنجی بەیتبێژانی ڕانەکێشاوە و بایەخیان پێ نەداوە. بەیتبێژانی بەیتی دمدم، کاتێ لەبارەی خانی لەپزێڕین و ئەندێشەی ئەو بۆ کورد و کوردستان دەدوێن، گەلێک بە شانازی و سەربەرزییەوە باسی دەکەن. لەسەر قارەمانێک قسە دەکەن کە بۆ سەرکەوتنی خۆی و نەتەوەکەی بە چ شێوەیەک و ئامانجێک قەڵای دمدم ئاوا دەکات. بەیتبێژ دەفرێت، کاتێ دەبینێت خانی لەپزێڕین خۆی لە شا و سوڵتان کەمتر نابینێت.)

هەروەها دیسان ئینستیتیوتی کەلەپووری کوردی کتێبێکی تری بە ناوی (کارەساتی قەڵای دمدم) لە ساڵی ٢٠٠٨ چاپ کردووە. تێیدا لێکۆڵەر (سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر) لە بەر ڕووناکی سەرچاوەگەلێکی مێژوویی و دەقگەلی فۆلکلۆری باسی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە و هەرێمی کوردستان، جوگرافیای قەڵاتی دمدم و چۆنییێتی ئاواکردنی و هتد.. دەکات .

خۆرهەڵاتناسانی وەک (ئەلیکساندەر ژابا، ی.پریم، ئا سوسین، ئوسکارمان، کوردوییڤ و زۆرانی تر) هەندێک دەقیان وەرگێڕاونەتە سەر زمانی خۆیان و بڵاویان کردوونەتەوە. هەندێک لەو تێکستانە بە ناوی شاعیرانی وەک (فەقێ تەیران) و (مەلایێ باتەیی) بڵابوونەتەوە .

## بەشی دووەم

# بنەما گەلی فەلسەفی و سۆفیگەریی ئیشراقی لە بەیتی (هەی ئاڤ و ئاڤ)دا

بەیتی (هەی ئاڤ و ئاڤ) یەکێکە لە شیعرە گرنگەکانی ئەدەبیاتی کوردی و بەیتەکانی (فەقێ تەیران)دا، قووڵاییەکی فەلسەفی و سۆفیگەری تێدایە. (فەقێ تەیران) لەم بەیتەدا گەلێک لایەنی ئۆنتۆلۆژی و مەعریفی باس دەکات و لە قالبێکی ئیشراقیدا دەریاندەبڕێت.

دەبینین (فەقێ تەیران) بە قسەکردن لەگەڵ (ئاو)دا، (سروشت، ڕووباری دیجلە، بۆتان) پێشەکییەک بە بەیتەکەی دەدات. پێشبەرییەکی فەلسەفی بۆ بوون دەکات، دەڵێ: ڕووبار لە ڕێی عیشقەوە، بێ وەستان، بێ پشوو، شەپۆڵ دەدات و خورت دەبێت، جێگیر نابێت، وەک دڵی (فەقێ تەیران) پڕی عیشقە. لە عیشقەوە، بێ ئەوەی دیار بێت، بۆ کێیە؟ ئەو هەر دێت و دێت. واتا (ئاو) کە ئەو هەموو بزاو و جوڵە و کەف و کوڵە دەکات و ناوەستێت، دەبێت (مەعشووق)ێکی هەبێت؟! چونکە ئەوە مەعشووقە وادەکات عاشق بەرەو ئەو بجوڵێتەوە و بزاو بکات و ڕێگەی مەنزڵی یار بگرێت، وادەکات عاشق خۆی بەرزبکاتەوە و باڵا بکات. بەڵام ئایا مەعشووق، یار کێیە؟

(مەعشووق) سرە! نهێنی و ڕازە! نهێنی بوون و عیشق و پەرستنە. (فەقێ تەیران) دەیەوێت لەم نهێنی و ڕازە بگات. ئاو بە هۆی (مەحەبەت)ەوە، شەووڕۆژ نانوێت. دایم و بێ وەستان بە دڵ و دەم، پەرستن دەکات. بۆیە کە دەنگی ڕووبار دێت، دەنگی یار دێتەوە بیری

(فەقێ تەیران)یش! (مەعشووقی ئاو) و (یاری فەقێ تەیران) کە هێشتا نایناسین، دەمانبەنە نێو شەپۆڵ و پێلەکانی وشە و ئاوازی بەیتێکی خوداوەندیدا. هەروەک ئەوەی زکر و سەمای سۆفییان بێت و دەنگی دەف و سروود و چریکە و ئاوازەکانی لە جزیرەی بۆتانەوە بە گوێی ئێمە بگەن!

**١- خوداناسی:**

(فەقێ تەیران) بە ڕێیەکی فەلسەفییانە و عارفانە لەگەڵ دەستپێکی بەیتی (هەی ئاڤ و ئاڤ)دا، هەوڵ دەدات هەندێک بەڵگەی کۆسمۆلۆژی و ئۆنتۆلۆژی و ئەخلاقی، لە سەر هەبوونی (خودا) پێشبەر بکات.

هەبوون و سەلماندنی هەبوونی خودا، لە هەردوو بیاڤی فەلسەفی و سۆفیگەریدا، بابەتێکی سەرەکی و زیندوو و مەعریفییە. لێرەدا ئێمە (فەقێ تەیران) وەک ئیشراقییەک باس دەکەین، واتا لە یەک دەمدا هەم فەیلەسووفە و هەم سۆفییە. ئیشراقییەکێ هۆزانڤان و هونەرمەندە.

سۆفی ئەگەر بڵێت: (غەیری خودا شتێکی تر نابینم) ئەمە ڕامانە لەباری (یەکبوونی شهوود- وەحدەتی شهوود)دا. ئەگەر وتیشی (خودا لە هەموو شتێکدا دەبینم) ئەمە لەباری (یەکبوونی بوون- وەحدەتی وجوود) دایە.

ئەزموونی سۆفی لە ناوەڕۆکی خۆیدا لەگەڵ (یەک)دایە، (یەکی هەمەکی)، (خودا) کەسی ئیشراقی لە لایەنی شوناس و جیاوازییەوە تەماشای پێوەندی خودا و جیهان و خۆیدا دەکات. پرسیار دەکات ئایا خودا و جیهان لەیەک شوناسدا یەک دەگرنەوە؟ یان یەک ناگرنەوە؟ یان بژاردەیەکی دی هەیە؟

ئیشراقییەکان، بەتایبەتی (سووروەوەردی١١٥٥-١١٩١ز) بنەڕەتێکی بۆ ئەم پرسە دانەوە، دواتر لەسەر دەستی (ئبن عەرەبی١١٦٥-١٢٤٠ز)

شوناسی خۆی ڕوونتر و ئاشکراتر وەرگرت، کە ئەویش (یەکبوونی وجوودە).

لەهەندێک نووسینی مەسیحیدا، پێوەندی خودا و جیهان، مەبەست لێی دەبێتە پێوەندی خودا لەگەڵ یەکێک لە (کەلیمە- وشە)کانی خۆی. واتا پێوەندی لەگەڵ پاژێک لە پاژەکانی جیهان، ڕوونتر پێوەندی لەگەڵ زاتێکی تاک، یان لەگەڵ سۆفی، کاتێ لەگەڵ خودا دەبێتە یەک. واتا بە ئەزموونی تێچوون- حلوول دەگات، ئەزموونێکی تایبەت و خاوەن ڕەهەندگەلی فەلسەفی و مەعریفی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی. بارێک پەیدا دەکات کە لەگەڵ شەریعەت و تەریقەت ناگونجێت، گەلێک کێشە و ململانێی لێ پەیدا دەبن، نموونەش (حەللاج)ە!

(قەشە ئۆگستین ٣٥٤- ٤٣٠ ز) ڕووبەڕووی دوو گومان بووەوە: یەکەم- گومان کردن لەمەی مرۆڤ بە پێنج هەستەکانی خۆی، بتوانێت زانین بەدەست بێنێت. دووەم- گومان کردن لەمەی مرۆڤ بە ڕاستی بگات، بەڵام (قەشە ئۆگستین) وتی: یەک ڕاستی هەیە، ئەو ڕاستییەش ئەمەیە: کە هیچ ڕاستییەکی ڕەها نییە، بەڵام پرسیاری کرد، ئێمە چۆن بە یەقین بگەین؟ ئایا دەتوانین لە چ شتێک یەقین ببین؟ ئەگەر ئێمە نەتوانین پشت بە هەستەکانی خۆمان ببەستین، چونکە کامل نین، هەستەکان، ڕەنگە لەبارەی جیهانەوە دیتنێکی هەڵە بە مرۆڤ بدەن، لەم بارەدا زانینی ڕاستی دەبێتە کێشەیەکی ترسناک!

مرۆڤ بەتەنیا لە ڕێی لەشی خۆیەوە پێوەندی بە جیهانەوە دەکات، لەبەر ئەمە بۆ پەیداکردنی زانیاری، ئێمە لەدەرەوەی هۆشدا، پشت بە هەستەکان دەبەستین، ئەمەش جێی متمانە نییە. بۆ نموونە کاتێک ئێمە تەنێک لەنێو ئاودا دەبینین، بە شکاوی دیار دەبێت. ئەمە نموونەیەکە بۆ مرۆڤ کە شتێک بە چاوی سەری خۆیەوە دەبینێت، بەڵام ئەم دیتنە ڕاست نییە و وەهمییە. هەرچەندە مرۆڤ دەزانێت، یان وا تێ دەگات کە

دەبینێت، هەتا ئەگەر دیتنەکەی ڕاستیش نەبێت؟! بەڵام ڕاستی ئەمەیە، کە مرۆڤ شتێک دەبینێت. ئەمەش بەشێکە لە ڕاستی. واتا هەتا ئەگەر مرۆڤ بارێکی ناڕاستی، یان وەهمیش ببینێت، بەڵام دەزانێت کە دەبینێت. ئەم دیتنە ڕاستییە. واتا لێرەدا ئێمە لەبەرانبەر ڕاستییەکی کردەکی داین، بەڵام ئەم ڕاستییە کردەکییە، لە ڕاستیی هەقیقییەوە جیاوازە! کەواتە ئێمە چۆن لە ڕاستی هەقیقی بگەین؟ یان چۆن لە هەق بگەین؟

کرداری تێگەیشتن بە ئەقڵەوە گرێدراوە، واتا دوای ئەوەی مرۆڤ لە ڕێی هەستەکانەوە زانیاری وەردەگرێت، بە ڕێی هەندێک هێزی دیار و نادیاری ئەقڵی و ڕەوانی، دەتوانێت لە هۆشی خۆیدا، لە ڕێی مەنتقەوە، یان وێنەزانی (عیلمی تەصەوری) درک بە جۆرە ڕاستییەکی یەقینی بکات. ئەویش لە ڕاستییەکی هەستەکی جیاواز دەبێت، واتا بە بەڵگەیەکی ئەقڵی ببێتە خاوەن جۆرە یەقینێکی لە هەستەکان بەرزتر. ئەو یەقینە بەرزترە بەرئەنجامی بیرکردنەوەیەکی مەنتقی، یان هۆشەکییە، تیایدا مرۆڤ درک (شعور) بە خودا دەکات و دەیناسێت.[١]

بۆ ناسینی هەقیقەتگەلی سەرەکی و مەنتقی، یان هۆشەکی، پێویستە بنەڕەتێکی سەرەکی و سەرچاوەیەکی ئەساسی هەبێت. پێویستە

---

[١] (شعوورکردن- درککرن) لەگەڵ (هەستکردن- ئیحساسکرن) جودایە. هەستکردن لە ڕێی هەستەکانەوە پەیدا دەبێت، بەڵام درککردن لەڕێی هەستەکانەوە پەیدا نابێت.لەدەرەوەی هەستەکانە، کردەیەکی ئەقڵییە، بەلام بە واتا مەنتیقییەکەی نا، بەڵکوو بە واتایەکی خۆزانی سۆفییانە. لە زمانی ئینگلیزیدا، هەردوو وشەکانی (sense) و (feeling) بەکاردێن. مەبەستی ئێمە لە درککردن (فیلینگ)ە نە (سێنس)، کە (هەستکردن)ە. جگەلە (پەیبردن) (خۆزانین)یش دەکرێت لە هەندێ ڕێڕەودا بەکارببردرێت.

سەرچاوەی ڕاستیگەلی ئەبەدی، بوونەوەرێکی ئەبەدی بێت، کە بیر لە نموونە ئەبەدبییەکانی خۆی بکاتەوە، واتا ناسینی ڕاستیگەلی ئەبەدی، لە ڕێی پێوەندیکرن بە بیرکردنەوەکانی خوداوە، دەبێتە ناسینی خودا.

مرۆڤ دەتوانێت لەلایەنی دینییەوە بوونی خودا ڕەت بکاتەوە، بەڵام لەلایەنی فەلسەفییەوە ناتوانێت ئینکاری خودا بکات. بەمەرجێک ڕاستیگەلی ئەبەدی لەبەرچاو بگرێت. خودا ڕووناکی و نووری گەورەیە، وەک ڕووناکی خۆر وایە، کە مرۆڤ و هەموو شتەکانی جیهانی پێ دەبینین. هۆش، ناتوانێت بێ خودا هیچ بزانێت.

لای (فەقێ تەیران)، ئاو و جوڵە و عیشق و مەحەبەت و نهێنی و تین و دەنگ و بەزین و ئەو دۆخەی ئاو وەک ماکێکی سروشتی پەیدای دەکات، بەڵگەیە لەسەر هەبوونی قانوونی سەبەبی، هۆکاری پەیدابوونە، بەڵگەیەکی کۆسمۆلۆژییە. هەروەها دیزایین و عەرشی خودا لەسەر ئاو، بەڵگەیەکی ئۆنتۆلۆژییە، دەشبێت ئەم دیزایین و عەرشەش پەیداکارێکی بەرزییان هەبێ. نەخشەسازی و عەرش و ڕووبار و جیهان بە گشتی، بەڵگەی هەبوونی نەخشەسازێکی بەرز و باڵان.

بەهای عیشق و مەحەبەتی ڕەهاش دەبنە بەڵگەیەکی ئەخلاقی، لەسەر بوونی خوداییەکی خاوەن بەهای ڕەها و هەمەکی، کە هەموو مرۆڤایەتی لە خۆییەوە بگرێت. تواناشی هەبێت دادپەروەرییەکی ڕەها لەسەر جیهان و گەردوون بسەپێنێت.

(فەقێ تەیران)، لە نێو ئەم ئیلاهییاتەدا، کە فەلسەفە و سۆفیگەری، پێش و پاش ئەو، چ لە خۆرهەڵات و یان خۆرئاوا پێیەوە سەرقاڵ بوون، ئەویش بەشێکە لەو بازنە ئیلاهی و ئۆنتۆلۆجییەی، کە وەک ئیشراقییەک لەم باسەدا بەشدارە.

**٢- بوونناسی:**

(فەقێ تەیران) لەم بەیتەدا دەیەوێت لە ڕێی سۆفیگەری و فەلسەفەوە، بنەما و ڕاز و نهێنی بوون ئاشکرا بکات، واتا بوونناسییەکی فەلسەفی و سۆفیگەری پێشبەر بکات. لە ڕێی (ئاو)دا دەستپێکی بوون و هۆشیاربوونی بەردەوام پێشان بدات. واتا زیندووبوونی ئاو وەک ڕەمزێک، بۆ هۆشیاربوونی بوون و پەیداکارێکی بەردەوام و زیندوو پێشان دەدات.

بوون بەردەوام بەئاگایە و ناخەوێت و لەگۆڕاندایە، جوڵەیەکی عاشقانە لەنێویدا هەیە، کە زیندووبوونی دەداتێ. نەوەستان و جێگیرنەبوون، خەسڵەتی بوونن. وەک فەیلەسووفی یۆنانی (تالیس) دەیدیت. واتا لێرەدا (فەقێ تەیران) لەیەک دەمدا بەڵگەیەکی ئۆنتۆلۆجی و کۆزمۆلۆجی لەسەر هەبوونی خودا، وەک پەیداکاری بوون بە ئێمە دەدات.

لای (تالیس ٥٤٨-٦٢٤ پێش زایین)، کە دیارە (تالیس) یەکێکە لە زانایانی کۆنی یۆنان، لەگەڵ هەندێک زانای تر بە دامەزرێنەری قوتابخانەی سروشتیی فەلسەفی دەناسرێت.[١] قوتابخانەی سروشتی وەک لە ناوەکەی ڕا دیارە، لە بیرکردنەوە فەلسەفییەکەیاندا ماکێکی سروشتی دەبووە پێوەر بۆ پەیدابوونی بوون. لای (تالیس) ئەم ماکە (ئاو)بوو. کورد دەڵێت: (ئاو و ئاوەدانی!) بە بڕوای (تالیس) ئاو بنەڕەت و بنەمای بوونە. ئەگەر ئێمە تەماشای دینیش بکەین، دەبینین ئاو ڕامانێکی گەورەی هەیە. بۆ نموونە لە قورئاندا هاتووە: (وجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ

---

١ لەگەڵ (ئاناکسیمەندەر، ئاناکسیمینیس، هیراکلیتۆس، پارمەنیدس، ئەمپادۆکلیس، ئاناکساگۆراس)

كُلَّ شَيْءٍ حَيّ أَفَلا يُؤْمِنُونَ)[1]. (فەقێ تەیران)یش ئاماژە بەمە دەدات و بە ئاو دەڵێت:

پرسا فەقێ بێ جە نەبوو
لەو را د قورئانێ هەبوو
عەرشێ خودێ ل سەر تە بوو
ئاڤێ گەلۆ بیرا تە تێ

(فەقێ تەیران) لە پێشەکی بەیتەکەیدا، بە نزیکەی بیست کۆپلەی سەرەتا، کۆمەڵی پرسیاری فەلسەفی و سۆفیگەری دەئازرێنێت. دەتوانین پرسیارەکان بەم شێوەیە ڕیز بکەین:

١. ئایا جوڵە چییە؟
٢. عیشق چییە؟ مەعشووق کێیە؟
٣. پەرستش چییە؟
٤. خودا چییە؟ سیفەتەکانی خودا چین؟
٥. سرِ و ڕەمزەکانی نێوان عاشق و مەعشووق چین؟
٦. عیللەتی بوون چییە؟
٧. فەیض و حەقیقەتی بوون و بوونەوەران چییە؟
٨. جەوهەر و عەناصر چین؟

لەم پرسیارانەدا، ئێمە دەتوانین بەیتەکەی (فەقێ تەیران) لە ژێر یەک ناوپێشاندا کۆبکەینەوە و بڵێین (فەقێ تەیران) دەیەوێت بزانێت: (ڕاستیی ڕەها چییە؟)

---

[1] سوورەتی ئەنبییا، ئایەتی ٣٠

پێوەندی نێوان بەیتی (هەی ئاڤ و ئاڤ) و ڕاستیی ڕەها، دەبێتە لێکۆڵینەوە لە ئەزموونێکی کەسیی و تایبەتی (فەقێ تەیران)دا. نزیکەی بیست کۆپلەی سەرەتای بەیتەکە پێکەوە، ئەو کەشە فەلسەفی و دۆخی سۆفیگەرییە دەنەخشێنن، ئەوەی (فەقێ تەیران)ی تێدایە. واتا بەیتی (هەی ئاڤ و ئاڤ) ئەزموونی هزری و ڕەوانی (فەقێ تەیران)ە لە ساتێکی ئیشراقیدا، لە شێوەی بەیتدا وێنەی خۆی وەرگرتووە.

ئەم بەیتە (فەقێ تەیران) بەرەو ئەزموونی ڕاستیی ڕەها دەبات. ئەزموونکردنی ڕاستیی ڕەها، ئەزموونێکی فەلسەفی و سۆفیگەرییەکی کاملە، تایبەتە بەو کەسەی کەوتۆتە نێو دۆخێکی ئیشراقیدا، بەرەو وەڵامی پرسیارەکانی خۆی دەڕوات. چ کەس و هیچ شتێک لەبارەی ڕاستیی ڕەها، ناتوانن وەڵامی (فەقێ تەیران) بدەنەوە، ئەگەر ئەو خۆی نەبێت. چونکە سەرچاوەی ڕاستیی ڕەها، ڕەهایی و هەقیقەتی ڕەها خۆیەتی، واتا مەعشووق.

کەواتا عیشق لە ئەزموونی سۆفیگەریدا، ئامانج نییە. ئەو جوڵە و بزاو و پرس و بیرکردنەوە و دووپاتکردنەوەی (فەقێ تەیران) لە ئاو بۆ ئەوەی بزانێت مەعشووق کێیە؟ هەمووی لە پێناو ئەوەیە تا بزانێت (مەعشووق، مەطلووب، دۆست، مەنسووب و مەڕمووز) کێیە؟

وشەکانی (هاتن و سەوداسەری و لەزوبەز و خزمەتکردنی بێ دەست و پێ، بێ راوەستان و بێ سەکن و ماندووبوون، تاعەت و مەوج و کەف، بێ قەلب و دەم، ڕەنگ گۆڕین لە شینەوە بۆ سپی، بێ لباس و تازی، هەمیشە لە رەقس و عیشقبازیدا، گەڕان لە پیرە دنیا، بە میحنەت و زەحمەتی) ئەمانە هەموو دەبنە میعراجی ئاو، کە لەهەمان دەمدا میعراجیی ڕووحیی (فەقی تەیران) خۆیەتی!

میعراجی ڕووحی (فەقێ تەیران)، دەبێتە ئەزموونێکی شیعریی و ئەزموونێکی ڕووحانی بەرز، دەیەوێت لە ڕێی ئەم میعراجەوە لەسەر

زەویدا، لەدەم ڕووباری (دیجلەی جزیرەی بۆتان)دا ڕووحی خۆی لە ئەزموونێکی شیعریدا ڕەها بکات.

گەیشتن بە مەعشووق، تەحقیقکردنی خودی سۆفی و فەیلەسووفە لە نێو ڕاستیی ڕەهادا. فەنابوونە لە لەگەڵ زاتی ئەعلا و موتڵەقدا، لە ئەزموونێکی تاکانە و سەربەخۆدا. واتا لەیەک دەمدا زاتی سۆفی و زاتی ئیلاهی تەحقیق دەبێت.

(فەقێ تەیران)، ئاو وەک هێزێکی ڕووحانی و تژی وزە بۆ میعراجی ڕووحانی خۆی بەکاردەهێنێت. دەیکاتە ئەو هێزە شاراوەیەی ڕەوانی (فەقێ تەیران) تا ئاستی هێزێکی سەرووی ماددە و مەنتقەوە بڵند دەکات. (فەقێ تەیران) ڕاستەوخۆ بە ئاو دەڵێت: (شوبهەتا قەلبێ منی).

لێرەدا پێش ئەوەی پتر ڕووبچینە نێو دەقەکەی بەیتی (هەی ئاڤ و ئاڤ)دا، بە پێویستی دەبینم، کۆپلەکانی سەرەتا لێرە دابنێم، تا خوێنەر وێنەیەکی نزیکتر و ڕاستەوخۆ تر ببینێت. دواتر زیاتر بە نێو ئاوەکەدا شۆڕ دەبینەوە!

(١)

هەی ئاڤ و ئاڤ هەی ئاڤ و ئاڤ
ما تو ب عشق و موحبەتێ
مەوج و پێلان تا ڤێی بەلاڤ
بێ سەکنە ئو بێ ڕاحەتێ

(٢)

بێ ڕاحەت و بێ سەکنەئی
یان عاشقێ با خوێ خوەئی
یان شوبهەتی قەلبێ مەئی
ژ عشقا کێ نا تەبتێ

(٣)

ژ عشقا کێ هەر تێی و تێی
هەتا کەنگی هەر بێی و بێی
بۆ من بێژە حەیرانی کێی
دا ئەز بزانم قصەتێ

(٤)

دا ئەز بزانم ڤێ سوڕێ
ژ هندەکێ هەتا پوڕێ[١]

---

[١] ئەو ژێدەرانەی بۆ وەرگرتنی ئەم کۆپلانە بەکارم هێناون، دوو ژێدەرن: (سەعید دێرەشی)، (دیوانا فەقیێ تەیران) و دوکتۆر (مارف خەزنەدار) لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا. هەروەک نووسەر(ڕەشید فندی) لە بابەتێکی ڕەخنەییدا، لە کتێبی (گەڕیانەک د ناڤ باغێ ئەدەبێ کوردیدا)، بەناوی (خواندنەک ل دەفتەرا عشقا فەقیێ تەیران). لەوێدا (ڕەشید فندی) هەندێ تێبینی ڕاست لەسەر ڕێنووس و شێوازی نووسینی هەندێک لە وشەکانی داوە، ئەو تێبینیانە لەسەر(دیوانا فەقێ تەیران) دەچەسپێن. هیوادارم ئەگەر جارێکی تر ئەم دیوانە چاپ ببێت، تێبینییەکانی سەیدا (ڕەشید فندی) لەبەرچاو بگیرێن. هەر بۆ نموونە لە هۆزانی (هەی ئاڤ و ئاڤ) ئەمەی خوارەوە هەیە:
دا ئەز بزانم ڤێ سوڕێ
ژ هندەکێ هەتا پوڕێ
سەیدا دەڵێت: ل پەی هزرا من، دڤیا ئەڤ پارچە هۆسا هاتبا نڤیساندن:
دا ئەز بزانم ڤێ سڕێ
ژ هندەکی هەیا پڕێ

ژ مەعنەیا ڤێ گورگورێ
ژ کێرا دکی ڤێ طاعەتێ
(٥)
طاعەت دکی بێ پا ئو دەڤ
چەندی دکی چوونا ل هەڤ
دەنگێ تە تێ ب رۆژ و شەڤ
زکرێ دکی ب حالەتێ
(٦)
ژکێرا دکی زکری ب حال
قەت گوشگوشکا ناکی بەتال
شوبهەتێ من رەحتێ عەمال[1]
شەڤان و رۆژان خەو نەتێ

---

چونکە هەردوو پەیڤێن (سرِی و پرِێ) مەعنا وان ئاشکەرایە، ئەم بوچی بکەینە (سورِێ و پورِێ). هەر دوێ هۆزانێ دە، ئەڤ هۆزانە هاتیە نڤیسین:
ژ کێرا دکی زکری ب حال
قەت گوش گوشا ناکی بەتال
شوبهەتێ من رەحتی عەمال
شەڤان و رۆژان خەو نەتێ
دنێڤ رێزا سێ دە (رەحتی عەمال) چو مەعنایان ناگەهینیت. وەسا دیارە ب چەوتی ژ دەستنڤیسا هاتیە وەرگرتن یان ب هویری نەهاتیە نێرِین، هەر چەوا بیت دڤیا هاتبا گۆتن، ئەڤە نەخۆش خوینە، یان چەوتە، لێ ئەز بباوەرِم گەر مرۆڤەکێ شارەزا ب هویری بنێریتە دەستنڤیسا دێ تشتەکی ژێ بەتە دەر..

[1] (شوبهەتێ من وەختی عەمال). بروانە: رەشید فندی. گەریانەک د ناڤ باغێ ئەدەبی کوردی دا. ل ١٨٣-١٨٤

(٧)

شەڤان و ڕۆژان بێ خەوی
ژ محبەتا کێ د تەوی
شەڤتاری یان قەت نا حەوی
تو ژ ئەمرێ کێ ڤلەز کەتێ

(٨)

تو ژ ئەمرێ کێ هەر تێی ببەز
سەوداسەری شوبهەتێ ئەز
ژ کێرا دکی چوونا بلەز
ڤێ سەرقوتان و غولمەتێ

(٩)

غولمەت دکی بێ پێ و دەست
ژ کێڕا دکی چەند کۆە و پەست
با خۆی نەگۆت گاڤەک ڤەوەست
هندی دچی دەنگێ تە تێ

(١٠)

دەنگێ تە تێ بێ پێ و هەڤ
طاعەت دکی بێ قەلب و دەڤ
پەیدا دبن ژ تە موج و کەڤ
شین بۆی ژ ڕەنگێ قودرەتێ

(١١)

گەه گەه سپی شوبهەتێ شیر
قەت مسلێ تە ناچن تو تیر
ڕەنگە کو تە یار تێتە بیر
مەیلا حەبیب ژ چونا تە تێ

(١٢)

لازم تە مەحبووبەک هەیە
یان دۆست و مەطلووبەک هەیە
یان مەیل و مەنسووبەک هەیە
لەو بێ لباس و کسوەتێ

(١٣)

لەو بێ لباس و تازییی
ب رەقص و سەیر و گازییی
ژ کێڕا دکی عیشقبازییی
ڕەمز و سڕان تە ڤێکەتێ

(١٤)

ڕەمز و سڕان ڤێکڕا دکی
حەمیان ڤ باخوڕا دکی
وەک عاشقان سێران دکی
گەڕها د میهرا غوربەتێ

(١٥)

گەڕها دنێڤ پیرە دنێ
قەت نانڤی، ناسەکنێ
ڕەنگ شوبهەتێ قەلبێ منێ
ژ محنەتان و زەحمەتێ

(١٦)

زەحمەت بەری، محنەت کەشی
تو نازکی، تەبعەت خوەشی
بێ رح ل عەردێ ڕا د مەشی
بێ دەست و پێ ژ کووڤە تێ

(١٧)

بێ دەست و پێ، بێ چەنگ و پەڕ
بێ پێڵ و مەوج و فەتل و گەڕ
پەیدا دبن ژ تە کڕ و فڕ
ناکی بەیان ڤێ عللەتێ

(١٨)

ڤێ عللەتێ بەیان بکە
تو ڤێ سڕێ پەنهان بکە
جارەک ل من عەیان بکە
دا سەح بکین حکایەتێ

(١٩)

دا سەح بکین ڤێ مەسئەلێ
جوزئەک ژ بەحسا ئەوەلێ
بنیاد بوونا مەنزەلێ
دەوران و چەرخا خیفەتێ

(٢٠)

خیڤەتا عالەم د ناڤێ
ژ بەرکەتا فەیض و گولاڤێ
من تەمەننا کر ژ ئاڤێ
ژ مەعنییا حەقیقەتێ

(٢١)
حەقیقەتا ڤان جەوهەران
مەعریفەتا عەناصران
پەنهان نەکە ژ یار و بران
بێ فەم ببێژە حکمەتێ
(٢٢)
بێ فەم و قیل و قال ببێژ
هێدی ب لەفزێ حال ببێژ
بەر میم و حێ و دال ببێژ
شەرح و بەیانا کاغەتێ
(٢٣)
دا کاغەتێ اسبات بکین
قەیدێد هوور اعتبار بکین
جارەک ل من ئیظهار بکین
واضح کو فەهمێ من رە تێ

(تالیس) بە هەمان شێوە، ئاو دەکاتە بنەمایەک بۆ هەموو بوون، بەڵام ڕەنگە جیاوازی (تالیس) و (فەقێ تەیران) لێرەدا ئەمە بێت، (فەقێ تەیران) سۆفیگەریش دەخاتە نێو ئەم نهێنییەدا. لە ڕێی دامەزراندنی پێوەندییەکی عاشقانە و موحبانە، ئەمە لای (تالیس) نابیندرێت. بەڵام لای زانایەکی تری سروشتگەر (ئەمپادۆکلیس)، کە یەکێک بوو لە شاگردانی (فیساگۆرس) دەبیندرێت. بڕوای ئەو ئەمەبوو، کە بوون لە چوار ماکی سەرەکی: (ئاو، هەوا، خاک و ئاگر) پەیدابووە. هێزی (فیلیا) واتا عیشق و مەحەبەت، وادەکات ئەم ماکانە تێکەڵی یەکدی ببن، بە پێچەوانەی هێزی (نیکۆس)ە، واتا جودابوون.

هزرەکانی (ئەمپادۆکلیس) لە هزرەکانی (زەردەشت) نێزیک بوون، چونکە لای (زەردەشت) هەردوو هێزی (مینوک) و (گیتیک) هەمان ئەو هێزانەن کە (ئەمپادۆکلیس) بە (فیلیا) و (نیکۆس) ناودێریان دەکات و هەمان ڕۆڵ دەبینن.

(فیلیا) فرەیی بەرەو یەکبوون دەبات، (نیکۆس) لە یەکەوە پەرتبوون و فرەیی بەرهەم دەهێنێت. گەردوون لەنێوان ئەو دوو جوڵەیەدا، بە ئارامی وەستاوە و سەقامگیرە. لە ئەنجامی ئەم دوو جوڵەیەدا، شتەکان پەیدا دەبن و لەنێو دەچن. ململانێی نێوان (فیلیا) و (نیکۆس)، هەمان ململانێی نێوان (ئاهوورا) و (ئەهریمەن)ە. ئەم دوو هێزە، سوڕی ژیان لە نێوان چاکە و خراپەدا، تاریکی و ڕووناکییەوە، خۆشەویستی و ڕقەوە پەیدا دەکەن.

مرۆڤ ڕێگا دەدات ببێتە بەشێک لە هێزی ناچاکە (نیکۆس)، بەڵام مرۆڤ ئەو کاتە بە قۆناغی زێڕینی ژیانی خۆی دەگات، کاتێک (فیلیا) واتا عیشق و مەحەبەت زاڵ دەبێت! لای (فەقێ تەیران) هێزی عیشق و مەحەبەت لەنێو جوڵە و بزاوی ئاو و ڕووباردا زاڵە. واتا سروشت بە گشتی بە هێزی عیشقەوە، دەجوڵێتەوە و بەردەوام خۆی نوێ دەکاتەوە. ئەمەش لە خۆیدا پێشبەریکردنی تیۆریی (فەیض – سەرڕێژبوون)ە. کە دواتر باسی لێوە دەکەین.[1]

لێرەدا (فەقێ تەیران) لە ململانێ و جیاوازی نێوان (هیراکلیتۆس ٥٤٦-٤٨٢ پێش زایین) و (پارمەنیدس ٥١٥-٤٥٠ پێش زایین) نزیک

---

[1] خیڤەتا عالەم د ناڤێ
ژبەرکەتا فەیز و گولاڤێ
من تەمەننا کر ژ ئاڤێ
ژ مەعنییا حەقیقەتێ

دەبێتەوە. ئەم هەردوو زانایە بایەخیان بە کەینوونە و وجوود داوە. (هیراکلیتۆس) بەمە بەناوبانگ بوو، دەیوت: (هەرچییەک هەیە لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە)، یان (هەر شتێک هەیە دەگۆڕێت) قسەیەکی ناوداریشی هەیە دەڵێت: (ناتوانی پێیەکانت دوو جار بکەیە یەک ڕووباردا!) چونکە شەپۆڵ و دڵۆپەکانی ئاوەکە و قەراغی ڕووبارەکەش دەگۆڕێت. ئەمە بووە بەردی بناغەی فەلسەفەی وجوودی، کە دەبینێت هیچ شتێک جێگیر نییە. هیچ شتێک خۆگر نییە، هیچ شتێک نییە نەگۆڕێت، هیچ شتێک ئەبەدی نییە. ئەوەی هەیە تاقانەیە و لە ئێستادایە. بوون هەیە نەوەک جەوهەر، بەڵام (هیراکلیتس) باوەڕی وابوو، هەقیقەتی بنەڕەتی لەنێو خۆیدا یەکە و بزاو و جوڵەی هەیە، وەک ئاگر چالاکە و بە جوڵەیە، بەردەوام گەشە دەکات، ئەگەر وا نەبێت دەکوژێتەوە. واتا جەدەلێک و لێکدژییەک لەنێو ئەواندا هەیە.

لەبەرانبەر (هیراکلیتیس)دا، (پارمەنیدس) وتی: (هەر شتێک کە هەیە، هەیە!) مەبەست لێی ئەمەبوو کە واقعێک هەیە و ناگۆڕێت. شتێک کە بگۆڕێت، واتا نییە. چونکە نابێت زەمەن بوەستێت تا گیاندار و زیندەوەران هەبن. مرۆڤ گیانداریێکە و بە ڕاستی هەیە. وەهم نییە. هەستەکان سەرچاوەی زانین نین، بەڵکوو بوون ماهییەت و ئایدیایە.

فەیلەسووف و سۆفیی ئێمە، (فەقێ تەیران)، ئاگای لە فەلسەفەی یۆنانی و هەروەها کولتوور و فۆلکلۆری کوردی و ئەدەبی زارەکیی کوردی و ناوچەکە و وڵاتانی هاوسێش بووە، ئەو بە خۆیشی بەردەوام لە گەڕان و سەفەر و پەیداکردنی ئەزموون و زانین و مەعریفەت بووە. لەسەر ئەم گۆڕانە دەڵێت:

گەه گەه سپی شوبهەتێ شیر
قەت مسلێ تە ناچن تو تیر

ڕەنگە کو تە یار تێتە بیر[1]
مەیلا حەبیب ژ چونا تە تێ
لازم تە مەحبووبەک هەیە
یان دۆست و مەطلووبەک هەیە
یان مەیل و مەنسووبەک هەیە
لەو بێ لباس و کسوەتێ

لەو بێ لباس و تازییی
ب ڕەقص و سەیر و گازییی
ژکێڕا دکی عشقبازییی
ڕەمز و سڕان تە ڤێکەتێ

(فەقێ تەیران) وەک (هیراکلیتۆس) تێگەیشتووە، (مرۆڤ ناتوانێت دوو جار پێیەکانی خۆی بکاتە یەک ڕووبارەوە!) ناوپێشانی بەیتەکە (ئاڤ و ئاڤ)، واتا دووبارەکردنەوەی ناوی (ئاڤ) و (ئاڤ). ئەو بیرکردنەوەمان دەداتێ، کە هەر وشەیەک لە ناوی (ئاو)، واتا (ئاو)ی یەکەم و (ئاو)ی دووەم لە ناوپێشانی بەیتەکەدا، خاوەن دڵۆپە ئاوی جیاوازی خۆیانن! واتا (ئاو)ی یەکەم، هەمان (ئاو)ی دووەم نییە. چونکە ڕووبارەکە دەگۆڕێت، هەروەها مرۆڤیش دەگۆڕێت. مرۆڤیش یەک چرکە و کەمتر لە چرکەیەک دەگۆڕێت، چونکە چرکەیەک گەورەتر دەبێت! مرۆڤیش هەر ئەو مرۆڤە نییە، کە بتوانێت دوو جاران پێیەکانی خۆی، بخاتە نێو هەمان ئاوەوە!

---

[1] دکتۆر مارف خەزنەدار، ئەم دێرەی وەها نووسیوە: (دەنگی تە تێ یار تێتە بیر!)

تێبینی کردنی ئەمە لە لایەن (فەقێ تەیران)ەوە، ئاماژەیە کە ئەو ئاگاداری فەلسەفە و فەیلەسووفانی یۆنانە، ئەمەش دەرگەیەکی نوێ بۆ ئێمە دەکاتەوە، تا لە ئاستی زانین و ناسین و ئاگامەندی (فەقێ تەیران) و شاعیران و بیرمەندانی ئەو سەردەم و پێش و پاش ئەوانیش بگەین. تا بزانین نووسەرانی ئەو کات، بە گشتی چەند ئاگایان لە فەلسەفە و ڕۆشنبیری یۆنانی و ئێرانی و خۆرهەڵاتی بووە؟ ڕۆشنبیریی دینی، ئەدەبی و فەلسەفی چەند ڕۆڵیان هەبووە لە بیرکردنەوە و نووسین و تێگەیشتنی ئەواندا؟

لەڕێی دەقەکانی (فەقێ تەیران)دا، دەتوانین نەوەک بە تەنیا لە بەرهەم و ئاستی ڕۆشنبیریی (فەقێ تەیران) و شاعیر و بەیتنووسەکانی تر بگەین، بەڵکوو دەتوانین لە ئاستی بەیتبێژ و گوێدێرانی ئەم بەیتانەش بگەین. واتا بە گشتی لە ئاستی هۆشیاریی گشتی بگەین! چونکە زۆرێک لە بەیت و شیعرەکانی (فەقێ تەیران)، وەها تێکەڵی بەرهەمگەلی فۆلکلۆری و میللی بوون، کە گەلێک جاران لێکۆڵەر هەڵە دەکات و نازانێت بەرهەمەکە میللییە، یان هی (فەقێ تەیران)ە؟ هەروەها هەندێک بەیت هەن، ڕەنگە بەرهەمی میللی بن، بەڵام بە هەڵە درابنە پاڵ (فەقێ تەیران)؟! ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە تێگەیشتن و زمان و سەرچاوەکانی بیرکردنەوە و فەلسەفە و سۆفیگەریی (فەقێ تەیران) زۆر نزیکی خەڵکی بووە!

واتا لە ڕۆشنبیریی کۆمەڵایەتیدا، بابەتگەلی وەک پەیدابوونی بوون، چ وەک ئۆنتۆلۆجی، یان وەک میتافیزیک، یانیش وەک بابەتێکی ئیلاهی و غەیبانی، قابیلی ئەوە بوونە لەنێو خەڵکیدا ببنە بابەتی باس و وتووێژ و تێگەیشتن، هەروەها چەمک و ناوەکانی عیشق و مەحەبەت لەنێو ڕۆشنبیریی زارەکی و نووسراودا، بابەتێکی بڵاو بووە و شەرم و زەحمەت نەبووە، کە باس و پێشکەش بکرێن؟!

به پێی (فەلسەفەی ئیشراقی سوورەوەردی)، بوون: دەربڕین نییە لە (کونفەیەکون) و ئەمرێکی ئیلاهی، بەڵکوو بوون بریتییە لە سەرڕێژبوونی (نووری نووران) و پەیدابوونی ئەقڵ و فریشتەگەلی گەورە. دەرچوونی ئەم فریشتانە لەیەکدی، لەدایکبوونی ئەرباب و ڕەوان و لەش و هەموو بوونەوەرەکانی جیهان و گەردوونی لێ پەیدادەبێت. ئەم کرداری سەرڕێژبوونە، کردارێکی بەردەوامە، ڕووناکی بێ وەستان پەیدا دەبێت. وەک ئاوی ڕووبار، کە بەبەردەوامی و بێ وەستان و بێ جێگیربوون خۆی پەیدا دەکات و نوێ دەکاتەوە.

هەڵبژاردنی پێکهاتەی ئاو، وەک ڕەمزێکی ئیشراقی بۆ بوون و پەیدابوونی بوون، تیۆری سەرڕێژبوونی ئیشراقی، کە لای ئەفلاتۆن و ئەفلاتۆنیزمی نوێ پەیدا دەبێت، لەسەر دەستی (سوورەوەردی) وەک فەلسەفەیەکی خۆرهەڵاتی و ئیسلامی، بۆ نێو هزر و فەلسەفە و سۆفیگەری دێت. ئاو نەوەک بە تەنیا پێکهاتەیەکی کیمیاییە، بەڵکوو ماددەیەکە بوون و پەیدابوونی بوون و بەردەوامی بوون و سەرڕێژبوونی بوونی تێدایە! شتی سەرنجڕاکێش لای (فەقێ تەیران) ئەوەیە، ئاو هەڵگری هێزی بوون و ژیانە، شەپۆڵگەڵی بەهێز و خورت بڵاو دەکاتەوە، بێ وەستانە، واتا بەردەوام دەجوڵێت و ڕووناکی پەیدا دەکات. سەرڕێژ دەبێت (فەیض) و فەیزانان پەیدا دەکات!

ئەو پرسیارەی (فەقێ تەیران) لە ئاوی دەکات ئەمەیە:

ژ عشقا کێ هەر تێی و تێی
هەتا کەنگی هەر بێی و بێی
بۆ من بێژە حەیرانی کێی
دا ئەز بزانم قصەتێ

تا لەڕێی عیشقەوە، لە چیرۆکی خەلیقەت و پەیدابوون بگات. ئاو، وەک دڵی (فەقێ تەیران) (شوبهەتێ قەلبێ مەئی) سەرچاوەیە بۆ زانین و ناسینی بوون. (قەلب- دل) لە سۆفیگەریدا بە گشتی، کانی زانین و ناسینە. لای (فەقێ تەیران) ئاو و دڵ شوبهەتی یەکن. واتا عارف لە نێو ئاودا دڵی خۆی دەبینێت و لەنێو دڵی خۆیشیدا ئاو دەبینێت! چۆن ئاو هێزی بوون هەڵدەگرێت، دڵیش هێزی مرۆڤ و زیندووبوون هەڵدەگرێت. لە سۆفیگەریدا مرۆڤ جیهانی بچووکە و جیهانیش مرۆڤی گەورەیە. بوون لە ڕێی ئاوەوە مەقامەکانی پەیدا دەکات، مرۆڤی عارفیش بە ڕێی دڵییەوە بە مەقامەکانی سۆفیگەرییەوە دەگات و بڵند دەبێت.

طاعەت دکی بێ پا ئو دەڤ
چەندی دکی چوونا ل هەڤ
دەنگێ تە تێ ب ڕۆژ و شەڤ
زکرێ دکی ب حالەتێ

هەم ئاو و هەم سۆفی، پەرستش دەکەن و شەپۆڵ و کەف پەیدادەکەن، مەیلی حەبیب و یار دەکەن. هەردووکیان یەک مەحبووبیان هەیە. بۆ ئەو مەحبووبە سەمای سۆفییان دەکەن، دەکەونە بازنەی عیشقبازی، بە ڕەمز و ڕاز و نهێنییەوە، بە میحنەت و زەحمەتییەوە، تەماشای عیللەت و پەنهانییەکان، حەکایەت و مەسەلەکان، لە بنیاتی مەنزڵ و دەوران و چەرخی خێوەت دەکەن. تا واتای فەیز و حەقیقەت بزانن!

### ٣- سەرڕێژبوونناسی:

سەرڕێژبوون (emanation) وشەیەکی لاتینییە، ڕامانی دەرچوون (procession) یان پەیدابوون دەدات. وتەیەکی فەلسەفییە گرێدراوی دیتنێکی جەدەلییە بۆ جیهان. واتا سەرڕێژبوون هەوڵ دەدات، کە پێوەندی نێوان جیهانی بەرز و جیهانی نزمدا بخوێنێتەوە، یان جیهانی ڕووحانی و جیهانی ماددی تەفسیر بکات.

بە پێی تیۆریی سەرڕێژبوون، هەموو بوونەوەر لە (یەک – خودا) پەیدابوونە. وەک چۆن ڕووناکی لە خۆر سەرڕێژ دەبێت. هەموو بوونەوەرەکان لە ڕیزبەندییەکی تایبەتدا پەیدابوون. تەنیا یەکەم بوونەوەر لە (یەک) پەیدا دەبێت، ئینجا ئەو یەکەم پەیدابوو، دووەم پەیدا دەکات، دووەم پەیدا بوو سێیەم پەیدا دەکات، بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت تا بە دواهەمین ئەقڵ و ڕەوان و لەش دەگات.

ئەفلۆتین (٢٠٤-٢٧٠ زایینی) فەیلەسووفێکی یۆنانی بوو، لەگەڵ مامۆستاکەی (ئامۆنیۆس ساکا) قوتابخانەیەکی فەلسەفی لە ئەسکەندەرییە دامەزراند، بە (ئەفلۆتینزمی نوێ) ناودێری کرد. ئەفلۆتین لە سەر تێزی (نموونەکان)ی ئەفلاتۆن و دژە تێزی ماددیی ئەرستۆ، ئاوێتە تێزێکی بەناوی سەرڕێژبوون پەیدا کرد. ئەو جیهان بۆ (بنەڕەتێکی بالا) (یەک – خودا) دەگەڕێنێتەوە، کە یەکەم خێرە، یان چاکەیە. بوونی لێ پەیدا دەبێت. ئەم کردارە کردارێکی سروشتی و زەرووورییە، نەوەک بە ویست وهەڵبژاردنەوە بێت.

سەرڕێژبوون؛ کردارێکی بەردەوامە و بێ سەکن و بێ راوەستان، ڕوو دەدات. بێ ئەوەی هیچ لە "یەک" کەم ببێتەوە. سەرڕێژبوون لە ڕووناکی کاملتر بۆ ڕووناکی کەمتر پەیدادەبێت. واتا یەکەم بنەما، ئەقنوومی یەکەم بە کەمال و تەواوەتی خۆیەوە دەمێنێتەوە. یەکەم ئەقڵ، یان فریشتە، کە لە (یەک) دەردەچێت، لەو ڕیزە فریشتانەی،

سوورەوەردی بە (فریشتەکانی دایک) ناودێریان دەکات، لای سوورەوەردی یەکەم دەرچوو، یەکەم ئەقڵ و فریشتە، ناوی (بەهمەن)ە، کە دوای (خودا) ئەقنوومی دووەمە و وێنەیەکە بۆ یەکەم، لە ڕووناکی ئەو پەیدا دەبێت. بەهمەن لە خودا کەمتر و لاوازترە، لای ئەفلۆتین ئەم ئەقنوومە (پیشەگەرە) واتا خالقە، پەیداکاری جیهانە. لەویشەوە ئەقڵێک، یان فریشتەیەک، یان ئەقنوومێکی تر پەیدا دەبێت، کە سێیەمە و پێی دەڵێت (ڕەوانی هەمەکی) ئەویش وێنەیەکە بۆ ئەقنوومی دووەم، ڕەنگدانەوەی ڕووناکی ئەوە. ڕووناکی ئەویش لە ڕووناکی ئەقنوومی دووەم کەمترە. دواهەمین بوونەوەری جیهانی خوداوەندییە و دەبێتە پردێک لە نێوان جیهانی سەرەوە و جیهانی بنەوە. لەویشەوە سەرڕێژبوون دەردەچێت و ڕەوانگەلی هەسارە و مرۆڤ و بوونەوەرەکانی جیهانی بنەوە پەیدا دەبن.

سەرڕێژبوونی ئەفلۆتین، شێوازێکە لە شێوازەکانی (یەکبوونی بوون) چونکە (هەموو لەنێو هەموو) دایە. خودا لەنێو هەموو شتێکدایە، یەکەم، هەموو شتەکان لەخۆیەوە دەگرێت، چونکە ئەوەی بنەوە لەنێو ئەوەی سەرەوەدا هەیە، لەش لەنێو ڕەواندایە، ڕەوان لە نێو ئەقڵدایە، ئەقڵ لەنێو یەکەمدایە و یەکەمیش لە هەموو جێیەکدایە.

پێشەکی بەیتی (هەی ئاڤ و ئاڤ) وەک شێواز و ناوەڕۆک لەنێو سەرڕێژبووندایە! (فەقێ تەیران) بەردەوام پرسیارگەلێک دەکات و چەندان جار بە ئاو دەڵێت، کە بێ سەکن و بێ وەستان، بێ ڕاحەت مەوج و شەپۆڵ و پێلان دەدات، عاشقی خودای خۆیەتی، جێگیر نابێت، هەر دێت و دێت، لەنێو سڕێکدا حەیرانە، گوڕەگوڕی دێت، بێ پێ و بێ دەم و زار و پەرستن دەکات، بە شەووڕۆژ دەنگی دێت، بە حاڵ زکر دەکات، گوشەگوشی هەرگیز تەواو نابێت و نابڕێتەوە، نە شەو و نە ڕۆژ ناخەوێت، حەسانەوەی نییە، ئارام نابێتەوە، لە ژێر ئەمردایە، بە

پەلە دەڕوات، دەبەزێت، سەوداسەرە، چرکەیەک ناوەستێت، دەنگی هەر بەرزە و هتد...) بۆیە (فەقێ تەیران) دەڵێت کە ئاو ئاوا سەرڕێژ دەبێت، واتا دەبێت (مەحبووب، دۆست، مەطلووب، مەیل، مەنسووب و مەعشووقێکی) هەبێت! دەبێت (یەک)ێک هەبیت، کە ئەو (یەک) (یەکەم)ە.

ئەو یەکەم کاملە، بێ کۆتاییە، بێ سنوورە، لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە. ئەو بەسەر ئەوانەی کەموکورت و نەقوستانن سەرڕێژ دەبێت، بە سەر ئەوانەی ڕووناکیان لەو کەمترە. هەموو بوونەوەر و پەیدابووەکان لەو کەمترن، تەنیا ئەو کاملە، مرۆڤیش کامل نییە و کەموکوڕ و نەقوستانە، بۆیە نابێت هیچ سیفەتێکی مرۆڤ بدەینە پاڵ (یەکی کامل)، چونکە ئەو لە سەرووی سیفەتەکانی مرۆڤە، ئەو پەیداکاری مرۆڤە. ئەو سیفەتانەی مرۆڤ دەیداتە (یەکی کامل) لە ئەنجامی ئەقڵ و بیرکردنەوە و تێگەیشتنی مرۆڤی ناکاملە. ئەقڵی مرۆڤ ناتوانێت خودا وەک خۆی بناسێت.

هەروەها ئەفلۆتین دەبینێت، لەش گرنگ نییە، چونکە ماددەیە و شتگەلی مادديش لەم جیهانەدا ڕاست نین. لەگەڵ کات و شوێندا دەگۆڕێن، لەگەڵ بارودۆخەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، تێک دەچن، گەندەڵ دەبن و نامێنن. لەش زیندانی ڕەوانە و دەبێت ئازاد بێت. چونکە زیندووبوون، یان ژیان بۆ ڕەوان لەنێو مادديياتی جیهاندا سەفەرێکی کورتە و هیچ پێوەندی پێوە نییە، لە ڕاستیدا ڕەوان بە یەکی کاملەوە بەندە.

لە نێو موسڵمانانداا (فاڕابی ٨٧٤-٩٥٠زایینی) لەبارەی سەرڕێژبوونەوە دەڵێت دوو بوون هەن:

یەکەم- بوونی واجیب.

دووەم- بوونی ممکن.

خودا (واجیبولوجوود)ە، واتا بوونی واجیبە، پێش هەر شتێک هەبووە. بوونی ئەو پێویستی بە بەڵگە نییە، ئەو پەیداکار و بناسی بوون و پەیداکاری هۆکارەکانیشە، ئەو (عیللەتی عیللەلە).

خودا فەیز دەکاتە سەر ئەو بوونەوەرانەی ئەو پەیدای کردوون، هەموو بوونەوەر لەبەرانبەر ئەودا کەموکورتن. چونکە بەتەنیا ئەو کاملە. هەموو پەیدابووەکانی تر، بوونەوەرەکانی تر لەو پەیدابوونە، هەموو مەخلووق و بوونەوەری ممکنن. بە نەمانی ئەوان هیچ لە بوون نایەت، بە واتایەکی دی، هەموو بوونەوەر لە خودا سەرڕێژ بوون، لە بوونی واجیبەوە، هەمووش بۆ ئە دەگەڕێنەوە.

لای (فارابی)، مرۆڤیش ممکنە، چونکە ئەویش وەک بوونەوەرەکانی دی، کامل نییە و کەموکورتە. ڕەنگە ممکنەکان لەگەڵ یەکدی چالاکی ئەنجام بدەن و بەریەکدی بکەون لە نێو خۆیاندا کامل ببن، بەڵام کاریگەرییان لەسەر بوون نییە، تەنیا بە قەبارەی چاکبوون و بەریەککەوتنیان نەبێت.

مرۆڤ و جیهان ئاوێنەی یەکدین، جیهان و ماکەکانی (ئاو، ئاگر، خاک و هەوا) هەموو ممکنن، لە توخمگەلی هاوبەش پێکهاتوون، ماکەکان لە نێو جیهان و مرۆڤدا ساز و ئامادەن. جیهان و لەشی مرۆڤ وەک دوو ممکن، تەنیا ماددە و توخمی سەرەکی (هیوولان)ن[1]

---

[1] هیوولی، یان هیوولا: وشەیەکی یۆنانییە، واتای ئەسڵ- بنەڕەت، یان (prime matter) ماددەی سەرەکی دەدات. هیوولا لە هەموو شتێکدا، شینکاتی و ئاژەڵ و شتگەلی بێگیان یەکە. بوونەوەر هەموو یەکن، بەڵام لە وێنە و سیفەتدا جیاوازن، هیوولی خۆیدا، نە زاتی هەیە و نە وێنە، بۆیە پێویستی بە وێنەیە، تا دیاربێت وەسف بکرێت تایبەتمەندییەکانی دەستنیشان بکرێن.

بۆ پێکهاتنی جیهان. بە تەنیا وەسف نین بۆ (نەرمی و شلی و گەرمی و ساردی و وشکی و هتد..) بەڵکوو لای (فەقێ تەیران)، ئەم هیوولییە دۆخێکی مەعریفی بۆ سۆفی و فەیلەسووف پەیدا دەکەن، تا لە پێناو ناسیندا، وەک تێهزرین و تێگەیشتن تەماشای سروشت و جیهان و مرۆڤ بکات.

بۆ ئەمەش سەررێژبوون و پەیدابوونی جیهان و مرۆڤ وەک بوونگەلی ممکن و کەموکورت، ناسینی توخمگەلی سەرەکی و هیوولا، بۆ ئەوەیە تا سۆفی و فەیلەسووف خودی ڕاستیی ڕەها بناسێت.

خیڤەتا عالەم د ناوی
ژبەرکەتا فەیز و گولاڤێ
من تەمەننا کر ژ ئاڤێ
ژ مەعنییا حەقیقەتێ

حەقیقەتا ڤان جەوهەران
مەعریفەتا عەناصران
پەنهان نەکە ژ یار و بران
بێ فەم ببێژە حکمەتێ

ماکەکانی جیهان و مرۆڤ (ئاو، ئاگر، خاک و هەوا)ن، بوون بریتییە لەو گۆڕانکارییانەی لەم چوار ماددەیەدا ڕوودەدەن، ئەم ماکانە وێنەی جۆراجۆرن، ماددەکانی جیهان و مرۆڤ لە (نەرمی، گازی و ڕەقی) پێکدێن. هەموو دیاردەکانی سروشت لەسەر بنەمای جوڵە و ئەو گۆڕانانەی لەو ماکانە ڕوودەدەن، پەیدا دەبن.

له ئەنجامی تێکەڵبوونی ئەو ماکانە (ئاژەڵ، شینکاتی و کانزا) پەیدا دەبن. بە تێکەڵبوونی ئەم ماکانە جەوهەرەکان ناگۆڕێن، بەڵکوو هێز و سەرکەوتنی هەر پێکهاتەیەک دوای تێکەڵبوون وا دەکات ماددەیەک لە ماددەیەکی تر جیاواز بێت، بۆ نموونە خاک ئەو پێکهاتەیەیە، کە لە کانزا و شینکاتی و ئاژەڵاندا زالە، چونکە پێکهاتەی خاک وا دەکات شێوەی زەوی و هێزەکانی بپارێزێت. مرۆڤ کاملترین تێکەڵبوونی ماکەکانە، چونکە هەر مرۆڤە دەتوانێت بیر بکاتەوە و مەعریفە پەیدا بکات.

(ئاڤ و ئاڤ، ڕووبارا شین، گەه گەه سپی دبیت). واتا بەردەوام لە (پرۆسێس) دایە، وشەی (پرۆسێس– process) وشەیەکی لاتینییە، واتای بەردەوامی و جوڵە و گۆڕان لە پێکهاتەی شتەکان دەدات. سەرڕێژبوون و گۆڕان وا دەکەن هەموو ماددە لە پرۆسێسێکی بەردەوام دابن.

زۆربەی سۆفییەکان و لە پێش هەموویان (سووڕەوەردی ١١٥٥– ١١٩١ زایینی) تیۆری سەرڕێژبوونی ئەفلاتۆنیی وەرگرتووە و بە زمانێکی (زەردەشت)یانە، شیی کردۆتەوە و حیکمەتی ئیشراقی لەسەر دامەزراندووە. لێرەدا زۆر بە کورتی، لە چەند خاڵێکدا باسی دەکەین:

١. بوون خاوەن یەک بنەما و بنەڕەتی هەقیقییە، ئەویش ڕووناکییە. نووری نووران، ڕووناکی ڕووناکییانە.

٢. لە ڕووناکی ڕووناکییەکانەوە، یەک پەیدابوو دەردەچێت، ئەویش ئەقڵ یان فریشتە (بەهمەن)ە، ڕووناکییەکی بێگەردە و نامادییە.

٣. دوای ئەوە لە فریشتە (بەهمەن) فریشتەیەکی تر بە ناوی (ئۆردیبەهەشت) پەیدا دەبێت، ئەقڵی دووەمە و بەرزەخی دەوردەرە.

٤. لە پاش ئەو فریشتەی سێیەم (شەهریوەر) پەیدا دەبێت، لە فریشتەی سێیەمیش، فریشتەی چوارەم و لەویش، فریشتەی پێنجەم و

بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت، تا ڕیزێکی ئەقڵی بە شێوازێکی ستوونی پەیدا دەبێت، ئەوان جیهانی بڵند پەیدادەکەن[١].

٥. لە ڕیزی ستوونی فریشەگەلی دایک، ڕیزێکی تر بە ئاسۆیی پەیدا دەبێت، لەو فریشتانە جیهانی ماددی و وێنەکانی پەیدا دەبن.

٦. فریشتەگەلی دایک، ئیشراق بەسەر یەکدا دەکەن و سەرڕێژ دەبن، لە ئەنجامی ئەم پڕۆسێسەدا، خودانی بتەکان (ئەرباب) پەیدا دەبن. ئەوانیش ڕەگەز و پێکهاتە و توخمەکان پەیدا دەکەن. بوون لە ڕێی سەرڕێژبوونەوە، پەیدابوونێکی بەردەوامە، واتا پرۆسێسە. لە بووندا دوو جۆر سەرڕێژبوون هەن، یەک ئەوەی لە جیهانی سەرەوە بۆ جیهانی بنەوە شۆڕ دەبێتەوە، دووەمیش سەرڕێژبوونی ڕووناکی بنەوە بەرەو سەرەوە دەجولێتەوە، پێی دەڵێن موشاهەدە.

٧. جیهانی کۆن، جیهانی سەرەوە، هۆکاری هەموو بزاو و جوڵە و جیهانی ماددەیە.

٨. ڕووناکییەک کە پێی دەڵێن (ئەسفەهبەدی) بەڕێوەبەری لەش و پەیکەرەکانی مرۆڤەکانە.

٩. مرۆڤ خاوەن هەستی دیار و نادیارە.

١٠. ڕووح پردە لە نێوان ڕەوان و لەشدا

١١. زانین بریتییە لە ئیشراقکردن.

١٢. دوای مردن، ڕەوان بۆ لای ڕووناکی ڕووناکییەکان دەگەڕێتەوە.

---

[١] (بەهمەن، ئۆردیبەهەشت، شەهریوەر، ئەسفەندارمەد، خورداد، مورداد، ئازەر، ئابان، دێی و ئەسفەهبەد).

١٣. ناسینی ماددەی جیهان و مرۆڤ، ناسینی گۆڕان و ڕەهەندەکانی ئەو ماددانە، ناسینی سەرڕێژبوون و ناسینی ئیشراقی، دەبێتە ناسینی بوون. واتا ناسینی خودا- ڕاستیی ڕەها!

## ٤- عیشق و حیکمەتناسی

لەم بەیتەدا (فەقێ تەیران) پێوەندییەکی وجوودی لە نێوان عیشق و ڕاستیدا دادەنێت، عیشق لە نێو ئاو و دڵی (فەقێ تەیران)دا پەیدابووە، بەو وەسفانەی لە بەیتەکەدا هاتوون، عیشق هەردووکیان بەرەو ڕاستی دەبات. ئامانجی ئاو و ئامانجی فەقێ تەیران، ڕزگاربوونە لە پرس و محنەت و زەحمەتیدا، تا بە حیکمەت و ڕاستی بگەن.

چۆن ئاو لە سەفەرێکی بێ وەستان و بێ سەکن دایە، دڵی (فەقێ تەیران)یش بێ وەستان و بێ سەکن لێ دەدات، کەف و شەپۆڵی خوێنین دەدات. عیشق بۆ هەردووکیان دەبێتە سەفەر و گەڕانێک، کە کات و شوێنی تێدا فەنا دەبێت. ژیان و جیهان و ئیمان دەکەونە نێو بازنەی عیشق. کە تاکە بازنەی مەعریفەتە و حیکمەتی تێدا کەشف دەبێت، یان پەیدا دەبێت.

لە سۆفیگەریدا عیشق بۆ خودایە، ئەمیش بە دوو شێواز پەیدا دەبێت، یان خودا، ڕاستەوخۆ دەیکاتە دڵی مرۆڤەوە، یان لە ڕێی مەعشووقێکی مرۆییەوە، کچێک، یان ژنێکی جوان تا ڕادەی سیحربەندی و بێهۆشکردن و شێتکردن، دڵی مرۆڤ داگیر دەکات. عیشقی فەقێ تەیران لە جۆری دووەمە.

لە بەیتی (ئاڤ و ئاڤ)دا، عیشقی خودایی و دنیایی (سەرتەم) و دیدار و دینەکەی، نوێبوون و کۆنبوونی ئاو و بابەتی (حادث) و (قیدەم)ی جیهان. بەستنەوەیان بە حیکمەت، فەزایەکی دی بە بەیتەکە دەدەن:

فەقێ تەیران دەڵێت:

دیدار و دینا سەرتەمی
ئاڤێ ب ڕەببی عالەمی
تو (حادث) یان (قدەمی)
یان تو نزانی حکمەتێ

لەبارەی ناوی (سەرتەم)ەوە، دکتۆر مارف خەزنەدار دەڵێت: (کچێکی گاورە، ئەرمەنە یا گورجە[1]). (فەقێ تەیران) موسڵمانە، بەڵام مەعشووق کچێکی گاورە. جیاوازیی دینی لە نێوان فەقێ تەیران و (سەرتەم)دا، وەک ئیشراقییەک، خالێکی بنەڕەتییە لە حیکمەتی ئیشراقییان و تێگەیشتن و بیرکردنەوەی (فەقێ تەیران)دا.

لێرەدا حیکمەت بەرهەمی عیشقێکی نامونتەمییە بۆ ئیسلام، واتا ژێدەری حیکمەتەکە سەرچاوەکانی حیکمەتی ئیسلام نین، بەڵکوو دیدار و دینی کچی گاورە! ئەم نموونەیەمان لە بەیتی (شێخێ سەنعانی)یشدا دیت. ئەزموونێکی ڕووحانی بڵند و بەرزە و سنوورەکانی شەریعەت و تەریقەت دەبەزێنێت و دەچێتە نێو بازنەی هەقیقەتدا. ئەو حیکمەتەی (فەقێ تەیران) باسی دەکات، بە بیرکردنەوەی مەنتقی و لێکۆڵینەوەی ئەقڵانی، یان بڵێین بە ڕێی (مەشاییەکان) و بەڵگەی هۆشەکی پەیدا نابێت، بەڵکوو لەنەمانی سنوورەکانی نێوان عاشق و مەعشووقدا، پەیدادەبێت. دیداری سەرتەم، یەکبوونی عاشق و مەعشووق پەیدا دەکات. لێرەدا عیشق دەستەڵادارە و دین و فەزای خوداوەندی ئەمەندە فرەوان دەبێت، کە هەموو دینەکانی لە نێو دەتوێنەوە. هەموو دین دەبنە

---

[1] بڕوانە: دکتۆر مارف خەزنەدار. مێژووی ئەدەبی کوردی. بەرگی دووەم. سەدەکانی چواردەم-هەژدەم. ل ٢١٧

فەزایەکی کراوە بۆ دیتن و ئاشکراکردنی عیشق. واتا عاشق دینداری بە جیاوازی دینەکان، دەکاتە ئەزموونێکی ڕووحانی بێگەرد.

ئەم دیدارە، زمانی (فەقێ تەیران) ئەندێشە و زمان، فەزای بیرکردنەوە و پرسەکان فرەوانتر دەکات. ئەم ئەزموونە ڕووحانییە دەباتە نێو جیهاندا و پرسیار لەبارەی کۆنبوون و نوێبوونی ئاو دەکات! بابەتی کۆنبوون و نوێبوونی جیهان، هەمیشە بابەتێکی زیندوو و کاریگەر بووە، لە هزری دینی ئیسلامیشدا گەلێک باس کراوە، تا ئێستاش مشتومڕ لەبارەی ئەم بابەتە هەیە، چونکە هەندێک زانا ڕەخنە لەوە دەگرن، کە ئەو تێگەیشتنە وا دەردەخات، کە خودا و جیهان هەردووکیان کۆنن! بەمە دوو کۆن دەسەلمێنن. ئەمەش واتای یەکسانبوونی خودا و جیهان دەگەیەنێت. لەهەمان دەمدا بۆچوونی زاناکانی کەلام دژ بە بۆچوونی ئەرستۆ و مەشاییەکانە، کە ئەوان وا دەبینن جیهان کۆنترە.

کۆنبوونی جیهان، واتا جیهان ئەزەلییە، هیچ سەرەتایەک بۆ پەیدابوونی نییە، ئەم واتایەش کێشەیە و لەگەڵ بابەتی خەلق و خالق و ئافراندنی جیهان ناگونجێت. دیسان زۆر لە زاناکانی کەلام ئەم تێزە بە کوفر لەقەڵەم دەدەن و بە توندی ڕەتی دەکەنەوە، چونکە بە دیتنی ئەوان خودا یەکەمە و خالقی هەموو شتەکانە.

نوێبوونی جیهانیش، واتا جیهان لە ساتێکی تایبەتدا پەیدابووە، دوای ئەوەی کە نەبووە، هەتا زەمەنیش پێوەرە بۆ جوڵە، دوای خەلقکردنی شتەکان پەیدابووە.

لای سوورەوەردی جیهان کۆنە، ئەو بابەتە وا وەسف دەکات، چۆن تیشکەکانی هەتاو لە خۆرەوە دەردەچن، جیهانیش لە گەورەترین ڕووناکی دەردەچێت، واتا ڕووناکییەکان پەیداکاری جیهانە. ئەمەش واتای ئەمە نادات کە جیهان و خودا یەکسانن. نەخێر بەڵکوو

بەردەوامبوونی جیهان لە بەردەوامبوونی ڕووناکییەکانە. هەرچەندە جیهان لە ڕووناکی پەیدا بووە، بەڵام یەکسان نییە لەگەڵ ڕووناکی ڕووناکییەکان، ڕووناکی کۆنە و ئەوەی لێیشی پەیدا دەبێت کۆنە.[1]
ئاو وەڵامی (فەقێ تەیران) دەداتەوە و دەڵێت:

کەهنی دزێن جوو ژێ دچن
هندی خودێ دان ئنس و جن
قەت کەس نەکر ئەڤ پرس ژ من
نە ئەنبیائێ ئوممەتێ

زان- سەرڕێژبوونی کانی، جۆگەلەی ئاوی لێ پەیدا دەبێت، خودا مرۆڤ و جنۆکەی دان، لێرەدا هەروەک ئەوەی (فەقێ تەیران) بە وردی باسی دوو بابەت دەکات:
یەک- خەلقکردن.
دوو- تەکوینکردن.
واتا (فەقێ تەیران) جیاوازی لە نێوان خەلقکردن و تەکوینکردندا دادەنێت. لە قورئاندا خەلقکردن کردارێکە پێش تەکوینکردن دەکەوێت. (إِنَّ مَثَلَ عِيسَى عِندَ اللَّهِ كَمَثَلِ آدَمَ خَلَقَهُ مِن تُرَابٍ ثُمَّ قَالَ لَهُ كُن فَيَكُونُ)[2]. بە کوردی دەتوانین بە خەلقکردن بڵێین (پەیداکردن) و بە تەکوینکردنیش بڵێین (شێوازگرتن)[3]. لێرەوە (فەقێ تەیران) دەچێتە سەر بابەتێکی گرنگ،

---

[1] بڕوانە: هۆشەنگ شێخ محەمەد، خوێندنەوەی کتێبی حیکمەتی ئیشراقی سورەوەردی،لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی فێربوون چاپی دووەم، ٢٠٢١. ل ٥٠٠

[2] سوورەتی ئالی عیمران،٥٩

[3] لە زمانی ئینگلیزیدا خەلقکردن: (creation) و تەکوینکردن: (formation).

ئەویش چەمکی (ئەنبیائێن ئوومەت)ە، لێرەوە چەمکی پێغەمبەرایەتی باس دەکات.

**٥- پێغەمبەرناسی:**

فەلسەفەی پێغەمبەرایەتی، دەربڕینە لە زانینی خودایی، چونکە ئەو زانینە، زانینێکی بەردەست نییە، تەنیا پێغەمبەران دەتوانن بەدەستی بێنن. پێوەندی پێغەمبەران بە خودا و زانینەوە لە ناوەڕۆکی خۆیدا پەیامە. پەیامێکی موقەدەس، کە لای خودا بۆ مرۆڤ دێتەخوارەوە و پێغەمبەر دەیگەیەنێت، بەڵام یەکەم خاڵی سەرنجڕاکێش لە کەسییێتی پێغەمبەراندا، لای زۆربەی فەیلەسووف و سۆفییەکان و لای (فەقێ تەیران)یش. (ئەقڵ)ە.

پێغەمبەران عەقل هەبوون
قەت هەوجەیێ پرسان نەبوون
مەکسی دبێ ئاقێ وەبوون
وان دەست گەهابوو سوحبەتێ

لێرەدا (فەقێ تەیران) بابەتێکی قووڵ و فرەوان لەبارەی زانین و ناسینی پێغەمبەران پێشبەر دەکات، کە (ئەقڵ، یان ئەقڵناسی)ی دەکاتە پایەیەکی سەرەکی لە زانینی پێغەمبەراندا.

پێغەمبەران چونکە خاوەن ئەقڵ بوون، زانینیان هەبوو، پێویستیان بە پرسیارکردن نەبوو، تا وەڵام وەربگرنەوە. پێغەمبەران وەک (فەقێ تەیران) بێ (عیلم و خەت) نەبوون. ئەوان (ئەهلێ ئەقل) بوون، ئاگاداری (سوحبەتا جارا ئەول) و مەعریفەت) و لەبارەی (پرسی بوونی پێشین- قیدەم)دا شارەزابوون.

فەقێ تەیران لێرەدا دەرگەیەکی گەورە لەسەر پرسێکی گرنگ دەکاتەوە، بەیتەکەی لە ئۆنتۆلۆژییەوە دەباتە نێو ئەپیستمۆلۆژییەوە و جۆرێک ئەقڵناسی، کە (ئیشراقناسی)یە پێشکەش دەکات!

بۆیە لێرەدا کەمێک لەسەر ئەقڵناسی دەوەستین تا باشتر لە پێغەمبەرایەتی لای (فەقێ تەیران) بگەین.

**١/٥- ئەقڵناسی**

(فەقێ تەیران) وەک زۆر فەیلەسووف و سۆفی تر، ئەقڵناسی بۆ وەڵامدانەوەی پرسەکانی مرۆڤ دەربارەی (سوحبەتا جارا ئەول، مەعریفە و بوونا پێش) واتا لەبارەی پرسەکانی ماوەی نێوان (بوون و ڕابوونەوەدا) دەدوێت. ناسینی مرۆڤ، واتا ناسینی بیرکردنەوە. مرۆڤ، بە ئەقڵ لە بوونەوەرەکانی تر جودا دەکرێتەوە، ئەقڵ، یان هزرکردن بە یەکجار پەیدا نابێت، بەڵکوو لەڕێی هەستەکانی مرۆڤەوە پەیدا دەبێت. بۆیە بۆ ناسینی زانین، یان هزرکردن و ئەقڵی مرۆڤ، پێویستە ئامرازی هەستکردنی مرۆڤ بناسین، چونکە زانین لە هەستپێکردنەوە دەست پێ دەکات، تا دەگاتە ئەو هێزەی هزرکردن لای مرۆڤ پەیدا دەکات.

**١/٥-١- ئامرازی هەستەکی:**

هەستەکان، ئامرازەکانی هەستناسینن، هەستەکانیش دابەش دەبنە سەر دوو جۆر:

یەکەم- هەستگەلی دیار: کە بریتین لەو هێزانەی مرۆڤ لە ڕێیانەوە درک دەکا. لە پێنج هەست پێکدێن (بینین، گوێلێبوون، دەستلێدان، تامکردن، بۆنکردن). مرۆڤ لە ڕێی بەرکەوتنی ئەو هەستانەی بە شتەکانی دەرەوە، جیهانی ماددی دەناسێ. ئەو پێنج هەستە ئامرازی ناسین و زانینی مرۆڤن. لە ڕێی ئەو هەستانەوە مرۆڤ ماکەکانی جیهان

و پێکهاتە و سروشت و پاژ و سیفەت و بار و دۆخ و دەرکەوتە و خاسییەتی شتەکان دەناسێ. بە بێ ئەو هەستانە ناتوانێ هیچ شتێک بناسێ.

لای ئەرستۆ، ئەو هەستانە پێوەستن بە ڕەوانی مرۆڤەوە، مرۆڤ لە ڕێی ڕەوانەوە درک بە توخمەکانی ئەو جیهانە دەکا و تێیان دەگا. ڕەوانیش بە پێی تیۆری مەشاییەکان، یەکە و فرە نییە، هێزێکی سادەیە، بێگەردە، نە زۆر دەبێ و نە دووبارە دەبێتەوە، دابەش نابێ و دانارێژرێ، بەڵام ڕەوان لە نێوەخۆیدا کۆمەڵە هێزێکی هەیە، هەستی نادیارن، کە وا دەکا ڕەوان یەک کردە بێ و فرە نەبێ.

دووەم- هەستگەلی نادیار: بریتین لەو هێزانەی بە شێوەیەکی نادیار لە ڕەوانی مرۆڤدا هەن و پێنج هەستن (هەستی هاوبەش، هێزی وێناکردن، هێزی ئەندێشەکردن، هێزی وەهمکردن، هێزی یادکردنەوە).

لای مەشاییەکان ڕەوانی مرۆڤ، وەک ئاماژەمان پێدا بریتییە لە یەک، ئەگەر ڕەوان هێزێکی سادەی بێگەرد بێ، بێگەردەکانیش نە فرە دەبن و نە دووبارە دەبنەوە، نە دابەش دەبن و نە دادەڕێژرێن. کەواتە ڕەوان، کە یەکە چۆن دەتوانێ فرە زانین بێ؟! واتە بە چاو ببینێ، بە گوێچکە گوێی لێ ببێ، بە لووت بۆن بکا، بە زمان تام بکا و بە دەستیش هەست بکا؟ ڕەوان، کە یەکە چۆن کردەکانی فرە دەبن؟! چونکە ئەگەر ڕەوان لە کردەکانی فرە بێ، ئەوا دەبێ لە خودی خۆیشیدا فرە بێ؟ کە ئەوەش مەحاڵە!

بۆیە مەشاییەکان لای خۆیانەوە، هەستکردنیان بەو هێزانەی ڕەوان بەستەوە، بەو واتایەی کۆمەڵێ هێز لە ڕەواندا هەن، نەوەک کۆمەڵێ کردە. بۆیە وتیان ڕەوان لە ڕێی کۆمەڵێ هێزەوە هەڵدێتە سەر دەرهاویشتەی پێنج هەستەکان، ئەو هێزانەش بریتین لە:

١. هەستی هاوبەش، کە دەرهاویشتەی پێنج هەستەکان لای ئەو هێزە کۆدەبێتەوە، لەوێ ڕەوان تەماشای ئەو شتانە دەکا، کە لە ڕێی هەستەکانەوە هاتوون و گەیشتوونەتە هەستی هاوبەش. هەستی هاوبەش هەستەکان لە وێنەکانیان پاک دەکاتەوە، واتە بێگەردیان دەکاتەوە بەوەی لە دەرەوە، لە جیهانی ماددیدا هەن. دەیانکا بە شتێکی ئەقڵی. دوایی ئەو زانینانە، کە لەوێ کۆدەبنەوە باڵا دەگرن و دەگەنە ئاستی هێزی وێناکردن.

٢. هێزی وێناکردن: ئەو هێزە ئەو وێنانە دەپارێزێ، کە هەستی هاوبەش لە هۆشدا، لە ماددە بێگەردیان دەکاتەوە. ئبن سینا پێی وایە دوای ئەوە دەکرێ وێنەکان، کە لە ماددە پاک کراونەتەوە، جارێکی دی بە هێزی ئەندێشەکردن دابڕێژرێنەوە.

٣. هێزی ئەندێشەکردن: ئەو هەستانەی بوونەتە وێنەی بێگەرد و لە هێزی وێناکردنەوە پارێزراون، هێزی ئەندێشەکردن ئەو وێنانە هەڵدەوەشێنێتەوە و دایاندەڕێژێتەوە، تا وێنەی نوێتریان لێ دروست بکا. هەندێ زانا پێیان وایە ئەو هێزەی ڕەوان، داهێنەرترین هێزە، مرۆڤ لە ڕێی ئەو هێزەوە شارستانی خۆی بنیات ناوە. دوای ئەوە زانینی مرۆڤ بە قۆناغی وەهمکردن دەگات.

٤. هێزی وەهمکردن: بە واتای ئەوەی مرۆڤ لە ڕێی ئەو هێزەوە درک بە واتای شت و وێنەکان دەکا. واتا هەڵهێنجانی واتای وێنەکان، وەهمکردن هێزێکە درک بە واتاگەلی پاژەکی دەکا، کە لە هەستی هاوبەشدان، وەک درککردنی واتای دوژمندارییی لای مەڕەوە بۆ گورگ. دوای ئەوە هێزی یادەوەری دێ.

٥. هێزی یادەوەری: ئەو واتایەنە هەڵدەگرێ و دەپارێزێ، کە لە هێزی وەهمکردنەوە بۆی دێ. ئبن سینا ئەو هێزە لە خانەی هەستەکانەوە دادەنێ. چونکە لای ئبن سینا ئەم هێزە خاسییەتێکی ئەقڵ

نییە، چونکە ئاژەڵەکانیش هێزی یادەوەریان هەیە، بۆ نموونە دەکرێ ئاژەڵ فێرە هەندێ شت بکرێ بیکا و هەندێ شت نەکا، ئاژەڵ دەتوانێ ئەو فێربوونە بەدەست بێنێ.

### ٢-١/٥- ئامرازی ئەقڵی:

بۆ گەیشتن بە ئەقڵناسی، دەبێ پشت بە ئەقڵ خۆی ببەستین، واتا هەر شتێک کە ئەقڵ بتوانێ لە درککردن و ئەقڵ بەخۆداشکان و ئاوەزمەندی و هۆشمەندی و بڕیاردان و زیرەکبوون و بیرکردنەوە لە ڕێی لێکۆڵینەوە و پشکنین و لۆژیکەوە بەرهەمی بێنێ. بۆیە سەرەتا باش دەبێ لەسەر واتای ئەقڵ بوەستین.

### ٢-١-١/٥ واتای ئەقڵ

فارابی لە بارەی ئەقڵەوە دەڵێ: ئەقڵ: ئەو هێزەیە، کە مرۆڤ لە ڕێیدا درک بە واتا و ناوەڕۆکگەلی هەمەکی دەکا و لە ڕێی کردارە هۆشەکییە بێگەردەکان، بە پێی بنەماکانی مەنتق، بڕیار لەسەر شتەکان دەدا.

ئەقڵ، جەوهەری یەکەمە، یا هێزی یەکەمە مرۆڤ واتاگەلی هەمەکی پێ بەدەست دەهێنێ. دوای ئەوەی لە سیفەت و دەرکەوتە و خاسییەتەکانی دادەماڵێ.

سەرەتا مرۆڤ لە ڕێی هەستەوە درک بە شتەکان دەکا، وێنە و واتایان پێ دەبەخشێ، دوایی لە ڕێی ئەقڵەوە لە واتاکان بێگەردیان دەکاتەوە، دەیانگەیەنێتە ئاستی گشتی، یان هەمەکی، بە شێوەیەک لەسەر زۆران بچەسپێ.

ئەرستۆ پێی وایە زانینی مرۆڤ، لە ڕێی هەستەکانەوە دێ، هەتا ناسینی خوداش هەر لە ڕێی هەستەکانەوەیە. ئێمە لە ڕێی تێگەکانەوە

درک بە خودا دەکەین. بۆ نموونە لە ڕێی تێگەی جوڵەوە، تێبینی دەکەین شتێک هەیە دەجوڵێ، شتێکی تریش هەیە دەیجوڵێنێ، درک دەکەین شتە جوڵاوەکە، پەیدابووی بکەری جوڵەکەیە، لە ڕێی ئەمەوە لە بنەمای (پەیداکاری) دەگەین.

لای ئبن سینا، ئەقڵ دابەش دەبێتە سەر ئەقڵی تیۆریی، بە واتای توانای درککردنی وێنەگەلی هەمەکیی بێگەرد لە ماددەدا، لەگەڵ ئەقڵی کردەکی، کە جوڵێنەری مرۆڤە بۆ جیاکردنەوەی چاکە و خراپە لە یەکدی.

ئەقڵی تیۆریی دابەش دەبێتە سەر پێنج پایە:

١- ئەقڵی هیوولانی: ئەقڵی هێزەکی: مادەی یەکەم، کە هێشتا هیچ وێنەیەکی تێدا پێکنەهاتووە.

٢- ئەقڵی توانادار، ممکن، ئەو ئەقڵەیە لە ڕێی هەستەکانەوە، وێنە بۆ شتەکان دروست دەکا.

٣- ئەقڵی کردەکی: ئەو ئەقڵەیە زانیاری و واتا و چەمکەکانی پەیدا کردوون.

٤- ئەقڵی سوودمەند: ئەو ئەقڵەیە، کە وێنەی ماقووڵی تێدایە، درک بە وێنەگەلی ماقووڵ دەکات. بیریان لێ دەکاتەوە، بیریش لەمە دەکاتەوە کە بیر لە وێنەگەلی ماقووڵ دەکاتەوە. پێی دەوترێ سوودمەند، چونکە سوود لە ئەقڵی بەکار وەردەگرێ.

٥- ئەقڵی قودسی: ئەقڵێکی تایبەتە، تەنیا بۆ پێغەمبەران و وەلییەکان دەرەخسێ. کە لە ڕێی ئەو ئەقڵە سروش وەردەگرن. هەروەها پێی دەوترێ خۆزانی، (حیدس)ی ڕەوانی پاک و بێگەرد[١].

---

١ بۆ زیاتر پێزانین لە بارەی ئەپیستمۆلۆژی و ئیشراقناسییەوە، بڕوانە: کتێبەکەمان (ئەپیستمۆلۆگی لای سورەوەردی)، کە لە لایەن پرۆژەی (ڕێگە)

کەواتە ئەقڵی ئەنبیا و پێغەمبەران، ئەقڵێکی موقەدەسە، تایبەتە بەو دەستەبژێرەی کە خودا هەڵیاندەبژێریت، زانین و ناسین و وەڵامی پرسەکانی بوون و ڕابوونیان دەداتە دەست، بەڵام ئەقڵ لای (خەڵکی بێ عیلم و خەت، مەجنوونی حەیوان سیفەت)، تەنیا ئەقڵێکی هێزەکییە و نەبۆتە ئەقڵێکی کردەکی. بە تێگەیشتنی ئەرستۆ، ناتوانێت ببێتە ئەقڵێکی کردەکی.

ئەقڵ تا چالاک و فەعال ببێت، دەبێت کۆمەڵێ مەرج جێبەجێ بکات. ئەگەر ئەو مەرجانە لای کەسانی تر(فەیلەسووف و سۆفی) بۆ نموونە ساز و ئامادەبن، خودا بە شێوەی (کەرامات) زانین دەکاتە دڵیانەوە. لێرەدا وشەی (دڵ) وەک زمان هیچ پێوەندی بە ترومپای خوێنەوە نییە، بەڵکوو دەزگەیەکی مەعریفییە و خودا وەک ڕووناکی بە مرۆڤی عارفی دەدات. ئەویش زانین و ناسینی پێ دەبینێت. ڕاستی پێ ئاشکرا دەکات. ئەمە جۆرێکە لە چاوکرانەوە (بەصیرەت).

ئەم چاوکرانەوەیە بابەتێکی سەرەکییە لای یارسانییان و پێوەندی بە پێغەمبەرایەتی و ناسینی زانینەوە هەیە. لای جوو و مەسیحییان دەبێتە (گنوسیزم) واتا مەعریفەت.

لە ئیشراقناسیدا (مەعریفەی دڵ) دەبێتە شێوازێکی فەلسەفی و عرفانی بە فەلسەفەی پێغەمبەرانەوە. پێغەمبەرناسی و ئیمامناسی و ویلایەتناسی، هەرسێ دەکەونە نێو چوارچێوەی زانین و سروشیش لە هەر سێ ناسیندا ڕەوایە. پێغەمبەر و فەیلەسووف و سۆفی، هەرسێ (مرۆڤی خودایین) وەک سوورەوەردی دەبینێت ئەم کەسانە هەموویان لە یەک خێزانی ڕووحانین.

---

چاپ و بڵاوکراوەتەوە. لەوێدا بە درێژی باسی ئەم بابەتە کراوە، هەندێ بەش و بڕگەی ئەم بەشەش لەم کتێبە وەرگیراون.

(فەقێ تەیران) دەڵێت:

مەعریفەتێ تەفتیش بکەن
پرسێ ژ بوونا پیش بکەن
قەنج ڤێ قسێ تەفتیش بکن
ژ عارفان کەرامەتێ[1]

خەلقی خودێ عەقڵ کرن
هەم عارف و کەمال کرن
نوورەک د دلدا هلکرن
ئەسلێ قسا وی پێ کەتێ

کەس ئەوەندەی سۆفییەکان (مەعریفەت)یان نەپشکنیوە! حەللاج دەیوت (قیدەم - بوونی پێشین هەردەم هەقە![2]) لێرەدا ئەو (پێشین –

---

[1] سەعید دێرەشی، لە دیوانی فەقێ تەیراندا، لەجیاتی (کەرامەتێ) وشەی (کەراهەت) داناوە، لە پەراوێزیشدا نووسیوییێتی (ژعارفان کەرامەتێ "د") واتا لە دەستنووسێکدا وشەی (کەرامەت) هەیە، نەوەک (کەراهەت). هەروەها دوکتۆر مارف خەزنەداریش وشەی (کەراهەت) داناوە. بەڵام واتای قووڵی دەقەکە قبووڵ ناکات ئەم وشەیە (کەراهەت) بیت و (کەرامەت) نەبێت، چونکە بە فەلسەفەی (ئەنبیائێن ئوممەتێ) بەستراواوەتەوە. بزانە فەقێ تەیران هەموو خەڵکی بە یەک ئوممەت دەبینێت، بە کۆ باسی پێغەمبەران دەکات. هەموو پێغەمبەران هی ئێمەن و ئێمە یەک ئوممەتین!

[2] العُشقُ في أزَلِ الآزالِ من قِدَمٍ فيه بِهِ منهُ يَبدو فيه إبداءُ
العُشقُ لا حَدَثٌ إذ كانَ هُو صفةً مِنَ الصَفاتِ لِمَن قَتَلاهُ أحياءُ

قیدەمە) قیدەمی جیهان نییە، کە باسمان کرد، قیدەمی جیهان دەکەوێتە نێو ئەو قیدەمەوە، (کەدیم – قەدیم) وشەیەکی عیبرییە و بەواتای (خۆرهەڵات) دێت. خۆرهەڵاتیش بە تەنیا جوگرافیا و ڕۆشنبیری نییە. ئێمە بەشێکین لە جوگرافیان خۆرهەڵات، خۆرهەڵاتی ئیشراقی وەک فەلسەفە دیسان ئێمە دامەزرێنەر و بەشێکین لێی، بەڵام (قیدەم) کۆن نییە بە واتای (عەتیق) وەک بەردی کەعبە، بەڵکوو (قیدەم) هەقانییێتی خودا و بوونە، لە ئەزەلەوە.

واتا پێشین (بوونە) لە یەکەم جاردا. جاری یەکەم، پێش هەر مەعریفەتێک و زانینێکە، بەتەنیا ئەو جاری یەکەمە و پێشینە، لە (عیلمی خودا)دا هەبوو. واتا لە قۆناغی (خەلق)ی پێش (تەکوین)دا. پێغەمبەریش پێش پێغەمبەربوون نوور بوو، هەقیقەت بوو (هەقیقەتی محەمەدی) ئەو ڕاستییە تەئویلێکی ڕووحانی دەداتە پێغەمبەرناسی و ئیشراقناسییەوە.

(فەقێ تەیران) زاراوەی (ئەهلێ ئەقل)، بۆ ئەو مرۆڤە تایبەتانە بەکاردەهێنێت، ئەوانەی مەعریفەت دەپشکنن. مەعریفەتیش لە سۆفیگەریدا دەروازەیەکی گەورە و سەرنجڕاکێشە!

### ٦- ڕامانناسی- (مەعریفەتناسی)

تا لای (فەقێ تەیران) لە قووڵایی (ناسین- مەعریفەت) بگەین، دەبێت ڕامان و واتای (مەعریفەت) شرۆڤە بکەین، ئەم پێویستییەش لەبەر ئەوەیە، چونکە ئێستا ئێمە وەک خوێنەر بە گشتی، لە واتای ئەم ناو و زاراوە و چەمکانە ناگەین، ئەوانەی بەیتبێژ و شاعیرانی کلاسیک نووسیویانن. چونکە لەو سەردەمدا ئەو ناو و زاراوە و چەمکانە ناسراو بوون، هەر چ نەبێت لە نێو دەستەبژێری خوێنەراندا نامۆ نەبوون، بەڵام ئێستا بۆ خوێنەرانی ئەم سەردەمە، واتاکانیان ناسراو و ئاشکرا نین، بەتایبەتی بابەتی ئەو شاعیرانەی سۆفی بوون، ئەو

بابەتانە خۆیان هزری و قووڵن، لەنێو ڕووح و ڕەوانی مرۆڤدا دەجوڵێن، بە دەرەوەی مرۆڤەوە نەبەستراونەتەوە، بەڵکوو سەر بە هەرێمی (بوون)ن. هەروەها چونکە ڕۆشنبیریی کوردی لە دوای راپەڕینەوە  تا ئێستا، ڕۆشنبیرییەکە بە بیرکردنەوەی فەلسەفی و سۆفیگەریی ڕەسەنی خۆماڵی کوردەواری نامۆیە، ئەو زمانەی لەم ڕۆشنبیرییەشدا دەنووسرێت، لای خوێنەران زمانێکی غەریبە، کاری تێگەیشتنی سەخت کردووە. خوێنەری ئەمڕۆ ڕەنگە بەئاسانی تەنیا لە سیاسەت و ئەو کوردایەتییە ڕووکەشە بگات، کە لە ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری زاڵدا پەخش دەکرێت، ئەگەر نا تێگەیشتن لە بابەتگەلی تر، بە تایبەتی (فەلسەفەی سۆفیگەری و سۆفیگەری فەلسەفی)، یان بابەتێک پێوەندی بە بوون و ڕابوونەوەوە هەبێت، سەختە با ئاسانی وەربگیرێت و هەرس بکرێت. ئەمەش لە ڕۆشنبیری ئێستادا بێ کێشە و گرفت نییە، لە بابەتە گەورە و جدییەکاندا، خوێنەر ڕانەهاتووە بەم زمانە بخوێنێتەوە و بیر بکاتەوە، ئەم زمانە کە داڕشتن و تەنیا زانیاری بەخشین نییە، بەڵکوو بە ئاستی هزر گەیشتووە، خوێنەر ناچار بە بیرکردنەوە و لێکدانەوە دەکات. لەبەر دەم کۆمەڵێ واتای نوێی چەمکەکانی دادەنێت، کە بە لایەنی کەمییەوە، سی ساڵ دەبێت، بە جۆرێکی داڕشتن و واتای چەمکەکان ڕاهێنراوە، بۆیە نووسینێک بیەوێت خۆی لەم ڕاهاتن و داڕشتنە جیابکاتەوە، دەبێت دووبارە خۆی پێناسەی چەمک و زاراوە و زمانی نووسینی خۆی بکاتەوە، بۆیە بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا چەند تیشکێک دەخەینە سەر زاراوەکانی (زانین) و (ناسین)ەوە.

**١/٦- زانين و ناسين - عيلم و مەعريفەت:**

**عيلم- زانين:** عيلم – زانين، لە زمانی عارەبيدا، تايبەتە بە چەمکگەلی هەمەکی، لە زانيندا مەرجە هەموو بارەکانی (زاندراو-مەعلومەکە) بزاندرێت، بۆ نموونە ناکرێت بوترێت (خودازانی) بەڵکوو (دەوترێت خوداناسی)، چونکە کەس نييە، هەموو بارەکانی خودا بزانێت، بەڵکوو مرۆڤ هەندێ لە سيفەت و بارەکانی خودا دەناسێت، بۆيە دەوترێت: (خودا عاليم و عيلمە)، ناوترێت (خودا عارف و مەعريفەيە).[1]

**مەعريفە- ناسين:** لە زمانی عارەبيدا واتای (هەر بەرز و بڵندێک) دەدات. (بڵندی هۆکارێکە بۆ ناسين، يان ناسينی دياريی هەستپێکراو[2]) هەروەها (مەعروف) واتای روخسار دەدات. لە قورئاندا مەعريفە؛ ڕاستی و هەقيقەتە بە ڕەنگێکی يەقينی (وإِذَا سَمِعُوا مَا أُنزِلَ إِلَى الرَّسُولِ تَرَى أَعْيُنَهُمْ تَفِيض مِنَ الدَّمْعِ مِمَّا عَرَفُوا مِنَ الْحَقِّ)[3]. جگەلەمانە مەعريفە بۆ ناسينی شتی سادە بەکاردێت. بۆ نموونە دەڵێين (من خودام ناسی، بێ ئەوەی بيزانم) چونکە ناسين گرێدراوی شتی سادەيە، هەروەها مەعريفە بۆ درککردنی شتی پاژەکی بەکار دێت، بەڵام زانين بۆ درککردنی شتی داڕێژراوە، لەبەر ئەمە خودا دەناسرێت نەوەک دەزاندرێت.

لەفەلسەفەدا ناسين، يان مەعريفەت کرداری ئەقڵە، کە وێنەی شت لە هۆشدا پەيدا دەکات. واتا لە مەعريفەدا پێوەندييەک لە نێوان خودی درککراو و بابەتی درکپێکراودا هەيە. لێرەدا ناوەڕۆکی ناسين، واتا پەيدابوونی وێنەيە لە هۆشدا. هەروەها ناسين بە ڕامانی چوونە ناو

---

١ بڕوانە: ابن المنظور، لسان العرب.

٢ بڕوانە: ميشال اسحق، المعاني الفلسفية في لسان العرب، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق ١٩٨٤ ص ١٦٥

٣ سوورەتی مائيدە، ئايەتی ٨٣

جەوهەر و ناوەڕۆکی بابەتیش دێت، لەپێناو تێگەیشتنی ڕاستیی جەوهەرەکە، یان ناوەڕۆکەکە، بە شێوازێک، کە ئەو شت بەکاملی و بەهەموو ئەو دۆخەی دەوری داوە بناسرێ.

واتا ناسین بە کردەیەکی شعوریی لەبارەی بابەتەکێدا هەڵدەستێت. لەڕێی ئەم کردەیە شعورییە دیار دەبێت، یان وەک (فەقێ تەیران) دەڵێت (ئیظهار) دەبێت. ئەو (دیاربوون – ئیظهاربوون - فینۆمینە) ئامانجی مەعریفەیە. چونکە هیچ کردەیەکی شعوریی بێ هەبوونی بابەتێکی بەرانبەر ناکرێ. بۆ نموونە ئەگەر ئێمە لە دیتنی شتێکی هەستپێکراو بوەستین، واتای ئەوە نییە، کە دیتنمان نەماوە، بەڵام دەشێت بابەتی ناسین هەبێت و نەبێت، دوای ئەوەی وەک پێویست کردەی شعوورکردن دەوەستێت.

**٢/٦- ناسین لە سۆفیگەریدا:**

مەعریفەت یەکەم فەرزە خودا لەسەر بەندەکانی فەرزی کردووە، لە پەیامبەریان پرسی: بە چی خوای گەورە ڕۆشنت ناسی؟ وتی: ماشائەڵلا! من بە هیچ شتێک خوام نانانسم، بەڵکوو شتەکانم بەو ناسین![١]

ئەبو دەردا دەڵێ: پرسیاری مەعریفەتم لە پێغەمبەر کرد، وتی: لەبارەی مەعریفەوە لەجوبرەئیلم پرسی، وتی: لە خودای گەورە و ڕۆشنم پرسی، خوا فەرمووی: نهێنییەکە لە نهێنییەکانم، دەیخەمە دڵێکەوە، کە بۆ ناسینم دەست بدات.

---

[١] بڕوانە: یوسف زیدان، المقدمة في التصوف. لأبي عبدالرحمن السلمي. مطابع المتحدة. ٢٠١٣ ص٣٤

شبلی دەڵێت: نیشانەی مەعریفەت، مەحەبەتە، چونکە ئەوەی بیناسێ خۆشیدەوێ. جونەیدیش وتوویەتی: مەعریفەت، هەڵهاتنی هەقە بەسەر نهێنییەکاندا، گەیشتنە بە نوورگەلی نەرمین.

مەعریفەت سێن: مەعریفەتی زمان، کە ددانپێدانانە. مەعریفەتی دڵ، کە پەسندکردنە. مەعریفەتی ڕووح، کە یەقینە.

دەڵێن: داوای خوداناسین لە دڵی خۆتان بکەن، داوای دیناسیش لە زانایان بکەن.

(زوننوونی میسری) مەعریفە دابەش دەکاتە سەر سێ جۆر مەعریفە. مەعریفەی نەقلی، کە هی گشت موسڵمانانە. مەعریفەی نەزەری، کە تایبەتە بە فەیلەسووف و زاناکان. مەعریفەی تایبەتی سۆفییەکان، کە بە دڵ خودا دەبینن. لێرەدا مەعریفەی سۆفیگەری، نە فەلسەفەیە و نە زانستی کەلامە، "زانستی لاهووت"، چونکە ئەزموونی سۆفی. کە بۆ پەیداکردنی مەعریفە ڕێیەکی تایبەت دەگرێتە بەر، لە ئەقڵی فەلسەفی و تەسلیمیی دینی جیا دەبێتەوە، بەڵام سۆفیگەری لە لایەکی دییەوە بە فەلسەفە دەبەسترێتەوە بەوەی ئامانجیان مەعریفەیەکە، کە هەڵوێستی سۆفییەکان بەرانبەر بە بوون دیاری دەکات، چونکە بوون گرنگترین بابەت و ئامانجی گشت سۆفیگەرییە. هەروەها لە ڕووی بابەتەکەیەوە "ناسینی خودا و سیفەتەکانی"، بە لاهووتیش دەبەسترێتەوە[١].

ڕێچکەی سۆفییەکان، ڕێچکەی میسالییەکانە، کە لەگەڵ ئەفلاتۆن دادەمەزرێ. ئەو ڕێچکەیە باتنی و ڕۆحانی و میتافیزیکییەکان دەیگرنە بەر و لای سۆفی و ئیشراقی و تەواوی مەزهەبەکانی باتنی، کە بڕوایان

---

[١] بڕوانە: هیفرو محمد علي، المعرفة و حدودها عند محيى الدين بن عربي، التكوين. ص ١٢١-١٢٢

به جیهانی ڕووح و ڕەوان هەیە، پەیڕەو دەکرێ. ئەو جیهانە رۆحییەی زانینی لە ڕێی ئیشراقەوە دەردەکەوێ. هەقیقەتی خودایی بە باڵاترین واتاوە دەردەکەوێ، بە شێوەیەک مرۆڤ دەتوانێ لە ڕێی دڵ و ڕووحەوە بۆی بچێ و بە بێگەردی زانین و ڕاستی وەربگرێ. بۆیە لە ڕێچکەی واقعییەکان، کە لەگەڵ ئەرستۆ دادەمەزرێ، دوور دەکەونەوە، ڕێچکەی واقعییەکان پێی وایە مرۆڤ لەدایک دەبێ هیچ زانینێکی پێشوەختە، یا باتنی یا دیاری نییە، لە ڕێی هەستە دیار و نادیارییەکانەوە، شارەزای جیهان دەبێ و دەیناسێ، بۆیە سەرچاوەی زانینی مرۆڤ جیهانی واقعی هەستدارە، چونکە هیچ زانینێک نییە، پشت بە هەستەکان نەبەستێ. سۆفییەکان گوێ بەم ڕێچکە و ڕێبازە نادەن کە ناتوانن ئەزموونەکانی سۆفی ببینن، بۆیە سۆفییەکان دەبنە خاوەن زمانێکی هێما ئاسا، بە ئاماژە دەنووسن و نهێنییەکان ئاشکرا ناکەن، لە ڕووی مێژووییشەوە دیارە ئاشکراکردنی ئەم نهێنییانە کە تایبەتن بە مەعریفەی بوون، چەندان ڕووداوی گرتن و کوشتن و بڕین و سووتاندنی لێ بۆتەوە، سوورەوەردی خۆمان، بەڵگەیەکی دیاری ئەو مەعریفە دڵانەییەیە، کە دەڵێ (کتێبی حیکمەتی ئیشراق)ی، بە یەکجار بە سروش بۆ هاتۆتە خوارەوە.

لە سۆفیگەریدا (مەعریفەت) ڕێگەیە، کۆشش و مەشق و ئەزموون دەگرێتەوە، (زانین)یش بەڵگەی جێگیر و پێوەستدارە بە هەقیقەت. واتا ئەزموونی سۆفی دەکەوێتە نێو بازنەی ناسین، هەقیقەتی سۆفیش دەکەوێتە نێو بازنەی زانین.

## ٣/٦- بازنەی ناسین و بازنەی زانین:

لە کتێبی (الصوفیه في الاسلام)دا[١]، ئەمەی خوارەوە دەخوێنینەوە: (مرۆڤ چۆن خوا دەناسێت؟ بە هەستەکانییەوە نایناسێت، چونکە بێلایەنە، بە ئەقڵیش نایناسێ، چونکە هزر بە پایەی ناگات، مەنتق لە سنووردار تێناپەڕێت، فەلسەفە فریودەرە، خوێندنەوەی کتێبەکانیش ڕەوان فریو دەدا، (بیرۆکەی هەق) لەنێو هەوری وشە بۆشەکاندا ون دەبێت.

لای سۆفییەکان، ناسینی خودا بە ئیشراق و ئاشکراکردن و ئیلهامەوە دەبێت، سۆفی دەڵێت تەماشای نێو دڵی خۆت بکە، چونکە شانشینی ئاسمان و زەوی لەنێو تۆ دایە. ئەوەی بەڕاستی خۆی بناسێت، خودا دەناسێت. چونکە دڵ ئاوێنەیە و هەموو سیفەتەکانی یەزدانی تێیدا ڕەنگ دەدەنەوە. چۆن ئاوێنە ژەنگ بگرێت ناتوانێت هیچ وێنەیەک پەیدا بکات، ئەوا هەستیی ڕووحی ناوەوەش ئاوایە، ئەوەی سۆفی پێی دەڵێن (چاوی بەصیرەت).

سۆفی بە مەعریفەی ئاسایی دەڵێن (زانین) و بە مەعریفەی تایبەت بە سۆفییان دەڵێن (مەعریفەت، یان عرفان). مەعریفە لە زانین جودایە. مەعریفەی سۆفی (عرفان – Gnosis)ی تیۆسۆفییای هێلینستییە، ناسینی خودایە بە ڕاستەوخۆیی. لەسەر پەردەلادان و جەزبە وەستاوە. ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی ئەقڵی نییە، بەڵکوو لە بنەڕەتی خۆیدا لەسەر حەز و ڕەزامەندیی خودا دامەزراوە. خودا لای خۆیەوە دەیداتە ئەو کەسانەی خەلقی کردوون و بۆ وەرگرتنی ئامادەی کردوون. نووری

---

[١] ر. أ نیکلسون. الصوفیة في الاسلام. ترجمه و علق علیه: نورالدین شربیه. مکتبة الخانجي بالقاهرة. الطبعة الثانیة. ٢٠٠٢

جوانیی خودایە، لە دڵدا تیشک دەداتەوە. توانای هیچ مرۆڤێک ناتوانێ بەسەر گەشایەتییەکەیدا زاڵ ببێت. (ئەوەی خودا بناسێت، دەبڕێت)

نیفەری دەڵێت: (زاناکان سێ جۆرن، زانایەک لە دڵییەوە هیدایەت کراوە، زانایەک لە گوێدێرییەوە هیدایەت کراوە و زانایەک لە فێربوونییەوە هیدایەتی کراوە). بەم پێیە سێ جۆر داوای خودا دەکەن:

یەکەم- ئەو بەندانەی خوا بە هۆی چاکەکانی خۆی پێ ناساندوون، واتا ئەوان خودا دەپەرستن بە تەمای بردنەوەی بەهەشتەکەی ئەون، یان چاوەڕێن پاداشتێکی ڕووحی، وەک کەرامات و دیتنێکی ڕاستگۆ بەدەست بێنن.

دووەم- فەیلەسووف و زاناکانی کەلام، کە خودا بە هۆی گەورەیی خۆیەوە خۆی پێ ناساندوون، واتا ئەوان ناتوانن درک بە خواوەندی گەورە بکەن، کە لێی دەگەڕێن، جەختیش دەکەنەوە کە ناسینی لەسەرووی تاقەتی ئیدراککردنە، کاتێ دەڵێن: (ترۆپکی زانینمان ئەوەیە، کە نازانین).

نیفەری بەردەوام دەبێت و دەڵێت: (زیانی تێدا نییە کە ئیلهامی عارف، لەگەڵ دیاری شەریعەت جیاواز بێت، ئەو جیاوازییە ڕووکەشییە، چونکە دین لە ڕێی ئەقڵی ئەو خەڵکە، یا لە ڕێی لۆژیک، یا لە ڕێی فەرموودە و هاوشێوەی ئەمانە، قسە لەگەڵ گشت خەڵکی پەردەدار دەکات. بەڵام مەعریفە، بۆ دەستەبژێرێکە، کە ڕووح و جەستەی خۆیان لە نووری جاویدانی شووشتۆتەوە.

دین شتەکان لەڕێی فرەییەوە دەبینێت، بەڵام مەعریفە هەموو لە یەکبووندا دەبینێ. لێرەوە دەکرێ یەک کار لە دیندا چاک و لە

مەعریفەدا خراپ بێت. ئەم هەقیقەتە لەم وتەیە کورتکراوەتەوە: (چاکەی ئیمانداران، خراپەی نزیکەکانە[1]).

لای ئبن عارەبی، ناسین و زانین پێگەیەکی بەرزیان هەیە، بەڵام زانین ناوەڕۆکێکی فرەوانتری هەیە، تەجەلاکردنەکانی خواوەندیی لە جیهانی زانینەوە دێن. (زانین هەقیقەتە و هەقیقەت زانستە)، (کتێبی خوا زانینیەتی)، (درککردنی یەکتایی خواوەندیی زانینە، چونکە حاڵە، کەواتە زانینە[2]).

## ٤/٦- زاراوەگەلی سۆفیگەری لای (فەقێ تەیران)

بۆ ئەوەی ئەو شتانەی لە بارەی ڕامانناسییەوە باسمان کردن، بە شێوەیەکی باشتر بە (فەقێ تەیران)ی گرێ بدەینەوە، با تەماشای ئەو زمان و زاراوانە بکەین، کە لەبەیتی (هەی ئاڤ و ئاڤ)دا بەکارهاتوون. بزانین ئەو زمانە چەند لەگەڵ ئەو چەمکانە دەگونجێت، کە لە ناسین و زانیندا باسمان کردن. لە بەیتەکەدا ئەم وشە و زاراوانە دەبینینەوە:

(عاقل، پرس، سوحبەت، جارائێکێ، پێغەمبەران، دزانی شوغل، ئەهلێ عەقڵ، پشکنین، مەعریفە، مەعریفەتێ پشکنین بکەن، بوونا پێشین، قسسە، عارف، کەرامەت، ئظهار، ئکرام، کەرامەت، خەلکێ خودێ، کامل،

---

[1] دەڵێن ئەم وتەیە هی (سەعیدێ خەراز)ە، بەواتای ئەمە دێت، هەندێک شت کەکەسانی ئاسایی دەیکەین ئاساییە، بەڵام ئەگەر ئەوانەی نزیکی خودان، عارف و سۆفییەکان بیکەن خراپە! بۆ نموونە ئیمانداران دەچنە سەیران، ئاساییە، بەڵام نابێت عارف و نزیکەکانی خودا وەختی خۆیان بەم شتانە بکوژن.

[2] بڕوانە: هیفرو محمد علي، المعرفة وحدودها عند محيى الدين بن عربي، التكوين. ص ١٢٤

نوورەک، دل، هەلکر، ئەصڵ، ڕێ، علم، خەت، مەجنوون، صفەت، ڕەهنما، بابەت، فەقێ، فورقان، عەرشێ خودێ، بیر، ئەزمان، حال، ڕەمز، پادشاە، سوبحان، سەلتەنەت، مەعبود، الله، خەبەر، قیدەم، عشق، عالەم، صوڕەت، با، ئاڤ، ئاخ، ئاگر، حەیوان، دار، نەبات، کسوەت، لەعل، تەیر و دەعبەوەر، نوتفە، جن، نار، مەلەک، زد، ئاتەش، بارد، بەحر، هیولا، مەلبوس، وەجهان، مقیم، حادس، ڕتوب، ڕەفعەت، سوفلەوی، ئەفرازی، مەیل، ڕوئیەت، مەشیەت و گەلەکێن دن.)

بۆ ئەوەی بابەتەکە زۆر درێژ نەبێت، بەتەنیا ئەو وشانەم لەنێو چەند کۆپلەیەکدا وەرگرتن، بەس بۆ ئەوەی تێبگەین ئەو زمانەی (فەقێ تەیران) پێی دەنووسێت، زمانێکی زەنگین و پڕە لە ناو و زاراوە و چەمکەکانی سۆفیگەری. وەها پڕ و دەوڵەمەندە، کە ڕەهەندێکی قووڵ و ستوونی بە بەیتەکە داوە، بەڵگەیە بۆ ئاگاداربوونی بە فەلسەفە و سۆفیگەری لەیەک کاتدا، زمانەکەی لە لایەک زمانێکی لاهووتییە و لەلایەکی دیکەش زمانێکی فەلسەفییە. (فەقێ تەیران) ئاگاداری فەیلەسووفانی سروشتگەری یۆنانییە و لەهەمان دەمدا دیارە ئاگاداری فەلسەفەی ئیشراقیشە. هەر بۆ نموونە دەتوانین بەراوردێک لەنێوان دیوانی (فەقێ تەیران) و دیوانی (سوورەوەردی)دا بکەین. ببینین زۆربەی ئەو وشانەی لەسەرەوە دامانان، لە دیوانی (سوورەوەردی)ش دەبینینیەوە. کە هەرچەندە دیوانەکەی سوورەوەردی بە زمانی عارەبییە.

گەیاندنی ئەزموونێکی ڕووحانی، یەکانە، سۆفیگەری و ئیشراقی، پێویستی بە زمان و فەرهەنگێکی ڕووحانییە. زمان دەبێت دەربڕین لەم مەعریفەتە بکات، کە لە نێو دڵی عارفدا ڕووناکی دەدات. واتا زمان دەبێت ببێتە شێوازێک، یان فۆرمێک مانیفێستی ڕووناکی وشە و زمانێکی موقەدەس بکات.

سۆفی دەبێ عاشقانە تەماشای سروشت و جیهان و ژیان بکات، زمانیش دەبێت عاشقانە سەودا لەگەڵ ئەو ئەزموونە بکات. بتوانێت ئەزموونی عیشق لەنێو خۆیدا بەیان بکات، یان وەک (فەقێ تەیران) دەڵێت (ئیظهار) بکات. واتا زمان لە مەودایەکی (باتنیدا) سەودا بکات، ئەو شتانەی لە هەرێمی میتافیزیکدان، بە ڕێی زمان بهێنێتە نێو ڕووناکی وشە.

زاهر و باتن دوو هەرێمن، عیشق دەتوانێت بە ڕێی زمانێکی عاشقانە (فەقێ تەیران)ی تێدا پێشان بدات، ئیشراقەکەی دیار بکات. فەقی تەیران عاشقە، عیشقی ئەو لە نێوان (تاریاتیێ و رۆناهیێ، باتن و زاهر، سرِ و عەلەن، ڕەمز و ڕوونی، حزوور و غیاب، یەکگرتن و جوودابوون، پێکڤە بوون و ژێکڤەبوون)دا، پێویستی بە زمانێکی تایبەت دەبێت تا دەربڕین لەو نێوانەدا بکات، واتاکانی (بێ رەحەتی، بێ سەکنی، بێ تابتبوون، حەیرانی، بێ خەوی، تەواندن، نەحەویان، چوونا بلەز، سەرقوتان، غولمەت، نەوەستان، محنەت و زەحمەتی) بە خۆیەوە بگرێت. ئەم ناوەڕۆکە، یان ئەوەی لەنێوان باتن و زاهردا، بە ڕێی زانین و مەعریفەتەوە ڕووناک دەبێتەوە، (فەقێ تەیران)یش لەم ناوەڕۆکانە ئاسوودە دەبێت، ئەگەر (مەعنابیا حەقیقەتێ) بزانیت، (حەقیقەتا جەوهەران، مەعریفەتا عەناصران) و (شەڕح و بەیانا کاغەتێ) بسەلمێنێت و (قەیدێد هوور ئیعتبار بکەن و جارەکی لوی ئیظهار و واضح ببن).

لێرەدا (فەقێ تەیران) بە ناسین و زانینی جیهانی ماددی، دەخوازێت جیهانی ڕووحی و (مەعشووق) بناسێت، بە ڕێی دیار بە نادیار دەگات، بە ڕێی زاهر بە باتن دەگات، لە فیزیکەوە بەرەو میتافیزیک بچێت، لە فۆڕمەوە بۆ ناوەڕۆک، لە دەرکەوتەوە بۆ جەوهەر. لە لەفزەوە بۆ شەرح و بەیان و مەعناوە، لە حاڵەوە بۆ مەقام. چونکە ئەگەر (کاغەت

ئیسپات بوو، قەیدێ هوور ئیعتبار بوون، جارەکێ ل فەقێ تەیران ئیظهار بوون) و (فەقێ تەیران) لەم نهێنییە گەیشت، ئەو دەم ناوەڕۆکی سەرەوە ئەوەی باسمان کرد، بۆ هەرێمی ڕووناکی و حزوور و یەکگرتن و پێکەوەبوون دەرباز دەبێت. لەنێو نووری وشە و زمانێکی عاشقانەدا بە تێگەیشتنەوە دەوەستێت.

تێبینی دەکەین زمانی (فەقێ تەیران) لەم بەیتەدا، لەگەڵ زمانی سۆفی و عارفانی تر گەلێ جودایە. بۆ نموونە ئەو پەنای نەبردۆتە بەر زمانێکی عاشقانەی دەستکرد، لەڕێی مەعشووقێکی لە شێوەی (ژن)دا. توخمەکانی عیشقێکی مرۆڤانە هەڵبژێرێت و بیکاتە ڕەمزێک بۆ عیشقێکی ئیلاهی. وەک لای زۆربەی سۆفییەکانی کورد دەیبینین و شیعرەکانیان پڕن لە وشەگەلی وەک:

(چاڤ، بری و مژویلانک، موژگان، لێڤ و لەب و زار، دەستێت حەنایی، پۆڕ و زولف و پەرچەم و ئەگریچە، گۆنا، نیگا، خاڵ و خەت، لەعلێ شەکەر، بەندا زولفێ، حوری، پەری، زولفا رەش، کاکول، گولنار، شەمع و پەروانە، چەهڤێن شەهلە، لەب قەند، نازک و قەنج، رەند، شۆخ و شەپال، مابەینا دوو ئەبرۆیا، وەجهێ دلبەر، گۆشەیێ ئەبروو، قەوسێ ئەبڕوویان، دێم، لەعلێ لەب، بەژن و لەبێ غونچە).

ئەم زمانە دەربڕین لە عیشق، لە سڕ و ڕاز و پەنهانییەک دەکات، کە لە بەژن و باڵا و شۆخ و شەنگیی ڕەمزێکی وەک ژن گەورەترە، چونکە (فەقێ تەیران) باسی (بونیادەک مەزن) دەکات. بۆیە (نوورەک د دلدا هل کری) کە (ئەصلێ قسان ڕێ دبەتێ)، واتا مەعریفە و زانین لە ڕووناکی دڵەوە پەیدا دەبن. لێرەدا (فەقێ تەیران) دروست (سوورەوەردییانە) بیر دەکاتەوە و ئیشراق دەکاتە ڕێی ڕاستیی زانین.

دکتۆر مارف خەزنەدار دەڵێت: (مەلای جزیری پەنچە بۆ فەلسەفەی پرتەوی (ئیشراق) درێژ دەکا. ئەو ڕێبازە سۆفیزمەی شێخ شەهابەدینی

سوورەوەردی (لەساڵی ١١٩١ م کوژراوە) دایهێناوە بەو مانایەی زانستی ڕاست لەو ڕووناکییە هەڵدەقوڵێ کە لە ناخی دڵدا پەیدا دەبێ[١])

فەقێ تەیران چەند جوان دەڵێت:

خەلکێ خودێ عاقل کری
هەم عارف و کامل کری
نوورەک د دلدا هلکری
ئەصلێ قسان ڕێ د بەتێ

**٥/٦- جیلوەناسی- فینۆمینەناسی:**

(ئیظهار) جیلوەدان، دیاریدان، پیشاندان، یان (فینۆمینە - الظاهراتیە) کە لە وشەی (فینۆمینەن)ی یۆنانییەوە هاتووە، بە واتای (خۆدەرخستن - خۆپیشاندان) دێت. ئیظهار، یان فینۆمینە ئەم شتەیە کە خۆی دەردەخات، خۆی پیشان دەدات. (phainein) لە گریکیدا بە واتای ( to show) دێت.

(phaiomenon) واتا (thing appearing to view) شت بۆ دیاربوون، خۆی پیشان دەدات، لەسەر دیاربوون بناغە دەگرێت. هەروەها ناوێکی تری یۆنانی هەیە، ئەمیش وشەی (فۆسفۆر)ە، کە واتای (ڕۆناکیهێن) دەدات. لێرەدا زانینگەلی ڕەوانی و خواوەندی، (حیکمەتیی ئیلاهی) زانینێکە لەلایەن ڕووناکییەکانەوە بۆ کەسیی حەکیم پەیدا دبێت.

زاراوەی (Phenomenologie) لە زمانی عارەبیدا دەبێتە "کشف المحجوب"، بە کوردی دەبێتە (پەردەلادان ل سەر ئەو شتەی شاردراوەیە). ئەم زاراوەیە لەگەڵ "Phenomenologie" گونجاوە.

---

[١] بڕوانە: دوکتۆرمارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی. بەرپەرێ ٢٥٩

پەیوەندی نێوان (زاهر و باتن) دیار و نادیار، پێوەندی بە "Phenomenologie" ئیظهارەوە هەیە، چونکە "Phenomenologie" لە کۆتاییدا دەبێتە "Hermeunetique" هێرمینیۆتیک- تەئویل. واتا گەڕانەوە بۆ زانین، بۆ سەرچاوەی یەکەم.

ئەم جۆرە تەئویل و زانینە سەر بە گنووسیزیمە، گنووس لە وشەی (gnosis) ی یۆنانییەوە هاتووە، بە واتای (مەعریفە)، یان (بصیرة)ی عارەبی دێت. هەروەها بە واتای عرفان، یان ناسینی خودا دێت. مەبەستیش لەم مەعریفەیە، ئەو ناسینەیە کە بێ پرد پەیدا دەبێت. واتا لە ڕێی کەشف و دیتنەوە مرۆڤ بە ڕاستی – خودا دەگات.

بە شێوەیەکی گشتی گنووس بریتییە لە وەرگرتنی سروش لە ڕێی کۆششی لەشی و ڕەوانی. ئەزموونی پێغەمبەرانیش بریتییە لە کۆششی جەستەیی و ڕەوانی لە وەرگرتنی سروش و دیتنی ڕاستیدا، واتا سروش پێوەندی بە ڕووحی مرۆڤەوە هەیە، کە دەتوانێت خۆی بۆ وەرگرتنی سروش و ناسینی ڕاستی ئامادە بکات. لەبەر ئەمەیە ئەزموونی پێغەمبەران هەردەم دووبارە دەبێتەوە، چونکە مرۆڤ لە ڕێی ئەم کۆششە ڕەوانی و جەستەییەوە، دەتوانێت ڕاستەوخۆ ڕاستی لە خوداوە بزانێت. واتا گنووس چالاکییەکی ڕەوانییە، کە مرۆڤ بە ناسینی خودا دەگەیەنێت. لە ڕێی ئەزموونێکی باتنی بە دیتن و ئاشکراکردنی هەقیقەت دەگات. لە زۆربەی دینەکاندا دەبینین ژمارەیەکی زۆر پێگیری بە شەریعەت و قانوون و ئەرکەکانی دین و سروتەکانی ئەم دینە دەکەن، بڕوادارانی جوو، مەسیحی و موسڵمان، هەموو چەندان خاڵی هاوبەشیان هەیە، وەک بڕوابوون بە خودا، لەسەر نوێژکردن و ڕۆژووگرتن و حەجکردن هاوڕان. هەروەها بڕوایان بەم ڕەفتارانە هەیە، کە لە ڕێورەسمەکانی دینی پێڕەوی دەکەن و پێغەمبەران بەسەریاندا دەسەپێنن. لەبەرانبەردا ئەم دینانە، بە ناوی جیاوازەوە،

وەک گنووس، یان عرفان، یان سۆفیگەری دەیانەوێت بە ڕێی ئاشکراکردن و کۆششی ڕەوانی بە ڕاستی و خودا و مرۆڤ و سروشت بگەن.

فەقێ تەیران دەڵێت:

بێ فەم و قیل و قال ببێژ
هێدی ب لەفزێ حال ببێژ
بەر (میم و حێ و دال) ببێژ
شەرح و بەیانا کاغەتێ

دا کاغەتێ اسبات بکین
قەیدێد هوور اعتبار بکین
جارەک ل من ئیظهار بکین
واضح کو فەهمێ من رە تێ

(لەفزێ حال)، ئەم زاراوەیەیە (فەقێ تەیران) بۆ ئەو دۆخە مەعریفییە بەکاری دێنێت، کە سۆفی، یان عارف لە ساتێکی ئیشراقیدا بەدەستی دێنێت. (لەفز) واتا (واژە، واچە، وشە و پەیڤ)، بەڵام (حاڵ) بەخششێکی خوداییە و پێوەندی بە کۆششی ڕووحی و جەستەییەوە نییە، جاروبار پەیدا دەبێت و دوایی ون دەبێت. (حاڵ و مەقام) دوو زاراوەی سۆفیگەرین، بۆ زانینی پایە و باری ڕێبوار- سالیک بەکار دێن.

(مەقام) شتێکی خودایی نییە، بەڵکوو لە ئەنجامی بزاو و کۆششی لەش و ڕەوانەوە بەدەست دێت. (سەراجی تووسی) لەبارەی مەقامەکانەوە دەڵێت: (مەقام؛ واتا مەقامی بەندە لەنێو دەستەکانی پەروەردگاردا، بە کۆشش و وەرزش و مەشق و خۆگرتن بە خوداوە

پەیدا دەبێت). خودا دەفەرمووێت: (ذَلِكَ لِمَنْ خَافَ مقامي وَخاف وعيد[1]).
(وما منا إلا له مقام معلوم[2]).

لێرەدا بۆ ئەوەی باشتر لە (فەقێ تەیران) و هەر سۆفی و عارفێک بگەین، بە کورتی باسی (مەقام و حاڵ[3])ەکانی سۆفیگەری دەکەین:

**مەقام- پایەناسی. مەقامەکان دەبنە هەفت:**

١. تۆبە: ئەلقوشەیری دەڵێت: تۆبە یەکەمماڵە لە ماڵی ڕێبوارەکان و یەکەم مەقامە لە مەقامی ئەوانەی داوای دەکەن. تۆبە واتە گەڕانەوە. گەڕانەوە لەو شتانەی بە پێی شەرعەوە باش نین ئەو ئەوشتانەی کە باشن. هەندێ لە سۆفییەکان هەوڵیان داوە جیاکارییەک لە تۆبەدا بکەن وەک (حوسێنی مەغازلی) دەڵێت: تۆبە دوو جۆری هەیە، یەکەمیان (تۆبەی ئینابە) ئەوەیە لەخودا بترسی، چونکە هێزی بەسەرتدا دەشکێ. دووەم (تۆبەی ئیستجابە) ئەوەیە کەشەرم لە خوا بکەی، چونکە لێت نزیکە.

٢. وەرع: ئەو مەقامەیە کەسێک پێی دەگات کە بڕوادار و خواترس بێت. کە وای لێ دەکات هەموو شتێک لە دنیادا بپشکنێ بۆ ئەوەی

---

[1] سوورەتی ئیبراهیم، ئایەتی ١٤

[2] سوورەتی سافقات، ئایەتی ١٦٤

[3] دەربارەی (مەقام و حال)ەکان، سوودم لەم دوو سەرچاوەیە وەرگرتووە:
- د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، سۆفیگەری. شیعری ئایینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا. لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی. چاپی یەکەم. هەولێر ٢٠٠١
- الدكتور اسعد السحمراني، التصوف. منشؤه ومصطلحاته. دارالنفائس. بیروت لبنان. الطبعه الثانیه ٢٠٠٨

تووشی حەرام نەبێت. خۆی لە شتی گومانلێکراو بپارێزێت. وەرعیش لە لای (یەحیا بن مەعاز) دوو جۆری هەیە. یەکەمیان: وەرعی دیار، ئەوەیە تەنیا بۆ خودا بجوڵێیتەوە. دووەمیشیان: وەرعی باتنی، ئەوەیە جگە لە خوا هیچی تری نەچێتە دڵەوە.

٣.تەوەکول: (جونەید) دەڵێ تەوەکول ئەوەیە : (دڵ لە هەموو بارێکدا خۆی بداتە دەست خودا)

٤. زوهد: بریتییە لە ڕقبوونەوە و دوورکەوتنەوە لە جیهان یان وازهێنانە لە خۆشی و چێژی جیهان، لە پێناو چێژی دوامایی. زوهد وازهێنان و کوژانەوەیە لە دڵدا و سێ جۆری هەیە:

یەکەم: زوهدی ئەرک، واتە وازهێنان لە حەرام.

دووەم: زوهدی سوننەت، واتا وازهێنان لە شتی گوماندار.

سێیەم: زوهدی فەزیلەت، واتا وازهێنان لە حەڵاڵ.

٥.فەقر: فەقیری بریتییە لە نەبوونی شتی پێویست، فەقیریی ڕاستەقینە هەر گومکردنی دەوڵەمەندی نییە، بەڵکو گومکردنی ئارەزووی دەوڵەمەندیشە.

٦. سەبر: ئارامگرتن و خۆگرتنە لە کاتی بەڵادا.

٧. ڕەزا: قایلبوون و گلەیی نەکردن، ڕەزا ئەوەیە دڵی ڕێبوار لە ژێر حوکمی خودا ئارام بگرێ.

## حاڵەکان:

١. موراقەبە: بە حاڵەتێ دەگووترێ کە ڕێبوارهەمیشە بە دڵی خودا ببینێ و ئاگای لە کردەوەکانی بێ.

٢. قورب: قورب بە واتای نزیکی و خودا لە بەندەی یان پەنابردنی بەندە بۆی هاتووە. واتە ڕێبوار بە دڵی نزیکی خوا ببینێ و بە پەرستنی

لێی نزیک بێتەوە و هیوای هەر ئەوەبێ هەمیشە زکری خودا بکا و خودای لەیاد بێ.

٣. مەحەببەت: حاڵەتێکە لە دوای قوربەوە دێت. خۆشەویستی خودا لە خۆشەویستی پێغەمبەر و گوێڕایەڵی فەرمانەکانیەتی.

٤. خەوف: ترس حاڵێکە تووشی باوەڕدار دێت کە ئەو دەقانە دەخوێنێتەوە کە باسی ترس دەکەن. هەر ئەمەش پاڵنەری دروستبوونی بزافی زوهدە. چونکە تێکستگەلی ترسناک سەبارەت بە ترس لە خوا و ئەشکەنجەی دوارۆژ بۆ ئەو کەسانەی ڕێگەی خودایان نەگرتووە.

٥. ڕەجا: قوشەیری دەڵێ: ڕەجا ڕوانینە بۆ گەورەیی میهرەبانی خودا. ئەبو عەبداللە بن خەفیف دەڵێ: ڕەجا مژدەیە بە هەبوونی فەزڵی خودا.مرۆڤ کە تووشی حاڵەتی ترس دەبێت ئەوە پێویستی بە لێبووردەیی خودا هەیە بۆ ئەوەی نەکەوێت.

٦. شەوق: جۆشسەندنی دەروونە بۆ گەیشتن بە خۆشەویست. شەوق ئاگری خودایە لە دڵی وەلییەکانی بەرداوە تاکو هەموو ویست و ئارەزوو و پێویستییەکانی بسووتێنێ.

٧. ئونس: خدووگرتنی ڕێبوارە بە خودا، متمانەکردنە بە خوداو هانابردنە بەری و ئارامگرتنە لە ئاستانەیدا.

٨. تومەئنینە: کە ڕێبوار خدووی بە خوداوە گرت و دڵی پێی شاد بوو لە هەموو هاوڕێیەک بۆی چاکتر بوو، ئەو کاتە تۆوی دڵنیایی (تومەئنینە) لە دەروونیدا چرۆ دەردەکا و دڵی دادەسەکنێ.

٩. موشاهەدە: بێگومان ڕێبوار کە دڵنیایی بە خودا پەیداکرد و پێی شادبوو ئەو کاتە دەبێ بگاتە پایەیەک کە بەدی بکات، بەدیکردنەکەش (بریتیە لەو شتەی کە دڵ دەبینێ بە غەیب.. وە بە واتای موحازەرە واتا نزیکبوونەوەش دێت).

١٠. یەقین: هەر کە ڕێبوار بە چاوی دڵ خودای بینی و لێی نزیکبووەوە و هەردەم لە گەڵی بوو، ئەوکاتی بێگومان دەبێ و بەقای باوڕی بەو شتانە دەبێ کە لە دەستی خودایە و لە خەڵک بەری دەبێ. لە لایەکی ترەوە یەقین بەو حاڵە دەوترێ کە ڕێبوار بەو بەشە قایل بێت کە خودا پێی داوە.

یەقین لە قورئاندا بە سێ جۆر ناوی هاتووە:

١. عیلمی یەقین: واتا دڵنیایی و باوەڕ لە ڕێگەی زانیارییەوە.

٢. عەینی یەقین: واتا کەشفکردن و بینین بە چاو.

٣. حەقی یەقین: واتا گەیشتنە ئەوپەڕی بینین و دڵنیابوون لێی بەهۆی زانینەوە. یەقین بنەمای هەموو حاڵەکانە و بڕوا هێنانە بە غەیب و نەمانی گومانە لە دەروونددا.

بەگشتی ئەم مەقام و حاڵانە، دەربڕین لە دۆخێکی وجوودی و مەعریفی لای سۆفی، یان سالیک دەکەن و دۆخێکی ئەخلاقیش پەیدا دەکەن، چونکە ئەو زانینەی سۆفی پەیدای دەکات، دەخوازێت لە پایەیەک و حاڵێکی ئەخلاقی دیاریکراودا بێت. ئەمەش ڕامانی ئەمە دەدات، کە ئەو مەقام و حاڵانە، مەقام و حاڵی ئەخلاقین پێش ئەوەی دینی بن، مەعریفین پێش ئەوەی بڕواداری بن.

مرۆڤ لەڕێی ئەم مەقام و حاڵانە دەبێتە مرۆڤێکی خاوەن حیکمەت، حیکمەتیش مەقام و پلەی بەرز و باڵان. ئەو سالیکەی بە مەقامی بەرز دەگات، ڕەنگە ببێتە قوتب و مرۆڤی کامل و سوپەرمان. لەلایەنی وجوودی و مەعریفییەوە ببێتە حەکیمی ئیشراقی خۆزان. واتا حەکیمی خودایی، کە سەرتۆپی هەموو حەکیمانە.

## ٦/٦- پیر، یان شێخ، ڕێبەرناسی:

هەر لەم کۆپلانەی سەرەوەدا، (فەقێ تەیران) بابەتێکی تری گرنگ بە ئێمە دەدات، ئەویش بابەتی فێربوون و وەرگرتنی مەعریفەیە لە ئاوەوە.

لە سۆفیگەریدا لەبارەی هەبوون و نەبوونی شێخدا دوو بۆچوون هەن، بابەتی پەیدابوونی (تەریقەت)ەکان، لەدوای فەلسەفەی ئیشراقیی سوورەوەردی دەست پێ دەکات. واتا دوای دامەزراندنی بنکە و بناغەی مەزەبی ئیشراقی (تەریقەت) پەیدابوون و هەبوونی شێخ، یان ڕێبەر، یان مامۆستا و پیر، بۆ ڕێبوار و سۆفی و عارفان بووە بابەتێکی گەرم لە سۆفیگەریدا. تاقمێک دەبینن مەرج نییە سالیک، پیر، یان شێخێکی هەبێت، بەڵام تاقمێکی تر دەڵێن: نەخێر! پێویستە سالیک شێخێکی هەبێت، تا لە ڕێگەی خودا و ڕاستی و زانیندا ڕێبەری بکات.

دەبینین (فەقێ تەیران)، (ئاو) دەکاتە پیر و مامۆستا و ڕێبەر بۆ حیکمەت و مەعریفە. ئەمەش ڕامانگەلی ئیشراقی و فەلسەفی خۆی هەن. بە ئاو دەڵێت:

ئاڤێ جەواب دا بێ سوخەن
ئەزمان نەبوو، ب حال گۆتە من
ڕەمزێن د پادشاهێ مەزن
سوبحان ژ وێ سەلتەنەتێ

با بپرسین، ئایا (فەقێ تەیران) مۆنۆلۆگ لەگەڵ خۆیدا دەکات، یان دیالۆگ لەگەڵ ئاودا دەکات؟ لێرەدا بەیتەکە لە ڕووی شێوازەوە، دیالۆگە لەنێوان (فەقێ تەیران) و ئاودا، بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆکەوە مۆنۆلۆگی (فەقێ تەیران)ە لەگەڵ ڕەوانی خۆی. واتا (فەقێ تەیران) لە حاڵ و مەقامێکدایە، بێ پیر و شێخ، بە قۆناغی زانینێک دەگات، کە

ڕاستەوخۆ مەعریفە لە خودا وەردەگرێت. ڕەوانی خۆی دەداتە بەر زانیارییەکان و بێ دەم و زمان و وشە، ڕاستەوخۆ زانین لە سەرچاوەی ڕاستی وەردەگرێت.

ئەم حاڵ و مەقامە، دەبێتە باری کەسێک، کە ڕەوانی لە جیهانی مادددیدا دەرباز بووە و (ئاو) وەک ڕەگەزێکی ماددی دەبێتە سیمبۆل. لێرەدا سیمبۆل کە مەقام و حاڵێکی قودسییە و سەر بە جیهانی بەرزەک و نوور و ڕووناکی وشە و زمان و زانینی خوداوەندییە، سیمبۆل تێیدا دەبێتە تەئویلکردنێکی موقەدەس. ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە سەر ڕەسەنایەتی وشەی یۆنانی (سیمبۆلۆن – symbolon)، دەبینین واتای کرداری کۆکردنەوە و پێکەوەبەستنەوەی دوو شت دەدات. وەک بڵێین دوو کەس لە مێوانداریيەکدا بە دیداری یەکدی دەگەن. کاتێ لە یەکتری جودا دەبنەوە، ئەنگوستیلەیەک، یان خەزەفێک دەشکێنن، تا هەر پارچەیەک لەم ئەنگوستیلەیە، یان لەم خەزەفە، لای هەر یەکێکیان بێت، ببێتە ڕەمز- سیمبۆلێک، کە دواتر لێکی بدەنەوە، تا هەر یەک بتوانێت مێوان، یان برادەرەکەی خۆی، کە پارچەکەی تری سیمبۆلەکەی لا هەیە بناسێتەوە.

هەر سیمبۆلۆنێک پێویستی بەمە هەیە پارچەیەکی تری هەبێت، تا ببێتە ڕەمز. تا هەر پارچەیەک بگەڕێتەوە سەر پارچەکەی تر و یەکدی بگرنەوە.

(فەقێ تەیران) و (ئاو)یش لێرەدا ڕەمز و سیمبۆلی یەکدین. چونکە وتووێژی ئەوان، دەبێتە ڕەمز و ئیشارەت و هێما، کە ئاو بۆ فەقێ تەیران و لە فەقێ تەیرانەوە بۆ ئاو دەگەڕێتەوە.

لە تەئویلکردندا زاراوەگەلی دینی دەبنە (عەلامەت) تا لایەک لایەکەی تر بناسێتەوە، واتا ئەم وتووێژە لەنێوان (فەقێ تەیران) و (ئاو)دا، ڕەمز و عەلامەتە بۆ پێکەوەگرێدانەوەی گشتی، لە بنەڕەتدا پێکەوەبوون. زاهر

و باتن پێویستیان بە لێکدان و پێکەوە بەستنەوە و یەکگرتنە، جونکە پێکەوەنە و هەر یەک لەوان هێمایەکە تا ئەوەی تر بیناسێتەوە. هەر یەک شتێکی لەوەی تری تێدایە، کە پێویستە بناسرێ. بە شێوەیەک، کە یەک ئەوەیتر بۆ خۆی دەیکات بە ڕەمز. ئەمەش بە تەواوی جەوهەری ڕەمزبوون. (هەر دلۆپێک لە ئاو) ڕەمزێکە بۆ شتێک و ڕەمزێکە لەگەڵ ڕووباردا، ڕووبار ڕەمزە لەگەڵ (فەقێ تەیران) و (فەقێ تەیران) ڕەمزە لەگەڵ ئاودا. هەم (فەقێ تەیران) و هەم ئاو، ڕەمزێکن پێکەوە بەشدارن لە بیردۆزی ئیشراقیدا، کە هەمووی یەکە!

**٧/٦- ئاماژە، زمان و جیهانناسی**

(فەقێ تەیران) وەک سۆفییەک هەوڵ دەدات، کە بێ زمان، بێ پەیڤ جیهان پێناسە بکات! (فەقێ تەیران) ئامرازێکی زمانەوانی لە بەیتەکەدا پەیدا دەکات، کە ئاو بێ دەم، بێ قال و قیل، بێ وتن ڕاستی بڵێت!

بێ فەم و قیل و قال ببێژ
هێدی ب لەفزێ حال ببێژ
بەر (میم و حێ و دال) ببێژ
شەرح و بەیانا کاغەتێ

لێرەدا زمانی بەیتی هەی ئاو و ئاو، دەبێتە ئاماژە بۆ وەسفکردنی بوون، دۆخێکی مەعریفی پەیدا دەکات، کە زمانی مرۆڤ ناتوانێت پەیدای بکات. چونکە زمانی ئاو، دەبێتە هێماگەلی خوداوەندیی:

لەو بێ لیباس و تازی یی
د شێر و ڕەقس و گازی یی
ژ کێرا دکی عشق بازی یی
ڕەمزان و خۆش ئیشارەتێ

ڤان تەشبیهان ژ کێرا دکی؟
ڕەمز و سەوادان فێکرا دکی
حەمیان ژ بال خوە را دکی
دگەڕی ژ مەحلا غوربەتێ

ڕەمز و هێما و تەشبیە و سەوداکانی ئاو، دەبنە زمانێکی تایبەت، کە واتاگەلی تایبەت و قودسی پەیدا دەکات. ئاماژەکانی ئەم زمانە، ڕەمز و هێماکانی زمانێکی ئەلف و بێیی ڕەت دەدات و دەبێتە زمانێکی نوێ و سەربەخۆ، دەوڵەمەند بە ڕەمز و هێما و تەشبیە و سەوداگەل، واتا لێرەدا (فەقێ تەیران) پێوەندییەکی نوێ لە نێوان زمان و بووندا پەیدا دەکات. بوون دەبێتە ڕامانێکی هۆشەکی، ڕامانی بوونیش لە جیهانێکی واتادار و ماددی دەبێتە ئاماژە، ئیشارەت، تەشبیە و سەواد. بوون دەباتە (مەحلا غوربەتێ) جێیەک، کە نادیار و پەنهانە، مەگەر (غوربەتا غەربی)ی (سوورەوەردی) نەبێت؟!

(سوورەوەردی) چیرۆکێکی گەلێک گرنگ و پڕ بەهای هەیە بە ناوی (غوربەتی غەربی)، کە تێیدا بە ڕەمز و سیمبۆل و تەشبیە و ئاماژە و ئیشارەتان، باسی جیهانی موقەدەسی ڕەوان دەکات.

(مەحلا غوربەتێ) غوربەتی هەر ڕەوانێکە، کە تەماهی دەکات جارێکی تر، بوونی هەقیقی و جێگە و محەلی ڕەوانی خۆی، کە ڕەسەن و ڕاستە بزانێت و بیگاتێ. (محەلا غوربەتێ) جیهانە، عالەمە. لە کولتووری دینی و سۆفیگەریدا (جیهان) هەردەم بە (عالمین) باس دەکرێت. جیهانێکی بچووک و جیهانێکی گەورە. جیهانی بچووک خۆی لە مرۆڤدا دەبینێتەوە، وەک (تەبەری) لە تەفسیری سوورەتی (سافات)دا باسی لەشی ئادەم دەکات، کە لە چوار ماکی سەرەکی (ئاو، هەوا، خاک و ئاگر) پێکهاتووە. ئەم تێگەیشتنە لەسەر بنەمای

هاوشێوەیی، لەشی ئادەم و سروشت پێکەوە دەبەستێتەوە، ، چەمکی (جیهانی بچووک) وەک وەسفێک بۆ مرۆڤ، چەمکێکی یۆنانییە و بە تایبەتی (فیساگۆرس) باسی کردووە و لەبەرانبەر (جیهانی گەورە-گەردوون)ی داناوە. ئەم بیرۆکەیە لای (موعتەزیللە)ش هەیە، ناوی (مرۆڤی گەورە) بۆ جیهان بەکار دێنن، ناوی (مرۆڤ)یش بۆ جیهانی بچووک دەناسێنن. لەبەر ئەو تەشبیهەی لەنێوان ماکەکانی سروشت و مرۆڤدا هەیە.

(فەقێ تەیران) ئاماژەکانی زمان ڕەت دەدات، دەچێتە سەر ڕامان و واتاکان. واتا مرۆڤ لە ڕێی ئاماژە و ئیشارەت و هێما و سەوداکانی جیهان، بێ زمان و وشە، بوون ئاشکرا دەکات! (ئبن تەفویل) لە چیرۆکەکەیدا (حەی بن یەقزان)دا بەرجەستەی کردووە[١]. مرۆڤ لە ڕێی ڕامانکردن لە داروبار و ئاژەڵ و باڵندە و ئاو و ئەستێرە و ڕەگەزەکانی تری سروشت، بێ زمان، بێ قیل و قال، دەتوانێت لە (کەلامی ئیلاهی) بگات!

موعتەزیللە ئەم تێگەیشتنە وەک مەرجێک بۆ تێگەیشتنی کەلامی خودا دادەنێن. ئەم تێگەیشتنە لە دەرەوەی زمانی بوون پەیدا دەبێت. لە چیرۆکی (حەی بن یەقزان)دا، کارئەکتەرەکەی بێ زمان و زانینی ناوی هەموو بوونەوەران، دەتوانێت لە بوون بگات. بە ڕامانکردنی ئەو کەسە لە ڕێی دەلالەتاندا، نەوەک وشەکان، بە ئاماژەکان لە جیهان دەگات. واتا جیهان بەخۆی تێگەیشتنێکی ئەقڵانی بۆ ئێمە پەیدا دەکات.

(فەقێ تەیران)، وەک (سوورەوەردی)، بوون وەک ڕەمز و ئیشارەت دەبینێت، بوون بە خۆی دەلالەتە و جیهانی ئاماژەیە. ڕەمزێکی

---

[١] (ئبن سینا) و (سورەوەردی) و (ئبن توفەیل) و (ئبن نەفیس) لەسەر هەمان بابەت و چیرۆک ئیشیان کردووە.

موقەدەسە و هەموو مرۆڤ لە نێویدا تەبا و وەکیەکن و تێدەگەن. مرۆڤ دەتوانێت بوون بکاتە بەڵگەیەکی ئەقڵانی تا بە ڕاستی بگات.

لای (ئبن روشد) ئەم تێگەیشتنە دووبارە دەبێتەوە. ئەویش لەبارەی پێوەندی لە نێوان جیهان و بەڵگەگەلی ئەقڵانیدا، دەبینێت کە تەماشاکردنی بوونەوەران بە باشی، وا دەکات پەیداکار بناسیت. ئەو جیهانەی هەموو بوونەوەرەکان ڕێک دەخات، بەڵگەیە لەسەر پەیداکارەکەی. جیهان کۆمەڵێ ئیشارەت و ڕەمزی جوانن، ئەرکی فەلسەفەش ئەمەیە ئەو ئیشارەت و ڕەمزانە بکاتەوە!

**٧- ئیشراقناسی**

لای ئیشراقییەکان، ڕەوان سەرچاوەی زانینە. ڕەوان بە واتای ئەو جێیەی مەعریفەی عارفی تێدا دەڕژێت. ڕەوان ئەم شتەیە زانین لە خۆیدا هەڵدەگرێت، زانینی ئەو ڕاستیگەلە بێگەردنەی سەر بە جیهانی باڵان. ئەو زانینانەی کە ڕەوانی مرۆڤ ناتوانێت بە ئامرازی هەستەکی و ئەقڵی بیگاتێ، چونکە هەستکردن بەتەنیا دەتوانێت بگاتە هەقیقەتی ئەو شتانەی لە جیهانی ماددیی هەستپێکراودا هەن، ئەقڵیش ئەو ڕاستی و شتانە دەناسێت، کە ناوەڕۆکی هەمەکین و لە جیهانی هەستپێکراودا هەڵهێنجدراون، بەڵام ڕاستیگەلی بێگەرد سەر بە جیهانی هەست و ناوەڕۆکی هەمەکی نین، بەڵکوو سەر بە جیهانی ڕووناکیگەلی بڵند و پاک و بێگەردن.

ئەم جیهانەی تێیدا دەژین جیهانی ماددە و وێنە و نموونەکانە، سێبەری جیهانی باڵای نوورانییە. ئەو جیهانێکی کامل و ئەبەدییە، جیهانی بێگەردییە، لەوێ ڕاستیی کامل هەیە، لە خودی خۆیدا کامل و تەواوە، بەڵام لێرەدا بەتەنیا جیهانی وێنەکان ئێمەیان گەمارۆ داوە، جیهانی سێبەر و کەموکورتییەکان. ڕاستیگەلی ڕەسەن نوورانین، لە

جیهانی بڵند پارێزراون، لەبەر ئەمە ئێمە بە هەستەکان و ئەقڵەوە ناتوانین درک بەو ڕاستییانە بکەین، بەڵکوو بە ڕێی ڕەوان درک بەم ڕاستیگەلە بێگەردانە دەکەین.

لای ئیشراقییەکان، عارف بە زانینی ڕاستەوخۆ بە زانینی ڕاستی دەگات. زنجیرەی ئیشراقەکان، هەم بوون و هەم زانین پەیدا دەکەن، بەڵام زانین بۆ هەموو ڕەوانێک پەیدا نابێت، زانین بێ مەرج نییە، ئەو ڕەوانانەی کۆشش و مەشق و ڕاهێنان دەکەن، دەتوانن پەردە لە نێوان خۆیان و ڕاستییەکاندا هەڵبگرن، پتر بزانن، عارف هەرچەند بێگەردتر بێت و پتر کۆشش بکات، دەتوانێت پتر ڕووناکی ببینێت.

لە ئیشراقناسیدا، دەبینین سۆفیگەری شتێکی جیاواز لە فەلسەفە پێشکەش دەکات، ئەویش ئەو دەرچوونەیە لە ئەقلانیەتی فەلسەفی، بە تایبەتی کە فەلسەفەی مەشایی دەیەوێت لە مەعریفەدا هەبێت. لە ئیشراقناسیدا سستەمی مەعریفی، سستەمێکی میتافیزیکییە، کە ڕامانکردن و کۆششی ڕووحی و لەشی دەکاتە مەرج بۆ ناسین و زانین. ئیشراقناسی جیاوازی لە نێوان (عیلمی یەقین) و (هەقی یەقین) دەکات. واتا مەعریفەی تیۆریی ئەقڵانی دەتوانێت خاسیەتی (ماکەکان) بە هەندێک زاراوەگەلی تەکنیکی و زانستی بۆ مرۆڤ دیار بکات وەک (با و ئاو و خاک و ئاگر، حەیوان و دار و نەبات) ئەوانەی (فەقێ تەیران) لە بەیتەکەی خۆیدا ناویان دەهێنێت. زانستی ئەقڵانی دەتوانێت ئەو  ماک و پێکهاتە و ڕەگەزانە شی بکاتەوە، ڕاستییەکەیان بە مرۆڤ بدات. واتا (عیلمێکی یەقینی) بەرهەم دەهێنێت، بەڵام ئیشراقناسی لەبارەی ماک و ڕەگەز و پێکهاتەکان (هەقی یەقین) بەرهەم دەهێنێت.

لەبەر ئەمە دەبینین ئەو (ماکانە) لە میتافیزیکای سۆفیگەریدا دەچنە نێو مەعریفەیەکی ڕووحانیدا. واتا لە ئیشراقناسیدا مەعریفەی تیۆری پرسێکە لە ژیانی ڕووحی جودا نابێتەوە.

واتا زانین لە سۆفیگەریدا، (گەشتی ڕووحە)، زاراوەی (گەشتی ڕووح) وەک (گەشتی ئاو)، گەشتی (نەفس)ە، لەکاتی ڕامانکردندا. لە گەشتی ڕووحیدا مرۆڤ دەزانێت بەتەنیا گۆشت و خوێن نییە، بەڵکوو جیهان لەنێویدا هەڵگیراوە، یان ئەو بەخۆی جیهانە. ڕێبوارە دەیەوێت (قەلب)ی خۆ تەنا بکات. میحنەت و زەحمەتییان نەهێڵێت. دەچێت بیر لە (عەناصرِ، حەیوان، تەیر و تیوور، دەعبەوەر، ئنسان، جن، مەلەک، ئاتەش، بارد، هەیوولا، یابس و ڕتوب) دەکاتەوە. لەنێو هەمووواندا دەگەڕێت و لێکۆڵینەوە دەکات و بیر دەکاتەوە تا بزانێت، بەڵام دوای ئەم هەموو گەڕانە تێ دەگات، ئەو شتەی ئەو لە گەشتە ڕووحییەکەی خۆیدا لێی دەگەڕێت، لەنێو (دڵی خۆیدایە). مرۆڤ بۆ وا دوور دەڕوات؟ بۆچی وەک ڕووبار ئەم گەڕان و دەنگەدەنگە و زەحمەتی و مەینەتییانە دەبینێت؟ جیهان لەنێو مرۆڤدایە، ئەو نوورەی لە دڵدا داگیرساوە، ڕووناکی خودایە لە دڵی مرۆڤدایە! وەختێک عارف بەم ئیشراقە دەگات دەڵێت: (ئەزم هەق!).

**٨- دژناسی:**

چار طەبعەتێن ڤێکڕا زدین
هەم ئاتەشین هەم باردین
د بەحرا هەیوولا د واردین
مەلبووس ب ڤێ وەجهیەتێ

ب چار وەجهان ئەم یابسین
مقیم یەکە ئەم حادسین
لەوڕا رطوب و یابسین[1]
هەم ژی د خوازین ڕەفعەتێ

جارەک ببێژ ئەم چار خوەهین
بێ مەصلەحەت نا کوررهین
ژ مەشیەتێ نا بەطهین
جودا کرین ژ وەصفیەتێ

هەم سوفلەوی بازی دکین
هەم مەیلی ئەڤرازی دکین
هەم کەینوون هەم گازی دکین
جارەک ببینین ڕوئیەتێ

فەقێ تەیران لە بابەتی دژناسی و ڕەگەز و پێکهاتە و توخمەکانی سروشتدا، یەکبوون و دژایەتی باس دەکات. (طەبعەت) یان سروشتی شتەکان بۆ سەر چوا ماکە سەرەکییەکە ( ئاو، هەوا، خاک و ئاگر) دەگێڕێتەوە. وەک فەیلەسووفانی سروشتی یۆنانی کۆنی پێش سوکرات باسیان کردووە. (تالیس، ئاناکسیمەندەر، ئاناکسیمینیس، هیراکلیتۆس، پارمەنیدس، ئەمپادۆکلیس، ئاناکساگۆراس).

لای تالیس بنەڕەتی بوون، ئاوە. لای ئاناکسیمەندەر شتێکی دەستنیشانکراو نییە، واتا هیچ ماکێک بە بنەڕەتی بوون دانانێت. لای

[1] (لەوڕا ژ تینا یابسین). بڕوانە: مارف خەزنەدار سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٩

ئاناکسیمانس هەوا بنەڕەتی بوونە. لای هیراکلیتۆس ئاگرە. ئەمپادۆکلیس وای دەبینێت، یەکبوون و جیابوونەوەی هەر چوار ماکەکە ( ئاو، هەوا، خاک و ئاگر)، یا ڤیان و نەڤیانی ئەم ڕەگەزانە بنەڕەتی بوونن. ئەم جەوهەرە بنچینەییانە یەکن و دژن. واتا لای فەقێ تەیران تێگەیشتنێک بۆ دیالەکتیک و قانوونی دژبوون دەبینین. (ئا و ئاگر، تەڕو وشک، بەرز و نزم) ئەمە لەلایەن جەوهەر و ڕەگەزەکانی سروشتی. ئەم دژبوونە دەبێتە ڕامانێکی فەلسەفی و سۆفیگەری، (سوفلەوی و ڕەفعەت) سوفلەوی کە جیهانی ماددییە، ڕەفعەت و بڵندی و شانشین و کەینوونەیە. قانوونی دژبوون چالاکە و تا ژیانی ئێمەش لەنێوان دنیا و قیامەتدا بە حیرەت و سەرگەشتەیی دەرباز دەبێت، ڕەوان دەیەوێت لە جیهانی سوفلەوی خۆی بڵند بکات و بگاتە تەبەقەی چواردەم و لە غەفلەت و بێئاگایی دەرباز ببێت. فەقێ تەیران دەڵێت ئێمە یەک زاتین، بەڵام وەسفەکان جودانە، وەک سوورەوەردی چۆن دەڵێت زاتی ئێمە هەموومان لە ڕووناکییە، بەڵام چەشن و کوالیتەکەمان جیاوازە. بۆیە مرۆڤەکان لەلایەنی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەوە جیاوازن. باش هەیە و دەبێت خراپیش هەبێت.

هەروەها خاڵێکی تری گرنگ لێرەدا دیار دەبێت، ئەویش بابەتی (یەکبوون)ە، کە ئەم یەکبوونە (یەکبوونی وجوودە) یان (یەکبوونی شهوودە)؟! چونکە ئەگەر یەک هەبێت، دەبێت فرەیش هەبێت، ئەگەر بوونەوەرگەلی سوفلەوی هەبن، دەبێت بوونەوەری بەرز و بڵندیش هەبن. ئەقڵ هەبێت دەبێت دڵیش هەبێت، تاریکی هەبێت دەبێت ڕووناکیش هەبێت، بوون هەبێت دەبێت شهوودیش هەبێت، فەلسەفە هەبێت دەبێت سۆفیگەریش هەبێت.

فەقێ تەیران وەک یەک و قەدیم باسی (خودا) دەکات، چوار کچی لە کەنزی ئەقدەمدا هێنانە دەر، واتا خودا کۆنە و جیهان نوێیە، مەخلووقە،

ئەزەلی نییە، تازەیە و حادیسە. بوونەوەرەکان هەموویان لە چوار ڕەگەزی سەرەکی پەیدا بوون. تەنیا جنۆکەکان نەبن کە تەنیا لە ئاگرن. (قەدیم تەنیا یەکە) مرۆڤ تازەیە، لە قوڕی وشکەوە پەیدا بووە. بۆیە مرۆڤ پڕۆژەیەکی بەردەوامە، هەتا مردن هەر پێش دەکەوێت و گۆڕان و پێشکەوتن دەبینێت.

لێرەدا لە نێوان یەک و جیهاندا، دوو وێنە دەبینین، یەکەم: کۆنە و دیارە، ئەمە واتای یەکبوونی شهوود دەدات. دووەم: بوونەوەر حادیسە و دیارە و مەیلی بڵندبوونی هەیە، واتا یەک لە هەموو بوونەوەراندا دیارە، ئەمەش واتای یەکبوونی وجوود دەدات. شهوود باری فەنابوونە و وجوود باری بەقایە. باری یەکەم واتا شهوود بەرەو سۆفیگەری دەچێت و باری دووەم بەرەو فەلسەفە دەڕوات، بەڵام لە کۆتاییدا هەردوو لە نووری دڵی فەقێ تەیراندا پێکەوە دەبنە مەعریفەیەکی ئیشراقی.

**٩- بەیتناسیی:**

بەیت، یان چیرۆکە شیعر، ئەو شێوازەیە کە فەقێ تەیران وتووێژی لەگەڵ ئاودا بە زمانێکی سۆفیگەرییانە پێ دەکات. زمانی سۆفیگەری زمانی عیشق و ڤیانە. زمانی شیعر و هونەرە. شیعر باسی شتگەلی نادیار و نەوتراو و ڕەها و لەبننەهاتووەکان دەکات. بۆیە سەرەتا دەبێت شاعیری سۆفیگەر پێویستە ببێتە ئەو ڕووحەی خۆی لە جیهانی ماددی ئازاد و ڕەها بکات. واتا دوور لە وەڵامگەلی پەردەپۆش تێگەیشتنێکی تایبەت بە ئەزموونی خۆی لەبارەی عیشق و ناو و زاراوەکانی تر بە ئێمە بدات.

ئەو ڕووحە سۆفیگەرییەی کە ڕاستەوخۆ دەیخاتە نێو ئەزموونی زەوقی و ئیمانییەوە، ئەزموونێکە دەبێت مرۆڤ لەباری ئازادبوونەوە

هەستی پێ بکات و تامی بکات. هەروەک ئەوەی کە کەس پێش ئەو باسی نەکردبێت و تامی نەکردبێت. (ئبن عارەبی) دەڵێت: (نوور پەردەیە) ئەو شتانەی تا ئێستا لە دەقەکانەوە فێریان بووین نوورێکی پەردەپۆشە لەسەر ناوەکان. ئەو ڕووناکییەی کۆمەڵ و سستەم و پەروەردە و مرۆڤ بە ئێمەی دەدەن، پەردەیەکە لەسەر ڕاستی، ئەو شتانەی کۆمەڵ و سستەم بە ئێمەی دەدەن شتگەلی ناسراو و باسکراو و دیارن، بەلام سۆفی بە ئەزموونی ئیشراقییانەی خۆی، دەتوانێت لەسەرووی ئەمانە، پتر بەرز ببێتەوە و لە ڕێی ئەزموونی ڕووحی و ڕەمزی و هونەری خۆی، بە ئازادی بگات. تەماهی لەگەڵ ڕەهابووندا بکات. لەگەڵیدا بژیەت و تامی بکات، دەتوانێت دەقێک بەرهەم بێنێت، کە هێشتا دەقەکانی تر نەیانتوانیوە ئاشکرای بکەن. چونکە ناتوانن بەم دۆخە مەعنەوی و ڕەمزییە بگەن، کە ئازادی و ڕەهایی پەیدا دەکەن.

لەمبارەیەوە ئەدۆنیس دەڵێت: (سۆفی بەرەو نادیاری دەچێت و لە ڕێی ئەزموونی خۆی وتووێژی لەگەڵ دەکات، نەوەک لەڕێی دەقەوە، بەڵکوو لەڕێی جەستەی خۆیەوە لەگەڵ ئازادی قسە دەکات. قسەکردن دەبێتە وتووێژ لە نێوان (من) و (تۆ) دا، مرۆڤ و خودا. کاتێ (من) دەست بەمە دەکەم، لەڕێی نواندن و فێربوونەوە نییە، بەڵکوو گفتوگۆیەکی تایبەتە، گوێ لە (تۆ) بگرێت و لەگەڵیدا بەرز ببێتەوە، ڕووبەڕوو ببینێت. ئەم گفتوگۆیە دەبێتە حاڵ، لەبەر ئەمە ناتواندرێت دابمەزرێت، حاڵەکە دەگۆڕێت، نەوەک لە کەسێکەوە بۆ کەسێک، بەڵکوو هەر کەسێکە و حاڵی خۆی هەیە، لەنێو ئەم کەسەشدا لە دەمێکەوە بۆ دەمێکی تر دەگۆڕێت. مەعریفە و زانین خۆی حاڵە. جێگیر نییە، واتا بێکۆتاییە، جۆرە زانینێکی بەروەختە شتگەلی ئامادە و داخراو ڕەت

دەکاتەوە، زانینێکی چەند فرە بێت هێشتا تەنگە، هەر چەند هەست بکەین بە تەنایی گەیشتووین هێشتا ئێمە حەیرانین![1])

ژ وەسفەتێ جوداکرن
ژ سوحبەتێ ئەم راکرن
حەتتا قیام سەودا کرن
د حیرەتێ سەرگەشتە بین

سەرگەشتە بوون د حیرەتێ
قائیم ل سەر زاتێ خۆ بین
چاردە تەبەق کارێ وەبین
ڕابوو ژ مازا غەفلەتێ

چونکە سۆفی لە دەمی حزووردا زانینی سەرڕێژ دەبێت، لەبەر ئەمە ناسین و زانینی پێشتر ناتوانێت وەڵامدەرەوەی ئێستای سۆفی بێت. زانینی سۆفی، زانینی کەسێکی تاکە، لە ئەزموونێکی تاکی پەیدا دەبێت، لە حزووڕێکدا لە کاتی ئێشراقی ئەقڵدا بەسەر ڕەوانی سۆفیدا پەیدا دەبێت. لەبەر ئەمە لای سۆفییەکان زەمەن نییە، بەڵکوو (وەخت) هەیە. ئەم (وەخت)ەش وەختی حزوورە، ساتی ئیشراقە، ئەوە وەختەیە کە سۆفی لەنێو گەرمەی ئەزموونی ئیشراقی خۆیدایە!

---

[1] بڕوانە: أدونيس. الصوفية و السوريالية. دار الساقي بيروت- لبنان الطبعة الرابعة.ص ١١٦

ئەم وەختە دەبێتە وەختی عیشق و مەحەبەت و بە زمانی شیعرەوە دەربڕینی لێ دەکات. گەلێک جار دەبێتە (شەتح) و ڕاز و نهێنی جیهانی بەرزەک ئاشکرا دەکات.[1] کە جێگەی وێنە و نموونە و جیلوەکردنە.

شیعریی سۆفیگەری پێشمەرجێکە بۆ تەئویلکردنی بابەتگەلی وجوودی و مەعریفی بەڕەنگێکی ئەدەبی و هونەری. ئەدەب و هونەر لە جیهانبینی سۆفیگەریدا بەشێکن لە ڕاستی و ئەخلاق. لای سوورەوەردی هونەر و ئەدەب مەرجن بۆ حزووری مرۆڤانە لە جیهاندا، هەروەها مەرجن بۆ پەیدابوونی ڕاستی و جوانی. لای فەقێ تەیران لە بەیتی هەی ئاڤ و ئاڤدا، هەمان تێگەیشتن ساز و ئامادەیە. بەیتی ئاڤ و ئاڤ، وەک بەرهەمگەلی ڕەسەنی سۆفیگەری، وەک شیعر و چیرۆک و نامەگەلی ڕەسەنی سوورەوەردی و هەر سۆفییەکی هونەرمەند، دەبێتە بوونەوەرێکی نوورانی.

### ١٠- فۆلکلۆرناسی و بەرئەنجام:

دوای ئەو خوێندنەوەیەی بۆ بەیتی (هەی ئاڤ و ئاڤ)مان کرد، وەک نموونەیەک بۆ بنەماگەلی هزری ئیشراقی لای فەقێ تەیران. دەمەوێت

---

[1] سوورەوەردی لە کتێبی حیکمەتی ئیشراقدا، لە پەرەگراڤی (١٧١)دا، دەڵێت: ئەفلاتۆن وتوویەتی: من لە کاتی بێگەریدا، فەلەکگەلی نوورانیم دیون. ئەو فەلەکانەی ئەو باسیان دەکات، هەمان فەلەکگەلی ئاسمانی بەرزن، کاتێک هەندێک مرۆڤ لە کاتی هەستانەوەدا دەیانبینن."يَوْمَ تُبَدَّلُ الْأَرْضُ غَيْرَ الْأَرْضِ وَالسَّمَاوَاتُ وَبَرَزُوا لِلَّهِ الْوَاحِدِ الْقَهَّارِ". سوورەتی ئیبراهیم، ئایەتی (٤٨). (وَبَرَزُوا لِلَّهِ الْوَاحِدِ الْقَهَّارِ) ئەو بەرزبوونەوەیەش، هەمان بەرزە و بەرزەک و بەرزەخی (حیکمەتی ئیشراق)ی سوورەوەردییە.

فەقێ تەیران و بنەماگەلی ئیشراقی و فەلسەفە و زانین بە شێوەیەکی گشتی بە سەرمایەی ڕەمزی و ناسین و زانینی میللی گرێ بدەمەوە.

ناسین و زانینی میللی زانینێکی ڕەسەن و بنەڕەتدارن، ڕەگەکانیان لەنێو ڕووحی میللەتدایە. دەری‌ڕین لە ئاست و پایە و باری میللەت دەکەن. هونەرێکی ڕەسەن و بناغەدار بە ئێمە دەدەن. سەرچاوە ڕاستەوخۆکەی بوون و ژین و زیندووبوونی مرۆڤەکانن.

لەبارەی بەیتی ئاڤ و ئاڤ، بەیتێکی کوردییە و لەنێو ڕووح و بوون و ڕەوشت و ڕیشاڵەکانی ئێمە هاتووەتە دەر، لەئاستێکی هونەری و مەعریفی بەرز و بڵندە، دەتوانێت بە بەردەوامی هونەرێکی ڕەسەن وخاوەن  کۆمەڵێک بەهای ئەخلاقی پێشکەش بە فەرهەنگی ئێمە بکات. لەگەڵ تێپەڕینی دەم و جیاوازی شوێنەکان، واتاگەلی نوێ بە ئێمە بدات.

ئاڤ و ئاڤ ئاماژە و هێمایەکی زیندووە، لە توانایدایە ئەو وزە و ئیمکانییەتەی وەک هێز لە نێوەخۆیدا هەڵبگرێت، بەڕێی زمانێکی زیندوو، بەردەوام نەوەک جارێک بەڵکو دەیان جار ببەخشێتەوە.

بەیتگەلی کوردی دەتوانن هێزێکی هونەری و ئەخلاقی بە شێوەی نهێنیەکی موقەدەس و بەرزەک بە ئێمە بدەن. ناچنە ژێر تێگەیشتنێکی پووچگەرایانە و خۆیان بە خوێندنەوەی پۆستمۆدرن و نوێخوازگەلی عەدەمی سەرقاڵ ناکەن!

ئەو هونەرەی لەم بەیتانەدا هەیە گەلێک بەهێزترە لەم ئەدەبە هاوچەرخەی کە مۆدێرن و پۆستمۆدێرن بە مرۆڤی دەدات! من هەرگیز لەگەڵ ئەمە نیم، جیهانی ئەدەب و هونەری پۆستمۆدێرن لەگەڵ ئەو سەروەت و سامانە زەنگین و ڕەنگین و پڕ مەعریفە زیندووەی هەیە بەراورد بکەم! ئەو ئاماژە و هێما و سیمبۆڵ و رەمزانەی فەقێ تەیران،

یان ئەو بەیتەی هەی ئاڤ و ئاڤ بە ئێمەی دەدات، لەگەڵ جیهانی مۆدرن بەراورد ناکرێ؟!

فۆلکلۆرناسی، خاوەن دیتنێکی ڕەسەن و گیانێکی پڕە، سەرپەل و هونەرمەندانەیە، وەک دین و ئیمانێکی کوێر، یان وەک هونەری نوێ و ونبوو لەنێو تیۆر و پێناسەکاری و پێوانەکاری و فەوزای سستەمی سەرمایەداری و فەلسەفەی ماددی وشک نییە، بەڵکو ڕووحێکی بزۆز و بە جووڵەیە، بە ستوونی و ئاسۆیی ئاراستەی خۆی گرتووە و بەردەوام بڵند دەبێت.

ئێمە دەبینین لە بەیتێکی فەقێ تەیراندا، ناوی زۆربەی (پێغەمبەر و فەیلەسوفان) دێت، فەیلەسووفانی بەری سوکرات و سوکرات خۆی و دوای سوکراتیش. هەروەها ئەگەر ئێمە بیر لە فەرهەنگی پێش چەندان ساڵەی خۆمان بکەینەوە، دەبینین فەیلەسوفێکی وەک (ئەفلاتۆن) لەنێو خێزانی کوردیدا نامۆ نەبوو. ئەفلاتۆن بۆ گەلێک بابەت و بەسەرهاتدا نموونە بوو، ئەگەر یەکێک زۆر زانا با، یان گەلێک زیرەک با، یان بە هێز و لەولەبان بووایە دەیانووت: (دەڵێی ئەفلاتۆنە!) ئەمە بەڵگەیە، کە فەلسەفەی یۆنانی و فەلسەفەی خۆرهەڵاتی، میترابییزم و ئێزیدی و زەردەشتی و مانیزم و مەزەبی ئیشراقی بەلای خەڵکییەوە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی سەیر و نامۆ نەبوون. خەڵک توانیویەتی لەسەر بنەمای فەلسەفەی یۆنانی و خۆرهەلاتی ژیانی هزری و ڕووحی و ئەقڵی خۆی ڕێک بخات.

بەکورتی وەک بەرئەنجام لەم خوێندنەوەیەدا، چەندین خاڵ کورت دەکەمەوە:

فەقێ تەیران لە بەیتی (هەی ئاڤ و ئاڤ)دا، کە لە بنەڕەتدا بەیتێکی فۆلکلۆرییە، ئەو بە دیتنێکی ئیشراقییانە دایڕشتۆتەوە. تیایدا وەک

فەیلەسوفێک و سۆفییەک خوداناسییەکی تایبەت بە وەرگر دەدات، کە لە بنەمای دینی و عەقیدەگەری دوورە.

لەلایەنی ئەنتۆلۆژییەوە، بوون بۆ تیۆریی سەرڕێژبوون دەگەڕێنێتەوە، خوێنەر بە فەلسەفەی کۆنی یۆنانی و ئەوەی پێیدەڵێن سروشتی ئاشنا دەکاتەوە، باسی پەیدابوونی بوون لەچوار ماکە سەرەکییەکە (ئاو، ئاگر، هەوا و خاک) دەکات.

لەلایەنی ئەپیستمۆلۆژییەوە بوون بە سەرچاوەکانی ئیشراقەوە دەناسێنێت، هەردوو ئامرازی هەستەکی و ئەقڵی باس دەکات، دڵناسی دەکاتە رێگە بۆ ناسینی ڕاستیی رەها.

پێوەندی خودا و جیهان، (یەک و جیهان) لەلایەنی فەلسەفییەوە دەکاتە یەکبوونی بوون و لەلایەنی سۆفیگەریشەوە دەیکاتە یەکبوونی شهوود. واتا پێوەندی یەک و جیهان بە ئامرازی ئیشراقی تەفسیر دەکات.

تێگەیشتنێکی کوردانە بۆ بوون و زانین و ناسین و خودا و پێوەندی عیشق و ڕاستی پێشکەش دەکات.

جیهانێکی هزری، هونەری توانادار و سۆزدار و ڕەسەن و قووڵ پێشکەش دەکات، ڕەگوڕیشاڵەکانی بە جیهانی بەرزەک و هەرێمی موقەدەس دەگەن، موقەدەسێکی هونەری و فەلسەفی و سۆفیگەری.

## پاشكۆ

## دەقی بەیتی هەی ئاڤ و ئاڤ

(١)

هەی ئاڤ و ئاڤ هەی ئاڤ و ئاڤ
ما تو ب عشق و موحبەتێ
پێلان د دی خورت و بەلاڤ
بێ سەكنی و بێ ڕاحەتێ

(٢)

بێ ڕاحەت و بێ سەكەنی
یان عاشقێ یا خوە خوەنی
یان شوبهەتا قەلبێ منی
ژ عشقا كێ ناتەبتێ

(٣)

ژ عیشقا كێ هەر تێی و تێی
هەتا كەنگی هەر بێی و بێی
بۆ من بێژە حەیرانی كێی
دا ئەز بزانم قیسەتێ

(٤)

دا ئەز بزانم ڤێ سرێ
ژ هندەكێ هەتا پرێ

ژ مەعنیا ڤێ گورگوڕێ
ژ کێرا دکی ڤێ تاعەتێ

(٥)
ژ کێ ڕا دکی زکرێ ب حال
قەت کشکشێ ناکی بەتال
تەشبیە من رەهەت و عەمال
شەڤان ڕۆژان خەو نەتێ

(٦)
شەڤان و ڕۆژان بێ خەوی
ژ محبەتا کێ دتەوی
شەڤ تارییان قەت نەخەوی
ژ ئەمری کێ ڤلەز کەتێ

(٧)
هەی ئاڤ مال خراب ب بەز
ژ عەردەکی تو تێی ب لەز
سەوداسەری وسا ژ ئەز
تو وەها دهەری خزمەتێ
(٨)
خزمەت دکی بی پێ و دەست
چەندی دکی چوونا گوهەست
خودێ نەگۆ گاڤەک نەوەست
دایم دچی دەنگێ تە تێ

(٩)

دەنگێ تە تێ ب ڕۆژ و شەڤ
تاعەت دکی بێ قەلب و دەڤ
پێل ڕا ددن ژ مەوجێ کەف
شین بووی ژ ڕەنگێ قودرەتێ

(١٠)

گەه گەه سپی تەشبی بەشیر
مسلی تە قەت ناچن چو تیر
دەنگێ تە تێ یار تێتە بیر
مێلا حەبیبێ ب چوونا تە تێ

(١١)

لازم تە مەحبووبەک هەیە
یان مەیل و مەتلووبەک هەیە
یان دۆست و مەنسووبەک هەیە
لەو بێ لیباس و کەسوەتێ

(١٢)

لەو بێ لیباس و تازی ییی
د شێر و ڕەقس و گازی یی
ژ کێرا دکی عشق بازی یی
ڕەمزان و خۆش ئیشارەتێ

(١٣)

ڤان تەشبيهان ژ كێرا دكى؟
ڕەمز و سەوادان فيكرا دكى
حەميان ژ بال خوە را دكى
دگەڕى ژ مەحەلا غوربەتێ

(١٤)

دگەرى د ڤێ پيرە دنێ
قەت نانڤى ناسەكنێ
ڕەنگ شوبهەتێ قەلبێ منێ
ژ ميحنەتا ئەو زەحمەتێ

(١٥)

زەحمەت بەرى محبەت كەشى
تو نازكى تەبعەت خوەشى
بێ ڕووح ل عەردا دمەشى
بێ دەست و پێ تو ژ كوڤە تێ

(١٦)

بێ دەست و پێ بێ چەنگ و پەڕ
ئەڤ پێل و مەوج و فەتل و گەڕ
پەيدا دبن ژ تە كەڕ و فەڕ
ناكى بەيان ڤێ عيللەتێ

(١٧)

ڤێ عیللەتێ بەیان بکە
تۆ ڤێ سرڕێ پەنهان بکە
جارەک ل من عەیان بکە
دا سەح بکین حیکایەتێ

(١٨)

دا سەح بکین ڤی مەسئەلێ
جوزئەک ژ بەحسا ئەووەلێ
بنیاد بۆنا مەنزەلێ
دەوران و چەرخا خیڤەتێ

(١٩)

خیفەتا عالەم د ناوی
ژ بەر کەتا فەیز و گولاڤێ
من تەمەننا کر ژ ئاڤێ
ژ مەعنییا حەقیقەتێ

(٢٠)

حەقیقەتا ڤان جەوهەران
مەعریفەتا عەناسیڕان
پەنهان نەکە ژ یار و بران
بێ فەم ببێژە حیکمەتێ

(٢١)
بێ فەم و قیل و قال ببێژ
ژ من را ب لەفزێ حال ببێژ
هەر (میم و حێ و دال) ببێژ
شەرح و بەیانا کاغەتێ

(٢٢)
ڤێ کاغەتێ ئیسبات بکە
قەید و سرٖ ئیختیار بکە
قەنج ڤێ سرٖێ بنیا بکە
دا ئەم بزانین رەبێیەتێ

(٢٣)
دیدار و دینا سەرتەمی
ئاڤێ ب ڕەببێ عالەمی
تو حادیسی یان قیدەمی
یان تە نزانی حیکمەتێ

(٢٤)
ڕۆژەک ژ بنیادا مەزن
گەر چ نە مەشڕووح ئەشخن
بینا قەدەح ژ هاتە من
ئەو بین ژ بنیادا تە تێ

(٢٥)

یانێ ژ بنیادا دەلال
پۆڕێ ل من کو چەند سال
قەت کەس نەکر ئەڤ ڕەنگ سوئال
هەتا نها ڤێ سەعەتێ

(٢٦)

هەتا گهامە ڤێ دەمێ
جا یەک نەبوو ڤێ عالەمێ
عەبدەک ژ پشتا ئادەمێ
ب فکرادا هەوالێ شەتێ

(٢٧)

کەهنی دزێن شەت ژێ دچن
هەنگێ خودێ دان ئنس و جن
ئادەم نەکر پرسەک ژ من
نەژ ئەنبیا یێ ئۆمەتێ

(٢٨)

پێغەمبەران عەقڵ هەبوون
قەت هەوجەیێ پرسان نەبوون
مەکسی دبێ ئاڤێ وەبوون
وان دەست گەها بوو سوحبەتێ

(٢٩)

ئەو سوحبەتا جارا ئەول
پێغەمبەران دزانن شوغل
عەیبە ل بال ئەهلێ عەقڵ
تەفتیش بکەن مەعریفەتێ

(٣٠)

مەعریفەتێ تەفتیش بکن
پرسێ ژ بوونا پیش بکن
قەنچ ڤێ قسێ تەفتیش بکن
ژ عارفان کەرامەتێ

(٣١)

خەلکێ خودێ عەقڵ کرن
هەم عارف و کەمال کرن
نوورەک د دلدا هلکرن
ئەسلێ قسا وی پێ کەتی

(٣٢)

یێ میسلی من بێ عیلم و خەت
مەجنوونەکێ حەیوان سیفەت
تەفتیشا پرسان ئەو دکەت
لەوما کولیپە ل ئۆممەتێ

(٣٣)

پرسا (فەقێ) بێ جە نەبوو
لەو ڕا د قورئانێ هەبوو
عەرشێ خودێ ل سەر تە بوو
ئاڤێ گەلۆ بیرا تە تێ

(٣٤)

ئاڤێ جەواب دایە سوخەن
ئەزمان نەبوو ب حال گۆتە من
ڕەمزێن د پادشاهێ مەزن
سوبحان ژ وێ سەلتەنەتێ

(٣٥)

سوبحان ژ مەعبوودێ ل سەر
کێ دی ژ خودێ کت خەبەر
ئەم جارەکی ئینانە دەر
کەچ بوون د کەنزا قودرەتێ

(٣٦)

کەچ بوون د کەنزا  ئەقدەمێ
باخوە ژ عەشقا ئادەمێ
ئینانە کارێ عالەمێ
زاهر کرن ڤێ سوڕەتێ

(٣٧)

زاهر كرن چار باكره
ئاڤ و هەوا خاک ئاگره
حەیوان هەمی ژ چێ كره
دار و نەباتا كسوەتێ

(٣٨)

دار و نەبات لەعل و زەر
حەیوان ئەسنافین د سەر
تەیر و تویوور و دەعبەوەر
تەركیب كرن ژ نوتفەتێ

(٣٩)

چ تشت پیچه نافەرجن
ئینسان ژ تینی خارجن
لەو جن ژ ناری مارجن
ڕۆژەک ژ من یەک تەبعەتێ

(٤٠)

چار تەبعەتین ڤێكرا زدین
هن ئاتەشین هن باردین
د بەحرا هەیوولا د واردین
مەلبووس كرن ب ڤێ وجهەتێ

(٤١)

ب چار وەجهان ئەم یابسین
قەدیم یەکە ئەم حادیسین
لەوما ژ تینا یابسین
هندی دخوازن ڕەفعەتێ

(٤٢)

هەم سوفلەوی بازی دکن
هەم مەیلی ئەفڕازی دکن
هەم کەینوون هەم گازی دکن
جارەک بینن ڕەویەتێ

(٤٣)

جارەک بینن ئەم چا خوەهین
بێ مەسلەحەت نا کەڕهین
ژ مەشیەتێ نا بەتهین
جودا کرن ژ وەسفیەتێ

(٤٤)

ژ وەسفەتێ جودا کرن
ژ سوحبەتێ ئەم ڕاکرن
حەتتا قیام سەودا کرن
سەرگەشتەبوون د حیرەتێ

(٤٥)

د حیرەتێ سەرگەشتە بین
قائیم ل سەر زاتێ خوە بین
چاردە تەبەق کارێ وە بین
ڕابوو ژ مازا غەفلەتێ

**ژێدەر:**

**یەکەم- کتێبێن کوردی:**

١. صادق بهاءالدین ئامێدی. هۆزانڤانێت کورد. له چاپکراوکانی کۆڕی زانیاری عێراق. دەستەی کورد. چاپا یەکێ ١٩٨٠

٢. مارف خەزنەدار. مێژووی ئەدەبی کوردی. بەرگی دووەم. سەدەکانی چواردەم-هەژدەم. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. چاپی یەکەم ٢٠٠٢

٣. عیزەدین مستەفا رەسول. مێژووی ئەدەبی کوردی. بەرگی یەکەم.

٤. سەعید دێرەشی، دیوانا فەقیێ تەیران. دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ. ٢٠٠

٥. وەصفی حەسەن ڕدێنی، بەیتا زەمبیل فرۆش.

٦. عەبدولحەمید حوسەینی (سەپان). دمدم و حەماسەی خانی لەپزێڕین. لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی چەند دەقێکی بەیتی دمدم بە شێوەزاری کورمانجی و موکریانی. لە بڵاوکراوەکانی ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد- سلێمانی ٢٠١٧

٧. سەروەر عەبدوڵڕەحمان عومەر. کارەساتی قەڵای دمدم.لە چاپکراوەکانی ئینستیتیوتی کەلەپووری کورد-سلێمانی ژمارە ٧٦. ساڵی ٢٠٠٨

٨. ڕەشید فندی. گەڕیانەک د ناڤ باغێ ئەدەبی کوردی دا، ژ وەشانێن ئێکەتیا نڤیسکاڕێن کورد- دهۆک١٤/ ٢٠٠٥

٩. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، سۆفیگەری. شیعری ئایینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا. چاپی یەکەم. هەولێر ٢٠٠١ لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

**دووەم- کتێبێن عەرەبی:**

١. هيفرو محمد علي، المعرفه وحدودها عند محيى الدين بن عربي، التكوين.

٢. ر. أ نيكلسون. الصوفيه في الاسلام. ترجمه و علق عليه: نورالدين شربيه. مكتبه الخانجي بالقاهره. الطبعة الثانيه. ٢٠٠٢

٣. اسعد السحمرانى، التصوف. منشؤه ومصطلحاته. دارالنفائس. بيروت لبنان. الطبعة الثانية ٢٠٠٨

٤. محمد علي الصويركي، معجم اعلام الكرد.

**سێیەم- فەرهەنگ:**

١. فەرهەنگی کوردستان

٢. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە

٣. فەرهەنگی خاڵ

**چوارەم- ماڵپەڕ:**

1. www.historyofkurd.com